عەبدولجەبار مستەفا مەعروف

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف

# دروستەی فرێز
# لە زمانی کوردییدا

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

- نووسینی: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف
- ناوی کتێب: دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا
- پیتچنین: نووسەر
- سەرپەرشتیاری چاپ : بڕیار فەرەج کاکی
- بەرگ: کەمال عەلی
- لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی
- ژمارەی سپاردن: ١٠٧٣/ ساڵی٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە.
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- زنجیرە: ٤٩

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، کانی ئاسکان – شەقامی ٣، گەڕەك/٢٠٥، ژ. خانوو/٢، ژ. پۆست/٩٥
تەلە فۆن: ٣١٩٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

# ناوەرۆك

بابەت


پێشەكی . ........................................................................ ٧
بەشی یەكەم : دروستەی چەشن و جۆرەكانی فریز لە (ش ز س)دا.................. ٩-٨٩
بەشی دووەم : دروستەی چەشن و جۆرەكانی فریز لە (ش ز ھ)دا..................... ٩١-١١٥
بەشی سێیەم : دروستەی چەشن و جۆرەكانی فریز لە (د ك ژ)دا.................... ١١٧-١٤٢
ئەنجام . ........................................................................ ١٤٣
پوختە. ........................................................................ ١٤٥
Abstract. ........................................................................ ١٤٧
هێما و كورتكراوەكان. ........................................................................ ١٤٩
لیستی زاراوەكان. ........................................................................ ١٥١
سەرچاوەكان. ........................................................................ ١٥٥

**پێشکەشە بە:**

- **دایك و باوکم**
- **هاوسەرو جگەرگۆشەکانم (گەلاّ، گەزۆ، گلێنە).**
- **خوشك و براکانم.**
- **هاورێکانم.**
- **هەموو ئەو بەرێزانەی، کە بۆ زمان و دۆز و خاکی نەتەوەکەم کاری دلّسۆزانە دەکەن.**

# پێشەکی

لە رابردوودا هەستی نەتەوایەتیی و ئارەزووی کارکردنی زمانەوانیی لەسەر زمانی کوردیی، ببووە بنەمای کاری هەندێك دڵسۆزی نەتەوەکەمان، بەڵام لە دوا دووی دەیەیی سەدەی بیستەمەوە، لە رێی کەسانی ئاکادیمیی میللەتەکەمانەوە، هەوڵدراوە، کە بۆ زمانەکەمان کار بە قوتابخانەی زمانەوانیی بکرێت. لەو دەمەوە رەوتە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردییدا دەرکەوتن و بە هەموویان خزمەتی رێزمانی کوردییان کردووە. بە گشتی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردیی کراون، بە جیا لە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان کۆڵیوەتەوە. لەم کتێبەدا لەسەر بنەمای سینتاکس_دروستە کار بۆ سەلماندنەوەی دیالێکتەکانی زمانەکەمان کراوەو بە پێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە هەوڵ دراوە یاساو مۆدێلەکانی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە دیالێکتەکانی زمانی کوردییدا دەستنیشان بکردێت. لەلایەکی دیکەشەوە، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا دەربارەی دروستەی فرێزەکانی زمانەکەمان کراون، جێکەوتەی فرێزەکانیان بۆ ناسینەوەی چەشن و جۆرەکانی فرێز کردووەتە سەنگی محەك، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا جگە لە جێکەوتە، بایەخی سەرەکی بەجیاوازیی دروستەیی بۆ ناسینەوەیان دەدرێت.

کەرەستەی فرێزەکان لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو، خواروو و گۆرانەوە وەرگیراون. سەبارەت بە (د ك ژ) کەرەستەی ناوچەی دهۆك بەکارهێنراوە، بەڵام بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو لە (ش ز س) ــ شاری سلێمانیی و بۆ گۆرانیش لە (ش ز ه) ــ ناوچەی تەوێڵە، کەرەستەکان بەدەستخراون. گشت داتاکانیش لە ئاخێوەرانی شێوەزارەکان کۆکراونەتەوە، نەك لە بابەتی نووسراو.

شایانی گوتنە ئەم کتێبە بە تەنها کاری نووسەر نییە، بەڵکو نامەیەکی ماستەر بووەو لــە ســاڵی (٢٠٠٥)دا لــە بەشــی کــوردیی کۆلێــژی زمــانی زانکــۆی ســلێمانیی بەسەرپەرشتی (د. محەمەدی مەحویی) بەئەنجامگەیەنراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو سێ بەشەی خوارەوە پێکهاتووە. سەرەڕای ئەوەی لە هەر بەشێکدا وردە ئەنجام هەیە، لە کۆتاییــشدا ئــەو ئەنجامانــەی ســەبارەت بــە دروســتەی فرێزی هەر سێ شێوەزارەکە دەستکەوتوون، خراونەتە روو.

بەشی یەکەم:

بەشی یەکەمی ئەم نامەیە بۆ خستنەڕووی دروستەی چەشــن و جۆرەکـانی فرێز لە (ش ز س)دا تەرخانکراوە، لە ئەنجامەکەشیدا گشت یاسا دەستکەوتووەکان لە پارێکدا کۆکراونەتەوە.

بەشی دووەم:

ئەم بەشە، بەشێکی پراکتیکییە و تیایدا گشت ئەو یاسایانەی بۆ دروستەی فرێزەکـانی (ش ز س) چــنگکەوتبوون، بەســەر ئەوانــەی (ش ز ھ)دا تاقیدەکرێنــەوە، پاشان خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەو دوو شێوەزارە لە پارێکدا خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم:

ئەم بەشەش وەك بەشی دووەم، بەشێکی پراکتیکییە و تیایدا هەمان ئــەو یاسایانەی بۆ دروستەی فرێزەکانی (ش ز س)و (ش ز ھ) دۆزرانــەوە، بەســەر ئەوانــەی (د ك ژ)دا تاقیدەکرێنەوە، لە کۆتایشدا جیاوازیی ئەمان و ئەوانــەی (ش ز س) و (ش ز ھ)، نیشاندراون.

نووسەر

# بەشی یەکەم

## دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە شێوەزاری سلێمانییدا


بەشی یەکەم ........ ٩٠-٨٩

١/١) دیاریکردنی فرێز و چەشنەکانیان. ........ ١١

٢/١) فرێزو چەشنەکانی. ........ ١٣

١-٢/١ فرێزی ناویی. ........ ١٣

١-١-٢/١) دیارخەرەکان. ........ ١٦

١-١-١-٢/١) ناسراویی و نەناسراویی. ........ ١٦

٢-١-١-٢/١) وشەی نیشانە. ........ ١٩

٢-١-٢/١) هاوبەشیی و جیاوازیی ناسراویی و نەناسراویی لەگەڵ وشەی نیشانە........ ٢٢

٢/١- ٢ ) فرێزی دیارخەریی. ........ ٢٦

٢/١- ٢-١ )جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو. ........ ٣٢

٢/١- ٢-١-١) دەرخەرەکانی پێش دەرخراو. ........ ٣٢

٢/١- ٢ - ٢)سەرەو ریزبوونی دەرخەرەکان. ........ ٣٥

٢/١- ٢-١-٢) دەرخەرەکانی دوای دەرخراو........ ٣٦

٢/١- ٢ -٣)جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (ش ز س)دا........ ٣٧

٢/١- ٢ -٤)دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەریی. ........ ٣٨

٢/١- ٣ ) دروستەکانی فرێزی ناویی. ........ ٤٢

٢/١ ـ ٣ـ١ ) فرێزی ناویی سادە. ........ ٤٢

٢/١ ـ ٣ـ١ـ ١ ) دەرخەرەکانی فرێزی ناویی سادە. ........ ٤٤

٢/١ ـ ٣ـ٢ ) فرێزی ناویی خستنەپاڵ. ........ ٤٥

١/١ ـ ٣ـ٢ـ ١ ) خستنەپاڵی خاوەنداریی. ........ ٤٥

٢/١ ـ ٣ـ٢ـ ٢ ) خستنەپاڵی تایبەتیی. ........ ٥٤

٢/١- ٤) فرێزی ئاوەڵناویی. ........ ٥٨

٢/١-٥) فرێزی پێشناویی و فرێزی ئاوەڵکرداریی. ........ ٦٦

٢/١-٦) فرێزی کرداریی. ........ ٧٤

٢/١-٧) فرێزی خستنەتەکیەك. ........ ٨١

٣/١) کۆی یاساکان ........ ٨٤

### ١/١) دیاریکردنی فرێز و چەشنەکانیان

جیاکردنەوەی وشە و مۆرفێمەکانی رستە، جیاکردنەوەی پێکهاتە سنتاکسییەکانی نابەخشن. رستە لە وەچەپێکهاتە و فرێزەکانی پێکهاتووە، کە لە خودی رستەدا بە کەتەگۆرییە سینتاکسییەکان ناسراون. ئەگەر رستە لە وشە دروستببوایە، ئەوا دەتوانرا وشەکان بە ویستی مرۆڤ بقرتێنرێن و لە تەکیشیدا هەر دروستەی رستەیەکی رێزماندروست و واتاراست دەستبکەوێت (بڕوانە(١)).

١) ا - منداڵەکە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە.

ب ـ *منداڵەکە لەسەر کورسییەکە

پ ـ *منداڵەکە لەسەر

ت ـ *منداڵەکە لە

ج ـ *منداڵەکە

چ ـ *منداڵ

ڕستە لە دوو وەچەپێکهاتە پێکدێت، کە وەچەپێکهاتەکانی بەشی بکەریی و بەشەکرداریین. لە رستەیەکی سادەدا، بەشی بکەر هەمیشە جێکەوتەی فرێزێکی ناوییە و بەشەکردارییەکەش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە[١]. ئەو دوو بەشە هەبوونیان لە ناو دروستەی رستەدا خورتییە. کەواتە لە چێوەی ئەو وەچەپێکهاتانەدانین، کە دەتوانرێن لابرێن. هەرچەندە لەبەرئەوەی زمانی کوردی (شێوە زاری سلێمانی) یەکێکە لەزمانە بکەرخراوەکان، دەتوانرێت بکەر بە فۆنەتیکیی دەرنەبڕدرێت[٢]. بەڵام نوێنەری بکەرەکە، کە جێناوێکی دەرنەبڕدراوە، لە جێکەوتەی فرێزی ناویی بکەردایە، لە (١_ا)دا (منداڵەکە) فرێزی ناویی بکەرییە و (لەسەر کورسییەکە دانیشتووە) بەشە کردارییەکەیە. لە دروستەی بەشەکردارییەکەیدا دروستەیەکی وەك (لەسەر کورسییەکە)، کە پێکهاتەیەکی ناو پێکهاتەیەکی گەورەترە، سەرپشکییە و دەتوانرێت لاببرێت.

---

١) Noel Burton-Roberts (1997:31)

٢) محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٤٥)

بـــۆ ئـــەوەی چـــەند وشـــە و مۆرفێمێـــك وەك وەچـــەپێكهاتە بناســـرێنەوە و دەستنیشانبكرێت، پێویستە ئەم مەرج و تایبەتمەندییانەی خوارەوەی تیادابێت :[3]

ا) هـــەر وەچـــەپێكهاتەیەك لـــە رووی دابەشـــبوونەوە وەك یەكەیـــەكی دروســـتەیی رەفتاردەكات و لە جێكەوتەی دیكەی رستەدا وەك تەنیا یەكەیـەك دەردەكەوێتـەوە، واتە بەشەكانی یەكەیەكی پێكەوە بەستراون و پێكەوە لە جێكەوتـەی تـری رسـتەدا دەردەكەون. شیكردنەوەكەمان لەسەر نموونەی ژمارە (٢) رووندەكەینەوە.

٢) جوتیارەكە نەمامەكەی چاند.

نموونـەی ژمـارە (٢) رسـتەیەكە، كـە لـە دوو وەچـەپێكهاتە پێكهـاتووە. بـریتین لـە (جوتیارەكە، نەمامەكەی چاند) دووەمیان دیسان دوو وەچـەپێكهاتەیە (نەمامەكـە، چـــاند). هەریەكـــەیان وەك یەكەیـــەك رەفتاردەكـــەن و لـــە جێكەوتـــەی تـــردا دەردەكەونەوە. جیاكردنەوەی وەچەپێكهاتەكان لە یـەكتری دەبێتـە هـۆی تێكـچوونی دروستەكەیان و دروستەی رستەكەیش ( بڕوانە(٣)و(٩)).

٣) ا ــ *ەكە نەمامەكەی جوتیار چاند.

ب ــ *جوتیارەكە ەكە نەمام چاند.

ب ) وەچەپێكهاتە رێگە بە هێنانەناوەوە و تێئاخنین نادات، هێنانەناوەوە تەنیا لـە جەمـــسەرەكانەوە رێگـەی پێـدەدرێت. وەچـەپێكهاتەی (جوتیارەكـە) دەشـێت لـە جەمسەری پێشەوە و لەجەمسەری دواوەوەی فراوانبكرێت (بڕوانە(٤_اب)). بەڵام لە ناوەوە رێگە بە هێنانەناوەوە و تێئاخنین نادرێت (بڕوانە(٤_پ)).

٤) ا ــ دوو جوتیارەكە نەمامەكەیان چاند.

ب ــ جووتیاری دێكە نەمامەكەی چاند.

پ ــ *جوتیارانی دراوسێكەم نەمامەكەی چاند.

پ ) جێناوێـك دەتوانرێـت لـە جێگـەی وەچـەپێكهاتەكە دابنرێـت. (٣) و (٤،٥) بەراورد بكە.

٥) ا ــ ئەو نەمامەكەی چاند.

---

٣) محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤ : ٣٨)

ب ــ ئەوان نەمامەکەیان چاند.
بەڵام لە وەچەپێکهاتە ئاڵۆزەکاندا (ئەوانەی لە دوو فرێز و زیاتر پێکهاتوون) دەتوانرێت بەشێکی وەچەپێچکهاتەکە بکرێت بە جێناو، چونکە جێناو لەوەچەپێکهاتەیەکدا جێی فرێزی ناویی و دیارخەریی دەگرێتەوە( بڕوانە(٦، ٥ــا)).(دەربارەی ئەوەی، کە {کوڕ} فرێزێکە بڕوانە: (٢/١- ٢-اب) )
٦) ا ــ کوڕی زیرەك خۆشەویستە.
ب ــ ئەوی زیرەك خۆشەویستە.
ت ) جێکەوتەی وەچەپێکهاتەیەك دەتوانرێت بە وشەیەکی پرسیاری گونجاو ئاڵوگۆڕ بکرێت (بڕوانە(٧ــاب)، یان دەتوانرێت پرسیار لە بەشێکی وەچەپێکهاتەکە بکرێت (بڕوانە ٦ــ پ)). (دەربارەی ئەوەی، کە {جوان} فرێزێکە (بڕوانە( ٢/١- ٤)).
٧) ا ــ شاری سلێمانی سروشتێکی جوانی هەیە.
ب ــ کوێ سروشتێکی جوانی هەیە؟
پ ــ شاری سلێمانی سروشتێکی چۆنی هەیە؟
ج) وەچەپێکهاتە دەتوانرێت لە دەقی گونجاودا بقرتێنرێت و لابرێت (بڕوانە: (٨ــاب)).
٨) ا ــ نە تۆم دیوە و نە ئەوم دیوە. ←── ب ــ نە تۆم دیوە و نە ئەو.
فرێز پێکهاتەی ناو وەچەپێکهاتەیەکە، دەشێت وەچەپێکهاتەیەك فرێزێك یان چەند فرێزێکی لە خۆگرتبێت.
پاشئەوەی لەسەرەوە روونکردنەوەمان لەسەر فرێز دا، لەم کۆتاییەدا ئەم پێناسەیەی خوارەوە وەردەگرم و دەپەڕێمەوە بۆ چەشنەکانی.
فرێز: بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك ، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسیی گۆکردنێکی سینتاکسیی هەبێت و لە جێکەوتەی تری رستەدا وەك ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێتەوە.[٤]

٤) Noel Burton-Roberts (1997:14)

### ٢/١) فرێزو چەشنەکانی

#### ١-٢/١) فرێزی ناویی

بناغەی فرێزی ناویی ناوێکە، کە سەری واتاییەتی [٥]. (ف ن) لە جێکەوتەی تردا دەردەکەوێتەوە. بەو هۆیەوە دەتوانێت لەڕستەدا گۆکردنی بکەریی و بەرکاریی هەبێت، (بڕوانە(٧_ اب پ)).

٩) ا- جوتیارەکە نەمامەکەی چاند. (لە گۆکردنی بکەرییدایە )

ب ـ من جوتیارەکەم بینی. (لەگۆکردنی بەرکاری راستەوخۆدایە )

پ ـ من خواردنم بۆ جوتیارەکە هێنا. (لە گۆکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆدایە)

فۆرمی (جوتیارەکە) فۆرمێکی یەك مۆرفیمی نییە، واتە وشەیەك نییە، بەڵکو بەپێی یاسای دروستەی فرێزی ناویی دروستبووە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا تاکە وشەیەك دەتوانێت، وەك فرێزێکی ناویی دەرکەوێت ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە بەتاقیکردنەوە بسەلمێنرێت. شیکردنەوەکە لەسەر نموونەی (١٠) ڕووندەکرێتەوە.

١٠) *کوڕ چوو بۆ بازاڕ.

لەدوو ڕووەوە ناتوانرێت، (کوڕ) لەو جێکەوتەیەدا دابنرێت :

ا) مۆرفیمە دیارخەریەکان نیشانەی [ناسراویی] یان [نەناسراویی] بەبناغەکە دەدەن. کەواتە ناوی (کوڕ) بەهۆی (ەکە ،ەکان، ێك)ەوە، ئەو نیشانانە وەردەگرێت، کە لە(١١)دا دیاریکراون:

١١)

| ەکە | ەکان | یەك/ێك | ان |
|---|---|---|---|
| +ناسراو | +ناسراو | - ناسراو | ـ ناسراو |
| +دیاریکراو | +دیاریکراو | - دیاریکراو | ـ دیاریکراو |
| +تاك | +کۆ | +تاك | + کۆ |

بە جێبەجێکردنی پرۆسەی لکاندنی مۆرفێمی دیارخەرەکان (١٢_ ا ب پ ت) دەستدەکەون:

(٥ Noel Burton-Roberts (1997:14)

١٢)  أــ كوڕەكە

ب ــ كوڕەكان

پ ــ  كوڕێك / یەك كوڕ

ب) ئەو ناوانەی بە مۆرفێمی / ــ ان/ دەكرێن بەكۆ و هەندێك لەو ناوانەیش، كە دەشێت قورسایی تایبەتیان بخرێتەسەر و لەم رێیەوە نیشانەی  [+ گشتیی ] و [+ كۆ ] وەربگرن، ئەوجا دەتوانن، وەك فرێز گۆكردنی رێزمانیان هەبێت ( بڕوانە(١٣_ ا ب) و (١٤_ ا ب) ).

١٣) ا ـ  پیاوان گەیشتن.

ب ـ پیاو كاری وەها ناكات.

١٤) ا ـ  پڵنگ ئاژەڵێكی گۆشتخۆرە.

ب ـ  ئاو لە پلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت.

(١٣_ أ) ئەو راستیە ئاشكرا دەكات، كە ئەوناوەی بە /- ان/ كراوە بەكۆ یان بە مۆرفیمێكی كۆی دیكەی وەك (كوڕگەل، میوەهات، دێهات،. ..) نیشانەی كۆی پێدراوە، بەقورسایی خستنەسەر گۆكردنی فرێزی ناویی دەبێت.

بەم پێیە {پیاوان} نیشانەكانی [+كۆ، +جیاكراوە] ی هەیە، بەڵام (پیاو) لە (١٣-ب)دا و (پڵنگ و ئاو) لە (١٤- ا ب)دا، كە هەمان گۆكردنیان هەیە، تەنها بە قورسایی خستنەسەر هەمان نیشانەیان وەرگرتووە و هەمان گۆكردنیشان هەیە.

بەهەمان واتا و هەڵسوكەوتی (١٤_ ا ب)ەوە رێگە بە (١٥_ ا ب) نادرێت. هۆكەشی بۆ  ئەوە دەگەڕێتەوە، كە هەردوو ناوەكە لە [+ گشتی ] و [+ كۆ ] خراون.

١٥) ا- *پڵنگەكە / پڵنگێك ئاژەڵێكی گۆشت خۆرە

ب ــ *ئاوەكە / ئاوێك لەپلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت.

لە (١٦_اب)دا دوو وشەی دیكە تاقیدەكرێتەوە:

١٦) أ ــ ئازاد چوو بۆ بازاڕ.

ب ــ ئەو چوو بۆ بازاڕ.

بەهەمان شێوە دەتوانین هەردوو وشەی (ئازاد ) و (ئەو) لە (١٦)دا، بە فریزی ناویی ناوبنرێت، چونکە: ا) ناوی تایبەتی و جێناو لەناو خۆیاندا خاوەنی نیشانەی واتایی [+ ناسراوی] ین[٦].

ب) هەردوو وشەکە بەتەنها لە جێکەوتەی فریزی ناوییدان و گۆکردنی بکەرییان هەیە و دەشتوانن لە جێکەوتەی تردا دەربکەونەوە و گۆکردنی دیکەیان هەبێت، وەك لە (١٧_ ا ب پ) و (١٨_ ا ب پ)دا دیارن:

١٧) أـ ئازاد چوو بۆ بازاڕ.

ب ـ من ئازادم بینی.

پ ـ کراسێکم بۆ ئازاد کڕی.

١٨) أ ـ ئەو چوو بۆ بازاڕ.

ب ـ من ئەوم بینی.

پ ـ کراسێکم بۆ ئەو کڕی.

بەتاقیکردنەوە سەلمێندرا، کە فریزی ناویی دەتوانێت یەك وشەی گشتیی و تایبەتیی و جیاکراوە و ناسراو و نەناسراو بێت.

### ٢/١–١–١) دیارخەرەکان[٧]

### ٢/١–١–١–١) ناسراویی و نەناسراویی

سەرەکیترین جۆری ئارتیکڵەکان (/ـ ەکە/،/ ـ ێك/، / ـ ەکان/، /ـ ان/)ن، کە دەستەیەکی دیارخەری ناسراویی و نەناسراویی کەتەگۆری ناون. ئارتیکڵەکان پێکهێنەری دروستەی فریزی ناویین و لە ناو فریزی ناوییدان.

بۆ ناسراویی تاك و کۆ فۆرمەکانی (ەکە، ەکان ) و بۆ نەناسراویی تاك و کۆش فۆرمی (ێك، ان) هەن. ئەم مۆرفێمانە ئەونیشانانەیان هەیە ،کە لە (١١)دا خرانەڕوو، بەڵام ئەمانە فۆرمە سەرەکیەکانیانن، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، کە هەر

---

٦) Noel Burton-Roberts (1997:155)

٧) دیارخەر سەرەناوێکە بۆ مۆرفێمەکانی ناسراویی و نەناسراویی و وشەی نیشانە.

فۆرمێکی تر لەجێی ئەوانەدا دەرکەوت، ئەوا ئـەلۆمۆرفی ئـەوانن، وەك لـە (١٩_ ا ب)دا دیارن :

| | |
|---|---|
| ١٩) أ ــ کوڕەکە - ەکە | ب ــ کوڕێك - ێك |
| پیاوەکە - ەکە | مامۆستایەك - یەك |
| ماسییەکە - یەکە | چەقۆیەك - یەك |
| چەقۆکە - کە | ماسییەك - یەك |
| مامۆستاکە - کە | |

بەپێی کردەی جێنشینی دەرکەوت، کـە (ەکـە، یەکـە، کـە ) ئـەلۆمۆرفی مـۆرفێمی /ەکە/ن ، هەروەها (ێك، یـەك ) ئـەلۆمۆرفی مـۆرفێمی /ێـك/ن (بڕوانـە(٤٥_ب))، هەر بە هەمان کردە دەرکەوت، کە دیارخەرەکان تەنیا لەگەڵ کەتەگۆری ناودا دێـن. بەمەش یاسایەکی دروستەیی فرێزی ناویی دەستدەکەوێت، وەك لە (٢٠)دا دیارە.

٢٠) ف ن ⟵ ا ــ ن + دیارخەر

ب ــ دیارخەر+ ن

ئـەو ناوانـەی دیارخـەرەکانیان پێوەدەلکێـت، پێویـستە خـاوەنی ئـەم نیـشانانەی خوارەوەبن:-

١- پێویستە ناوەکە خاوەنی نیشانەی [+ گشتیی ][^8] و [ + ژمێـردراو ] بێـت، بۆیـە دەوترێت [+گشتیی ] چونکە( ناوی تایبەتیی) خۆی لە خۆیدا هەڵگری نیشانەی [ + ناسراویی] یە، بۆیە کەمبەها و زیادەیە، ئەگەر جارێکی تر بە / ـ ەکە/ بکرێتەوە بە ناسراو (بڕوانە(٢١_اب)).

٢١) أ ــ*ئازادەکە هات.

ب ــ*نەوزادەکە هات.

هەرچـەندە زۆر جـار دروسـتەی لـە جـۆری (٢١) روودەدات، بـەڵام لـە چـێوەیەکی داخراوی نێوان دووکـەس یـان زیـاتردا دێـت، کـە (ئـازاد) ناوێـك بـۆلای یـەکێکیان

[^8]: ٨) ئەبوبەکر عومەر قادریش وایداناوە ، کە / ـ ەکە/ بە ناوی گشتییەوە دەلکێت. بڕوانە (٢٠٠٣ : ٢٩)

هاتبێت و ئەم لەوێ نەبووبێت. ئەم روونکردنەوەیە دەتوانرێت، لە گفتوگۆی (٢٢ــ٢٣)دا بخرێتەڕوو:

٢٢) هێمن بە نەبەز دەڵێت :

ئازاد ناوێك هاتبوو بۆ لات، هەواڵی تۆی دەپرسی، تۆ لێرە نەبوویت.

نەبەز : ئا ! ئەو(ئازاد)ە زۆر برادەرمە.

( جارێکی تر نەبەز دەڕواتەوە دەرێ، ئازادەکە دێتەوە )

٢٣- هێمن : ئازادەکە هاتەوە بۆلات، بەلاّم ئەم جارەش لێرە نەبوویت، وتی: تەلەفونی بۆ دەکەم.

کەواتە کاتێك ناوی تایبەتی ناسراوی وەردەگرێت، کە بۆ لایەنی یەکەم نەناسراو بێت.

هەروەها بۆیە دەڵێین ناوەکە [+ ژمێردراو] بێت، چونکە مۆرفیمی ناسراویی و نەناسراویی لە خۆیاندا هەڵگری نیشانەی [+ تاك یان کۆ]ن. لەبەر ئەمەیە، ئەگەر ناوەکە [- ژمێردراو] بێت، ئەوا رێکەوتنی واتایی روونادات، وەك لە (٢٤_ ا ب):

٢٤) أ ــ *ئاو ەکە

ب ــ *ئاو ێك

هەرچەندە لە ئاخاوتنەکانی رۆژانەماندا، دروستەی شێوەی (٢٥_ ا ب)، دێنە بەرگوێ:

٢٥) أ ــ ئاوەکە زۆرساردە.

ب ــ ئاوێکی ساردم بۆ بێنە.

بەلاّم لە (٢٥_ ا) بۆیە دروستەی {ئاوەکە} روویداوە، چونکە لەناو دروستە قوڵەکەیدا ناوێك لابراوە، کە [+ ژمێردراو]ە، وەك لە(٢٦_اب پ ت)دا دیارە.

٢٦) ا ــ ئاوی پەرداخەکە زۆر ساردە. ب ــ ئاوی چەمەکە زۆر ساردە.

پ ــ ئاوی رووبارەکە زۆر ساردە. ت ــ ئاوی کانییەکە زۆر ساردە.

(٢٥_ ب) هەمان یاسای (٢٥_ا)ی هەیە، بەلاّم ئەویش لە دروستەی قوڵییدا ناوێك هەیە، کەنیشانەی [+ ژمێردراو ] ی هەیە (بڕوانە(٢٧)).

٢٧) پەرداخێك ئاوی ساردم بۆ بهێنە.

٢- پێویستە ناوەکە هەڵگری نیشانەی [+کۆ نکرێت] بێت، واتە نابێت ناوەکە ئەبستراکت بێت، چونکە ناسراویی و نەناسراویی، بەپێی ئەو نیشانانەی لە (١١)دا دیاریکران، نیشانەی [+ تاك] یان هەیە، بەڵام ناوی ئەبستراکت، لەبەر ئەوەی چەمك و بیر دەگەیەنێت، ناتوانرێت بژمێردرێت (بڕوانە(٢٨)).

٢٨) أـ *خۆشەویستییەکی زۆر بەهێزە.

ب ـ *خۆشەویستییەکە زۆر بەهێزە.


ئەگەرچی زۆر جار هەندێك دروستەی لە جۆری (٢٨) بەر چاو دەکەوێت، بەڵام کاتێك لە دروستەی {خۆشەویستییەك} و {خۆشەویستییەکە}/ـ ەکە/ و/ ـــ ێك/ بەکاردێن، ئەوا مەبەست بەخشینی نیشانەی [+ تاك] نییە، بەڵکو بۆ ڕێکخستنی نیشانەی [+ ناسراویی] و [+ جیاکردنەوە] یە، ئەویش بۆ جیاکردنەوەیەتی لە خۆشەویستیەکی تر .

چونکە ئەگەر بەبێ ناسراویی و نەناسراویی بەکاری بهێنین ئەوا [+ گشتیی] و[ـ ناسراو ] دەبێت (بڕوانە(٢٩)).

٢٩) خۆشەویستیی لەنێوان کوڕ و باوکدا پێویستە.

لەناو دروستەی فرێزی ناوییدا ناوێك سەرێکە و ئەوانەی لە دەوروبەریدا دەردەکەون، دەرخەرن بۆ ئەو ناوە.[٩] دەرخەریش بەپێ ی ڕێسای سەرکۆتایی دەکەوێتە دواوەو ناوەکە لە سەرەتادایە. بۆ زانینی جێکەوتەی دیارخەر بە هۆی هێڵکاریی ژمارە(١)ەوە دروستەی فرێزی ناویی{کوڕەکە} دەنوێنرێت.

دارِشتەی هێڵکاریی ژمارە(١)




---

٩) Noel Burton-Roberts (1997:36)

### ٢/١-١-١-٢) وشەی نیشانە[١٠]

ئـەمیش کەرەسـتەیەکی دیکەیـە لـەو دیارخەرانـەی، کـە بەشـداریی لـە دروسـتەی نـاوەوەی فرێـزی ناوییـدا دەکـات.  بـە هــەمان شـێوەی مـۆرفێمی ناسـراویی و نەناسراویی، دەبنە دەرخەری ناوێك و ناوەکەش وەك دەرخراو وسەری واتایی فرێزەکە گۆدەکات . فۆرمەکانی ئەم وشەی نیشانەیە بریتین، لە (ئەمە — ئەمانە) بۆ فۆرمی تاك و کۆی نزیك، (ئەوە — ئەوانە ) بـۆ فـۆرمی تـاك وکـۆی دوور. [١١] خـاوەنی ئـەو نیشانانەیەکە لە (٣٠)دا دیاریکراون :

٣٠)

| ئەوە | ئەوانە | ئەمە | ئەمانە |
|---|---|---|---|
| +دەستنیشانكردن | +دەستنیشانكردن | +دەستنیشانكردن | +دەستنیشانكردن |
| + جیاكردنەوە | + جیاكردنەوە | + جیاكردنەوە | + جیاكردنەوە |
| + تاك | ـ تاك | + تاك | ـ تاك |
| ـ نزیك | ـ نزیك | +نزیك | + نزیك |

بەم پێیە دەتوانرێت یاسای دروستەیی ئەم فرێزە ناوییە، لە (٣١)دا دابڕێژێت.

٣١- $N + Dem \longrightarrow N^{-}$

پەیکاڵ لەگەڵ یاسـای سـەرکۆتاییدا، بەشـێکی وشەنیـشانانەداڕێژراوەکان دەکەوێتـە جێکەوتـەی بنـەڕەتی دروسـتەکەوە، کـە لـە پـاش فرێزەناوەکەوەیـە. ئـەو (ــ ە)یـە کۆتایی ئەو فرێزە نیشاندەدات، کە نیشانەکراوە(بڕوانە(٣٢)).

٣٢) ا ــ ئەم پیاوە، ئەوپیاوە.

ب ــ ئەو پیاوە باڵابەرزە خوێندکارە.

پ ــ ئەو پیاوە زۆر باڵابەرزە خوێندکارە.

---

١٠) فۆرمەکانی (ئەوە ـ ئەوانـە ، ئەمـە ـ ئەمانـە) بـە وشـەی نیـشانە نـاوزەدکراون ، لەبەرئـەوەی ئەگـەر بەتەنیاش بەکاربێن لە دروستەی قوڵیاندا ناوێك هەیە.  تارا موحسن قادر وایدادەنێت ، کـە ئەگـەر بەتـەنیا بێن ئەوا جێناوی نیشانەن بڕوانە (٢٠٠٤: ١٠٣) ، بەڵام نەبوونی دەرخراو لەو جۆرە دروستانەدا بەڵگەی بە جێناو بوونیان نییە.

١١) ئـەورەحمانی حـاجی مـارف (١٩٨٧ : ٢٦٤) جگـە لـەو فۆرمانـەی نـاوبراو دەستنیـشانیکردووە ، فۆرمەکانی /ئەم / ، /ئەو/بۆ تاکی دوورو نزدیك و فۆرمەکانی /ئەمان/و /ئەوان/یش بـۆ کـۆی دوورو نزدیـك هەن ، کە فۆرمێکی سادەن. لە شێوەی پرسیاریشدا /کامە/ و /کامانە/ن.

ئەو ناوانەی وشەنیشانەکان دەبنە دەرخەریان، پێویستە خاوەنی ئەم نیشانانەی خوارەوەبن :-

١) پێویستە ناوەکە هەڵگری نیشانەی [+ گشتیی]بێت ،چونکە وشەی نیشانە، هەر وەك لە نیشانەکانی (٣٠)دا دیاریکراوە، لە خۆیدا هەڵگری نیشانەکانی [+دەستنیشانکردن] و [+جیاکردنەوە]یە. بۆیە ئەگەر ناوەکە [+ گشتیی] بێت، ئەوا وشە نیشانەکە ناوەکە دەستنیشاندەکات و نیشانەی [+ تاك]یشی دەداتێ، وەك لە (٣٣_ اب)دا دیارە :

٣٣) ا ــ ئەم کوڕە

ب ــ ئەو کوڕە

بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ناوەکە [+ ژمێردراو] بێت، چونکە هەردوو فۆرمی (ئەمە، ئەوە ) نیشانەی تاکێتی و فۆرمەکانی (ئەمانە، ئەوانە ) نیشانەی کۆیان هەیە (بڕوانە(٣٤)). بۆیە ئەگەر ناوەکە [- ژمێردراو] بێت ، ئەوا دەرخراو و دەرخەرەکەی لە نیشانەدا دژی یەك دەوەستنەوە.

٣٤) ا ــ ئەو کوڕانە

ب ــ ئەم کوڕانە

لە (٣٤)دا ناوی (کوڕ ) نیشانەی [+ ژمێردراو]ی هەیە. بۆیە لەگەڵ نیشانەی [+ تاك] و [+ کۆ]ی وشەی نیشانەدا ڕێکەتووە. بەم شێوەیە، (٣٥_ اب پ ت) ڕێگەیان پێنادرێت.

٣٥) ا ــ *ئەو ئاوە

ب ــ*ئەم شیرە

پ ــ *ئەو ئاوانە

ت ــ *ئەم شیرانە

ئەگەرچی دروستەی جۆری (٣٥_ اب پ ت) لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و لە دروستەی گەورەتردا دێنە بەر گوێ، بەڵام وەهای دادەنێم، کە لەناو دروستەی قوڵیاندا ناوێکی [+ژمێردراو] هەبوو بێت و لە دروستەی رووکەشیاندا دەرنەبڕدرابێت (بڕوانە(٣٦_ اب پ ت)).

٣٦) ا ــ ئەو پەرداخەئاوە
ب ــ ئەم دەبە شیرە
پ ــ ئەو پەرداخە ئاوانە
ت ــ ئەم دەبە شیرانە

وەك لــە (٣٠)دا ئامــاژەی پێــدرا، کــە وشــەی نیــشانە هــەڵگری نیــشانەی [+دەستنیشانکردن] ە، بۆیە نابێتە دەرخەری ناوێك، کە [+تایبەتیی] بێـت، چـونکە ناوی تایبەتی لە خۆیدا هەڵگری نیشانەی [+ناسـراویی] و [+دیـارییکراویی]ە، بۆیـە پێویست بە دەستنیشانکردنێکی دیکـە ناکـات. هەنـدێ جـار دروسـتەی لـە جـۆری (٣٧_اب)یش دەبیسترێت.

٣٧) أــ ئەو ئازادە
ب ــ ئەم ئازادە

بەڵام هۆی رێگادان بەو جۆرە دروستانە ئەمانەن :-

ا ـ لابردنی ناوێکی گشتیی، واتە لە دروستەی قوڵی ئەو فرێزەدا ناوێکی دەرخراویی هەبووە و دەرنەبڕدراوە، وەك لە (٣٨)دا دیارە.

٣٨) ئەو کوڕەی ،کە ناوی ئازادە

ب ـ دەستنیشانکردنێکی دیکەی ناوەتایبەتییەکە، لە بارێکدا دەکرێـت، کـە تیایـدا لە نێوان چەند ئازادێکدا ئازادناوێك دەستنیشانبکرێت (بڕوانە(٣٩)).

٣٩) ئەو ئازادەم بۆ بانگ بکە.

٢- ئەو ناوەی وشەی نیشانە دەریدەخات، پێویستە هەڵگری نیشانەی [+کۆنکرێـت] بێت، چونکە ئەگەر دەرخراوەکە بوونێکی فیزیکی نەبێت، ئـەوا بـە وشـەی نیـشانە، ئاماژەی بۆ ناکرێت. بەم شێوەیە رێگە بە (٤٠_ اب پ ت) نادرێت.

٤٠) ا ــ*ئەم خەمە
ب ــ*ئەو خەمە
پ ــ *ئەو خەمانە
ت ــ * ئەم خەمانە

گەلێك جار ئەم جـۆرە نـاوی ئەبـستراکتانە بەیارمـەتی وشـەی نیـشانە دەردەخرێن، ئەویش بۆ مەبەسـتی جیاکردنـەوەی ئـەو نـاوە ئەبـستراکتانەیە لـە کۆمـەڵێك نـاوی

ئەبستراکتی دیکەدا، واتە وشەی نیشانە لەوێدا هەڵگری نیشانەی [+ جیاکردنەوە]یە (بڕوانە(٤١)).

٤١) ئەم خەمەیانم لە هەموو خەمەکانم گەورەترە.

لە ئەنجامدا دەتوانرێت بگوترێت، کە دیارخەرەکان خاوەنی چەپکێك نیشانەی واتایین و بەپێی نیشانەی واتایی ئەو ناوەی پێوەی دەلکێن، یەکێك لەو چەپکەنیشانانەی پێدەدرێت. واتە لە رووی دروستەوە دیارخەر بە هەموو ناوێکەوە دەلکێت، بەڵام پێویستە لە رووی واتاشەوە بگونجێن.

## ٢/١-١-٢) هاوبەشیی و جیاوازیی ناسراویی و نەناسراویی لەگەڵ وشەی نیشانەدا

مۆرفێمی ناسراویی و نەناسراویی و وشەی نیشانە لەناو دروستەی فرێزی ناوییدا، بۆ سەری واتایی فرێزەکە گۆکردنی دەرخەرییان هەیە، کە ناوێکی گشتیی و ژمێردراو وکۆنکرێتە، هەروەها هەردووکیان خاوەنی نیشانەی واتایی ناسراویی و نەناسراویین، زیاتر لەوەیش وشەی نیشانە خاوەنی نیشانەی [+دەستنیشانکردن]یشە، واتە ئەو دوو مۆرفێمە لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، ئەمانەش وایانکردووە، کە هەرگیز ئەو دوو دەرخەرە لە یەککاتدا لە دروستەی فرێزی ناوییدا نەیەن. [12] ( نموونەی ٤٢) ئەمە دەسەلمێنێت.

٤٢) * ئەو کوڕەکە

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جیاوازیانەی خوارەوە لە یەکیان جیادەکاتەوە:-

ا ـ وشەی نیشانە دەرخەرێکی پێشەوەییە، بەڵام ناسراویی و نەناسراویی دەرخەرێکی دواوەن.

ب ـ وشەی نیشانە دەشێت بەتەنیا و بەبێ دەرخراو بەکاربهێنرێت.[(13)] هەرچەندە بۆ کورتکردنەوەیە، بەڵام ناسراویی و نەناسراویی هەرگیز بەتەنیا بەکارناهێنرێت،

---

١٢) فاروق عومەر سدیق لە (تارا موحسن قادر ٢٠٠٤:١٠٤) وەرگیراوە.

١٣) Andrew Radford (1997: 41)

(٤٣_ ا ب) بەرامبەر بەیەك رێیان پێدراوە، بەڵام (٤٤_ ا) بەرامبەر بە (٤٤_ ب) رێی پێنەدراوە.

٤٣) ا ــ ئەو کوڕە پورزامە　　　　ب ــ ئەوە پورزامە

٤٤) ا ــ کوڕەکە هاتەوە　　　　ب ــ *ەکە هاتەوە

ئەگەرچی فۆرمی نەناسراوی /ێك/ بەهەمان گۆکردنەوە، لە شێوەی وشەی سەربەخۆ لە فۆرمی /یەك/دا دەردەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی سەربەخۆیە وەك / ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە / دێتە پێشەوە، واتە دەبێتە دەرخەرێکی پێشەوەی ناوەکە. گەر ناوێکیش بەدەنگی بزوێن کۆتایی هاتبێت، ئەوا مۆرفێمی / ـ ێك/ لە فۆرمی / ــ یەك/دا دەردەکەێت ،واتە ئەگەر / ــ یەك/ لە دواوە بەناوەکەوە لکا، ئەوا ئەلۆمۆرفی / ـ ێك/ە (بڕوانە (٤٥_اب)).

٤٥) ا ــ ئازاد بە یەك ئەسپی جوان لە پێشبڕکێکەدا بەشداریکرد.


ب ــ مامۆستایەك، *مامۆستاێك

/ یەك/ لە دروستەی (٤٥_ا) مۆرفیمی نەناسراوییە، بەڵام وەك وشەی سەربەخۆ دەرکەوتووە، دەتوانرێت جارێکی تر مۆرفێمی/ ـ یەك/ بە نەلکاوی بەکاربهێنرێتەوە، واتە مۆرفێمی / ــ ێك/ بکرێتەوە بە دەرخەری دواوەی ناوی(ئەسپ )، وەك لە (٤٦)دا دیارە.


٤٦) ئازاد بە ئەسپێکی جوان لە پێشبڕکێکەدا بەشداریکرد.

لە هێڵکاریی ژمارە (٢)دا دروستەی فرێزی {یەك ئەسپی جوان} خراوەتەڕوو. بەهێڵکاریی ژمارە (٣)ش دروستەی فرێزی { ئەسپێکی جوان} دەنوێنرێت و جیاوازی هەردوو دروستەکە دەردەکەوێت.

دارشتەی هێڵکاریی ژمارە (٢)



دارشتەی هێڵکاریی ژمارە (٣)




جیاوازیەکی دیکەی /یەك/ و /ێك/ لەوەدایە، کە /یەك/ وەك فۆرمێکی سەربەخۆ دەتوانێت ببێت بەدەرخراو بە مەرجێك دەرخراوە سەرەکیەکە لابرابێت و /یەك/ لەگەڵیدا هاونیشانە بێت، وەك لە (٤٧_ اب) و (٤٨_اب)دا دیارە.

٤٧) أ ــ یەك کەس لێرە بوو. ◄───── ب ــ یەکێك لێرە بوو.

+ تاك + تاك

٤٨) أ ــ یەك دانەم بۆ بهێنە. ◄───── ب ــ یەکێکم بۆ بهێنە.

لە (٤٧_ا)دا وشەی (کەس)، کە دەرخراوە، لەگەڵ مۆرفێمی/ یەك/دا هەمان نیشانەی [+ نەناسراو]یان هەیە. لە (٤٨_ا)یشدا، وشەی (دانە) لەگەڵ مۆرفێمی/ یەك/دا هەمان نیشانەی [+ تاك]یان هەیە.

ناسراویی و نەناسراویی و وشەی نیشانە لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوییدا گۆکردنی دەرخەرییان هەیە. واتە بەپێی یاسای (Det+N ) و( N+Det )دروستەیەکی (ف ن)دروستدەکەن[١٤]، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبنە دەرخەری دەستەواژیلە بۆ دروستکردنی فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(٤٩)).

٤٩- ا ـ کوڕە ئازا ◄───── دەستەواژیلە ◄───── کوڕەئازاکە

(کوڕە ئازا) بۆیە دەستەواژیلەیە، چونکە بەتەنیا لە رستەدا گۆکردنی نییە، ناشتوانێت ببێ بە وشە، چونکە بەتەنها بەکارهێنانی نییە. ( دەستەواژیلە فۆرمێکە، کە لە وشە گەورەترە و لە فرێزیش بچوکترە.لە داهاتوودا لە دروستەکانی دەستەواژیلە دەدوێین).

---

١٤) تا ئێستا دروستەکانی (Det+N ) و( N+Det ) وەك دروستەی فرێزی ناویی خراونەتەڕوو، بەڵام لەداهاتوودا یەکێك دەبن لە دروستەکانی فرێزی دیارخەریی .

### ٢/١– ٢ ) فرێزی دیارخەریی

دەتوانرێت لە رێی ئەم دروستانەی خوارەوە بسەلمێنرێت، کە فرێزی دیارخەریی لە زمانی کوردیدا خۆی لە چەشنەکانی دیکەی فرێز جیادەکاتەوە، بە تەنیا و لەناو دروستە لەناویەکشکاوەکاندا هەبوونی هەیە.

٥٠- Det + N ——————→ فرێزی دیارخەری (بڕوانە(١٢))

بۆ ئەم دروستەیە مەرجێك لە ئارادایە: پێویستە ناوەکە [+ گشتیی]بێت، نەك ناوی تایبەتیی کەس، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناوی تایبەتیی و جێناو بە تەنیا گۆکردنی رێزمانی وەك فرێزیان هەیە، بەڵام ناوی گشتیی بە تەنیا گۆکردنی فرێزی نییە، مەگەر:

ا ـ قورسایی بخرێتە سەر ناوە گشتییەکە، بە قورسایی خستنەسەر نیشانەی [+ناسراویی ] پێدەدرێت و دەشێت ئەو گۆکردنە رێزمانییەی هەبێت.

ب ـ ناوەکە واتای [+ گشتیی] و[+ کۆ] هەبێت و دەریانبڕێت (بڕوانە(١٤)).

٥١) دەستەواژیلە + Det ——————→ فرێزی دیارخەریی

ا- [ A +det] +N ——————→دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆژیی (بڕوانە(٥٢))

ب- [ N + det ]+ N ——————→ دەستە واژیلەی ناویی سینتاکسیی (بڕوانە(٥٣))

پ- [ N+det] +N ——————→دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژیی (بڕوانە(٥٤))

٥٢) کوڕە ئازا، کچە جوان

٥٣) مێژووی شار، قوتابخانەی ناوەندیی، پەنجەی دەست

٥٤) پیاوەکورد، پیاوەئاسنگەر[١٥]

پێکەوەبەستنی ناوەوەی دروستەی دەستەواژیلەی (٥١_اپ) بە هۆی مۆرفێمی /ە/ وەیە، بۆ ئەوەی دۆخی رێزمانی بە فرێزەناوییەکە بدات، بەڵام لە دروستەسینتاکسییەکەی (ب)دا مۆرفێمی /ی/ ئەو رۆڵەی دیوە.

هەرسێ دەستەواژیلەکە هەڵسوکەوتی هەمان ناوی یاسای ژمارە (٥٠) یان هەیە، چونکە وەك ئەو بەتەنها نابنە فرێز و هەڵسوکەوتی فرێز لە جێکەوتەکانی رستەدا

---

١٥) دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی و دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژیی دروستەیەکن ، کە لە نێوان ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدان ، نە وشەی لێکدراون نە بوونەتە فرێزیش ، بۆیە لەرێی دیارخەرەکانەوە دەکرێنە فرێز.

نیشاننادەن، کەواتە دەستەواژێلە و ناوی گشتیی بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەکرێن بە فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(٥٥)).

٥٥) ا ـ کوڕ ←——— کوڕەکە

ب ـ کوڕە ئازا ←——— کوڕە ئازاکە

پ ـ مێژووی شار ←——— مێژووی شارەکە

ت ـ پیاوەکورد ←——— پیاوەکوردەکە

٥٦- دەستەواژەی خستنەپاڵ

ا- [ N + det ]+ N ←——— خستنەپاڵی خاوەنداریی، (بڕوانە(٥٧))
PRO

٥٧) ا ـ دەستی من ب ـ دەستی ئازاد

ب- [ A + det ]+N ←———خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، (بڕوانە(٥٨_اب))

٥٨) ا ـ کوڕی ئازا

ب ـ کچی جوان

دەستەواژەی {دەستی مـن} هـەمان دروسـتەی چەشـنی (٥١_ب) ی هەیـە، بـەڵام جیاوازیەکـەی لەوەدایـە، کـە (٥١_ب) خـستنەپاڵی دوو نـاوی گـشتیین،نـاویش بـە نیشانەی [+ گشتیی]یەوە نابێتە سەری ڕێزمانی حوکمکەر، بەڵکو پێویـستە ناوەکـە تایبەتیی کەس بێت، بەڵام (٥٦_ا) دەستەواژەیەکە، کە کۆتاییەکەی بە جێناوێـك[١٦] یـان نـاوێکی تایبــەتیی کــەس[١٧] هــاتووە، بۆیــە لــە دەرەوە /_ەکــە/ وەرنــاگرن (بڕوانە(٥٩_اب)).

٥٩) ا- *دەستی منەکە

ب- *دەستی ئازادەکە

ئەگەرچی (٥٩_ ب) زۆرجار ڕێگای پێدەدرێت، (بڕوانە (٢١،٢٢،٢٣))، بەڵام

---

١٦) جگە لە جێناوە سەربەخۆکانی /من ـ ئێمە ، تۆ ـ ئێوە ، ئەو ـ ئەوان/ ، جێناوەلکاوەکانی /م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان/ یش ئەو ڕۆڵە دەبینن.

١٧) ناوی تایبەتیی کەس لە ناوی تایبەتی تر جیاکراوەتەوە، چونکە ناوی تایبەتیی کەس بۆ نـاوی مرۆڤـەو لە دروستەی قوولێدا هیچ ناوێکی گشتیی نییە ، بەڵام ناوی تایبەتیی بـۆ نـاوی شـوێن و جێگایـە ، کـە لـە دروستەی قوولێدا ناوێکی گشتیی هەیە ، وەك (شاری سلێمانیی سلێمانیی)

(٥١_ب) له دەرەوە / ـ ەكە/ وەردەگرێت، چونكە دەستەواژیلەیە و هەڵسوكەوتی وشەی هەیە، وەك لە (٥٢،٥٣،٥٤)دا رویانداوە.

دەستەواژەی (كوڕی ئازا) لە(٥٦_ب) دا هەمان دروستەی چەشنی(٥١_ا) ی هەیە، بەڵام جیاوازییەكە لەگەڵ (٥١_ا)دا لەوەدایە، كە(٥٦_ب) دەستەواژەیەكە، نە لەناوەوەو نە لە دەرەوە/ ـ ەكە/ وەرناگرێت (بڕوانە(٦٠_اب پ)).

٦٠) ا- كوڕێكی ئازا، ب- * كوڕی ئازاكە.

(٥١_ا) لەدەرەوە/ ـ ەكە/ وەردەگرێت، نەك لە ناوەوە (بڕوانە(٦١_اب)).

٦١) ا- كوڕە ئازاكە

ب- *كوڕەكە ئازا

پەیوەست بە وەرگرتنی دیارخەرەوە دەستەواژیلەكان هەڵسوكەوتی ناوی گشتیی (كوڕ) نیشاندەدەن، چونكە دەستەواژیلەكان لە ناوەوە دیارخەر وەرناگرن، بۆیە (٦١— ب) رێگەی پێنەدراوە.

لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوەشە، كە دەستەواژیلەكان لەناوەوە دەرخەر وەرناگرن:


ا- دیارخەر دەبێتە دەرخەری دەستەواژیلەكە، نەك دەرخەری ناوی یەكەمی دەستەواژیلەكە بەتەنیا (بڕوانە(٦١_ب).

ب ـ هەم دەستەواژیلەیەك و هەم ناوێك وەك یەك دیارخەر وەردەگرن. واتە وەك چۆن بەشێكی ناوێك دەرخەر وەرناگرێت، بەشێكی دەستەواژیلەش بەتەنیا دەرخەر وەرناگرێت.

كەواتە(٥١_ب) دەستەواژیلەیە، چونكە بناغەكەی هەڵسوكەوتی دەستەواژیلە پیشاندەدات. بەڵام (٥١_ب) {مێژووی شار}لەبەر ئەوەی بناغەكەی (مێژوو)ە و هەڵسوكەوتی وشەی هەیە، دەتوانرێت بوترێت (مێژووەكەی شار)، ئەو كاتە (مێژوو) بەپێی یاسای (٥٠) هەڵسوكەوتی{كوڕەكە}ی هەیە، پاشان دەرخەری( شار) ی بۆهێنراوە، واتە {مێژووەكەی شار} هەمان دروستەی {مێژووی شار}ی نییە.

دروستەی (٢) لەهێڵكاری (٤)دا داڕێژراوەو دەربڕدراوە:

دارشتەی هێڵکاریی ژمارە (٤)





دەشـێت فرێـزی دیارخـەریی لـە نـاو فرێـزی دیارخـەریی دیکـەدا بـشکێتەوە (بڕوانە(٦٢)).

٦٢) مێژووەکەی شارەکە

دەتوانرێت دروستەی (٦٢) لە هێڵکاری ژمارە(٥) دا دابڕێژرێت و بخرێتەڕوو.

دارشتەی هێڵکاریی ژمارە (٥)




ئایا دروستەی (٥٦_ا) هەم بناغەکەی و هەم دروستە تەواوەکە دیارخەر وەردەگرن؟ وەك ئاماژەی پێدرا، ئەگەر دروستە تەواوەکە کۆتاییەکەی بەجێناو و ناوی تایبـەتیی هاتبێت دیارخەر وەرناگرێت. کەواتە لە دەرەوە دیارخەر وەرناگرێـت، نـەك لـەناوەوە (بڕوانە(٦٣)).

٦٣) ا- دەستێکی من

ب- دەستێکی ئازاد

لە دروسـتەیەکی وەکـو (٦٤) دا، لەبەرئـەوەی رسـتەی سـەر جێناوییـە، دیارخـەری وەرگرتووە.

٦٤) دەستی منێك ،کە نەخۆشم، بێهێزە.

به پێی هەمان یاساو مەرج دروستەی (٥٦_ب) لە ناوەوە/ ـ ێك/ ڕێگای پێدەدرێت (بڕوانە(٦٥))

٦٥) ا- کوڕێکی ئازا

ب- کچێکی جوان

شکانەوەکان لەناو فرێزی ناویی و فرێزی دیارخەرییدا دەرخران. دەرکەوت، کە فرێزی ناویی و فرێزی دیارخەریی هەن و بۆ ڕوونکردنەوەی دروستەی فرێز پێویستن. چونکە ئەگەر نەبوونایە، ئەوا نەدەتوانرا ڕێگادان و ڕێگانەدانی ئەو دروستانەی لە سەرەوە باسکران، شیبکردێنەوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر دەرکەوتنی هەریەك لە فرێزی ناویی و فرێزی دیارخەریی ، لەناو فرێزی ئاوەڵناوییدا (بڕوانە(٥٨)،(٦٥))، یان شکانەوەی فرێزی دیارخەریی لەناو فرێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەندارییدا(بڕوانە(٦٣)) و شکاندنەوەی فرێزی دیارخەریی لەناویەکدا (بڕوانە(٦٢))، ڕاستی هەبوونی فرێزی دیارخەریی نیشاندەدەن.

٦٦- N + (DEM)Det ⟵ فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(٣٣)،(٣٤))

یاسای ژمارە (٦٦) بۆ جۆرێکی دیکەیە لە دروستەکانی فرێزی دیارخەریی، کە هەمان دروستەی (٥٠)ی هەیە و ناوەکەش وەك ( کوڕ ) دیارخەر وەردەگرێت، تەنیا جیاوازیان لەوەدایە کە ( Det ) لەم دروستەیەدا دەرخەرێکی پێشەوەیە (بڕوانە هاوبەشیی و جیاوازیی ناسراویی و نەناسراویی و وشەی نیشانە ٢/١-١-٢).

بەم شێوەیە دەرخەرەکانی کۆی ناسراو / ـ ەکان/ و کۆی نەناسراوی/ ـ ان/ هەمان خەسڵەتی (Det)ی دروستەی (٥٠) یان هەیە، ئەو ناوانەی کە کۆی ناسراویی و نەناسراویی دەبنە دەرخەریان، هەمان خەسڵەتەکانی ناوێکی وەك (کوڕ)یان هەیە، بەمەش دەرکەوت، کە کۆی ناسراو و نەناسراو ئارتیکڵن و دەچنە ژێر چەتری(Det)ی دروستەی (٥٠)ەوە.

مۆرفیمەکانی/ ئەوە- ئەوانە/ و /ئەمە- ئەمانە/، کە دەچنە جێی (Det)ی دروستەی (٦٦) وشەی نیشانەن (بڕوانە(٣٣)،(٣٤)).

هەروەك ڕوونکرایەوە جیاوازیی نێوان (Det )ی دروستەی (٥٠) و (Det)ی دروستەی (٦٦) تەنیا سەربەخۆیی و ناسەربەخۆیی و شوێنی دەرکەوتنیانە. بابزانین

ئایا وشەی نیشانە وەك (Det)ی دروستەی (٥٠) هەمان هەڵسوكەوتی دروستەی (٥١_أ ) و (٥١_ ب) دەكات ؟

ئەم نموونانەی خوارەوە، بۆمان ئاشكرا دەكەن، كە هەمان هەڵسوكەوتیان هەیە ، بەڵام وەك دروستەكانی (٦٧_ اب پ ت) و (٦٨_ اب پ ت) (Det) دەرخەرێكی پێشەوەیە.

٦٧) ا- ئەو كوڕە ئازایە ب- ئەم كوڕە ئازایە

پ- ئەو كوڕە ئازایانە ت- ئەم كوڕە ئازایانە

٦٨) ا- ئەو مێژووی شارە ب- ئەم مێژووی شارە

پ- ئەو مێژووی شارانە ت- ئەم مێژووی شارانە

لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكەوەو لە رێی هێنانەوەی نموونەكانی (٦٨,٦٧)ەوە، دروستەكانی (٦٩_اب پ) دەستدەكەون.

٦٩) Det + دەستەوژێلە ← فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(٦٧،٦٨)).

ا ـ N +[A+ det] ← دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆژیی (كوڕە ئازا، كچە جوان)

ب- N +[N+det ] ← دەستەواژیلەی ناویی سینتاكسیی (مێژووی شار، قوتابخانەی ناوەندیی)

پ- N+[N+det ] ← دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژی (پیاوە كورد، ژنە نانكەر).

لە ئەنجامدا، دەتوانرێت دروستە دەستكەوتووەكان لە (٧٠) دا كۆبكرێتەوە و ئاماژە بە یاساكانی بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی بدرێت:

٧٠) ا ـ Det + N ب ـ دەستەواژیلە + Det

پ ـ N + Det ت ـ Det + دەستەوژیلە

### ٢/١- ٢-١ ) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو [١٨]

بـە مەبەسـتی ڕێـسای پێکـەوەهاتنی دەرخـەر و دەرخـراو ،پەیوەسـت بـە سـەرەو ریزبوونیانەوە، چەند نموونەیـەك لـە زمـانی ئینگلیـزی دەهێنرێنـەوە و پاشـانیش بـۆ دۆزینەوەی ئەوانەی زمانی کوردیی سودیان لێدەبینرێت.

### ٢/١- ٢-١-١) دەرخەرەکانی پێش دەرخراو

ئەو دەرخەرانـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا دەکەونـە پێـشەوە، کـە سـەر بەیـەکێك لـەم کەتەگۆریانەی خوارەوەبن:

أ) ناسراویی و نەناسراویی (ARTICLE)

ب) ئاوەڵناو (ADJECTIVE)

ت) پلە (DEGREE)

پ) ژمارە (NUMBER)

ج) رادە (QUANTIFIER)

ح) ناو (NAME)

خ) وشەی نیشانە (DEMONSTRATIVE)


د) مۆرفێمی خاوەنداریی (POSSESSIVE)

سەرەوڕیزبوونی (أ_ گ) بە پێی یاسایە و لە خوارەوە دەخرێنەڕوو.

(أ) دەبێتە دەرخەری ناو لەمەوە یاسای ژمارە (١) دەستدەکەوێت.

1) ART + N the man

هێڵکاریی ژمارە (٦)





تێکردەی (ب) بۆ یاسای ژمارە (١) دروستەیەکی وەك (the old man) دەرکردەکەیەتی.

---

١٨) بۆ ئەم پارە سود لە (1997) Andrew Radford و (1997) Noel Burton-Roberts وەرگیراوە.

هێڵکاریی ژمارە (٧)




بە پێی هێڵکاری ژمارە (٢) تێکردەی (ب)، کە ئاوەڵناوێکە، بووەتە دەرخەری ناوەکە، نەك گشت فرێزەکە، چونکە ئاوەڵناو دەتوانێت ببێتە دەرخەری ناو. لەمەوە یاسای ژمارە (٢) دەستدەکەوێت. لە هێڵکاری (٧)دا دیارە، کە دیارخەرەکە دەرخەری گشت فرێزەکەیە.


2) A + N old man

(پ) دەبێتە تێکردە بۆ یاسای ژمارە(٣)و سەرەوڕیزبوونێکی وەك (very old man) بەدەستەوە دەدات.

وەك هێڵکاری ژمارە (٨) دەریدەبڕێت، پلە دەرخەری ئاوەڵناوە نەك ناو، لەمەوە یاسای ژمارە (٣) دەستدەکەوێت:


3) DEG + A very old

هێڵکاریی ژمارە (٨)




دەکرێت یاسای ژمارە (٣) لە پڕۆژەیەکی گەورەتردا، بە پلەیەك دەربڕێت و ئەمەیش لە هێڵکاری ژمارە (٩)دا دیارە. هێڵکاری ژمارە (٩) دوو دروستەیی دروستەی (very old man) دەسەلمێنێت.


هێڵکاریی ژمارە (٩)



(ت) دەرخەری ژمارەی ناوە. پێکەوەهاتنی ناو و ژمارە لە دروستەیەکدا یاسای ژمارە (٤) بەرهەمدەهێنێت.

4) Number + N one man


هێڵکاریی ژمارە (١٠)




(ج) دەرخەری چەندێتی ناوە، ئەگەر لە دروستەیەکدا رادە و ناو پێکەوەهاتن، ئەوا یاسای ژمارە (٥) دەستدەکەوێت.

5) Quantifier + N many books


هێڵکاری ژمارە (١١)




(چ) هەمان هەڵسوکەوتی (ب)ی دەبێت، چونکە لە جێکەوتەی ئەودا دەردەکەوێت و بەنیشانەی ئاوەڵناوییەوە دەبێتە دەرخەری ناو و یاسای ژمارە (٦) دادەڕێژێت.

6) N +N history teacher


هێڵکاریی ژمارە (١٢)




(ك) دەبێتە دەرخەری کەتیگۆری ناو ، پێکەوەهاتنی وشەی نیشانە و ناو لە دروستەیەکدا، یاسای ژمارە (٧) دەستدەخات.

7) DEM + N these men


هێڵکاریی ژمارە (١٣)



(گ) دەبێتە دەرخەری کەتیگۆری ناو ، پێکەوەهاتنی مۆرفێمی خاوەنداریی و ناو لە دروستیەکدا، یاسای ژمارە (٨) بەرهەمدێت.

8) POSSESSIVE + N          my book

هێڵکاریی ژمارە (١٤)




### ٢/١- ٢-٢) سەرەو ریزبوونی دەرخەرەکان:

دەرخەرەکانی پێشەوە دەستنیشانکران، بەڵام ئایا لە پێکەوەهاتنی چەند دەرخەرێکی پێشەوەدا، کام سەرەو ریزبوونەیان هەیە؟ ئەگەر لە دروستەیەکی وەك { The old Romanian history teacher } بڕوانرێت، دەبینرێت، کە لە سەرەتادا بەپێی یاسای ژمارە(٧) دروستەی فرێزی{history teacher } دروستبووە و پاشان بە پێی یاسای ژمارە (٣) دروستەی فرێزی {old Romanian } دروستبووە و بووەتە دەرخەری پێشەوەی فرێزی دوای خۆی. ئەوجا / The / بووەتە دەرخەری گشت فرێزەکە. لە کەوانەی شکاوەدا ئەم دروستەیە و دروستەکانی تری نوێنراون.

(A          [ART[ADJ + N ] + [N + N ]]

(B          [ART[ADJ[N + N] + N]]

(C          [ART[ADJ[ N ] + [ N + N]]

هەرسێ دروستەی (A, B, C) دەریدەخەن کە سەرە و ریزبوونی دیارخەر و ئاوەڵناو و ناو (وەك دەرخەر) لە دروستەیەکی ئاوێتەدا بەپێی تێکەڵبوون و شکانەوەی یاساکانی (١_ ٨) درووستبوون.

بابڕوانینە نموونەیەکی دیکەی وەك (These three dare books): لە سەرەتادا بەپێی یاسای ژمارە (٣) دروستەی {dare book} دروستبووە و پاشان <three>، کە ژمارەیە، بووەتە دەرخەری فرێزەکە و<these>یش، کە وشەی نیشانەیە، بووەتە دەرخەری گشت فرێزەکە. دروستەکەی لەکەوانەی شکاوەدا دارێژراوە.

[DEM [NUM [DARE + BOOKS]]

لــە (٢/١- ٢-١-١)دا دەرخــەرەکانی (أ _ ك) بەگــشتی خرانــە ژێــر چــەتری دەرخەرەکانی پێشەوە. کەواتە بەپێی ئەو روونکردنەوانە، دەکرێت یاساکانی ژمـارە (١، ٤، ٥، ٧، ٨) لە یاسای (A)دا و یاسای ژمارە (٢) لە یاسای (B)دا و یاسـای ژمارە (٣) لە یاسـای (C)دا و یاسـای ژمـارە (٦) لـە یاسـای (D)دا کۆبکرێنـەوە و گشتیان لە یاسای (٩)دا دیارییکرێن.

9)

| | |
|---|---|
| A) | DETERMINERS + N |
| B) | A + N |
| C) | DEG + A |
| D) | N + N |


## ٢/١- ٢-١-٢) دەرخەرەکانی دوای دەرخراو

لــە زمـانی ئینگلیزیـدا، ئەگـەر ئـاوەڵکردار لـەناو بەشـە کـرداردا هـەبوو، ئـەوا ئاوەڵکردارەکە وەك دەرخەری دواوەی کردارەکە گۆدەکرێت. لەمەشەوە یاسای ژمارە (١٠) دەستدەکەوێت.

10) VERB + ADVERB He <u>runs fast</u>

لە هێڵکاری ژمارە (١٥)دا دروستەی بەشەکردارەکە {runs fast} خراوەتەڕوو.


هێڵکاریی ژمارە (١٥)




بەڵام ئەگەر یاسـای ژمـارە(١٠) بـە (DEGREE)یـەك فراوانبکرێت، ئـەوا یاسـای ژمارە (١٠) دەرکردەکەی دەبێت.


10) DEGREE + ADVERB He <u>runs very fast</u>

هێڵکاریی ژمارە (١٦)



هێڵکـاریی ژمـارە (١٦) دەریـدەخات، کـە {very fast}دەرخـەرێکی ناسـادەی کردارەکەیە و پێوەی هەڵواسراوە، بـەڵام لـە رسـتەیەکی وەك (Mary is very tired)دا دروستەیەکی وەك (very tired)، کە بە پێی یاسای ژمـارە (١٠) دروسـتبووە، بـەڵام وەك لــە هێڵکــاری ژمــارە (١٧)دا دەردەکــەوێت، ئاوەڵکردارەکــە بــە رســتەکەدا هەڵواسراوە، نەك بە فرێزی کرداریدا. کرداری رستەکە (AXULARY VERB)ە، بۆیە لە رووی واتـاوە فرێـزە ئاوەڵکردارییەکـە، وەك دەرخـەی ئـەو گۆناکـات، بـەڵکو بـۆ بکەرەکەیە، کە (Mary)یە.

هێڵکاریی ژمارە (١٧)




یاسایەکی گشتی بۆ ئەو دەرخەرانەی کە لەزمانی ئینگلیزییدا دەکەونە دواوە، لە (9-E)دا نوێنراوە.

E) VERB + ADVERB

**٢/١- ٢-١-٣) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (ش ز س)دا**

یاسـای (9-A) بـۆ زمـانی کـوردیی هـەمان سـەرەو ریزبـوونی هەیـە، ئـەو یاسـایە مۆرفێمەکانی ناسراویی و نەناسـراویی ناگرێتـەوە، چـونکە ئارتیکـڵ مـۆرفێمێکی ناســەربەخۆ و لکــاوەو یەکێکــە لــە دەرخــەرەکانی دواوە، هــەروەها مــۆرفێمی خاوەندارییش وەك دەرخەری دواوە دەردەکەوێت (بڕوانە(٧١_ا)).

لە زمانی کوردییدا تەنیا مۆرفێمـەکانی ناسـراویی و نەناسـراویی و وشـەی نیـشانە دیلرخــەرن. مۆرفێمــەکانی رادە و ژمــارەی بنجیــی و کــەرتیی،[١٩] وەك دەرخــەری پێشەوە و مۆرفێمی خاوەندارییش وەك دەرخەری دواوەی فرێزی دیارخەریی و فرێـزی

---

[١٩]) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨ : ٦٢)

ناویی گۆدەکەن (بڕوانە (٧٢)،(٧٣)). سەرەڕای ئەوەیش، ژمارەی پلەیی دەتوانێت ببێتە دەرخەری دواوەی ناو، (دووەم پۆل ←پۆلی دووەم).

یاساکانی (9-B,D,E) بۆ زمانی کوردیی یاسای پێچەوانەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا سەر لە کۆتایی دایە. سەرەڕای ئەوەش لە زمانی کوردییدا یاسای (9-B,D) بەیاریدەی /ی/ پێکەوە دەبەسترێن(بڕوانە(٥٣)،(٥٨)). یاسای (C) لە زمانی کوردیدا بەهەمان شێوە بەرهەمدەهێنرێت (بڕوانە(١٣٨)). لە یاساکانی (١_ ٧)دا پوختەی ئەو یاسایانە بۆ زمانی کوردیی داڕێژاون:

١) Determiner + N

أ- Articl + N پیاوەکە، دارەکە، کچەکە.

ب- N + Demonstrative ئەو پیاوە، ئەم دارە، ئەو پیاوانە، ئەم دارانە.

٢) N + Quantifier هەندێك ئاو، تۆزێك نان، تۆزقاڵێك نان

٣) N + Number دوو کوڕ، سێ برا، چوار گوڵ

٤) A + N کوڕی زیرەك، کچی جوان

٥) A + Degree زۆر زیرەك، زۆر جوان

٦) Verb + Adverb زوو هاتەوە، درەنگ ڕۆشتەوە.

٧) Adverb + Degree زۆر زوو، زۆر درەنگ

### ٢/١- ٢-٤ )دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەریی

لەناو دروستەی فرێزی دیارخەرییدا، وشەی نیشانە و ناسراویی و نەناسراویی دیارخەرن و وەك سەری ڕێزمانی گۆدەکەن، بۆیە ناتوانرێت لابرێن. ئەگەرچی لەزمانی ئینگلیزیدا مۆرفێمی (خاوەنداریی) و مۆرفێمی ( رادە) وەك دیارخەر گۆدەکەن[٢٠]، بەڵام ئەو دوو مۆرفێمە لە زمانی کوردییدا، وەك دەرخەری فرێزی دیارخەریی گۆدەکەن (بڕوانە(٧١_اب) و (٧٢_اب) و (٧٣_اب)).

٧١) ا- کوڕەکەم ← ب- My boy

٧٢) ا- هەردوو کوڕەکە. ← ب- both boys

---

٢٠) A- Andrew Radford (1997:39)

B- Noel Burton-Roberts (1997: 154)

٧٣) ا- هەموو کوڕەکان. ←——— ب- all boys

(٧١_ ا) و (٧٢_ا) و (٧٣_ ا) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لە زمانی کوردییدا مۆرفێمەکانی (خاوەنداریی و رادە ) دەرخەری فرێزی دیارخەریین. لە(٧١_ ب) و (٧٢_ب) و (٧٣_ ب)دا، مۆرفێمی خاوەنداریی و رادە بۆیە دیارخەرن، چونکە راستەوخۆ چوونەتە سەر ناوی (boy).

نموونەی (٧١_ ا) بە هەمان واتاوە لەزمانی ئینگلیزیدا رێگەی پێنادرێت. وەك لە (٧٤)دا دیارە.

٧٤) * my the boy

(٧٤) بۆیە رێگەی پێنەدراوە، چونکە دوو دیارخەر لەسەر یەك بناغە پێکەوەنایەن. واتە رێگەنەدان بە (٧٤) دەریدەخات، کە مۆرفێمی (خاوەنداریی) لەزمانی ئینگلیزییدا دیارخەرە.

هەروەك ئاماژەی پێدرا دیارخەرەکان لە زمانی کوردییدا سەری رێزمانیین ، بۆیە خورتین (بڕوانە فرێزی دیارخەریی). کەواتە لە دروستەکانی (٧١_ أ) و (٧٢_ا) و (٧٣_ أ)دا دیارخەرەکان لانابرێن. لابردنیان دروستەی نارێزمانی دێنێتەکایەوە (بڕوانە(٧٥,٧٦,٧٧))

٧٥)* کوڕم (کوڕەکەمماڵیان لە چوارباخە.) نەك (*کوڕم ماڵیان لە چوارباخە.)

٧٦)* هەردوو کوڕ

٧٧)*هەموو کوڕ

دەرخەرەکانی فرێزی دەرخەری سەرپشکین، هەروەك لە (٧٨,٧٩,٨٠)دا دیارن.

٧٨) کوڕەکە(م)

٧٩) (هەردوو) کوڕەکە

٨٠) (هەموو) کوڕەکان.

بەڵام لە زمانی ئینگلیزییدا دیارخەرەکان، وەك ئاوەڵناوەکان دەرخەری فرێزی ناویین، بۆیە سەرپشکین (بڕوانە(٨١)).

٨١) (my)(nice)(new)clothes.[٢١]

---

٢١) Andrew Radford (1997:39)

له (٨١)دا دیارخەری /my/ و ئاوەڵناوەکانی /nice, new/، سەرپشکین.

ناوی ئاوەڵکرداریی دەرخەرێکی پێشەوەی دیکەی فرێزی دیارخەرییە ( بە تایبەت ئەوانەی کە ئاماژەن بۆ شوێن وەك (ژێر، سەر، بن، لا، تەنیشت،. ....))[٢٢] (بڕوانە(٨٢_أب)).

٨٢) أ- ژێر دارەکە

ب- سەر چیاکە

وەك لە (٨٣_ أب)دا دیارە، وشەی ژمارەی بنجیی، یەکێکی دیکەیە لە دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەریی.

٨٣) أ- دوو کوڕەکە.

ب- سێ براکە.

له (٨٣)دا دەردەکەوێت، کە ژمارە وەك دەرخەرێکی پێشەوە لە رووی گۆکردنەوە هەمان هەڵسوکەوتی (ڕادە)ی هەیە، چونکە، وەك لە (٨٤_ أب)دا دیارە، لابردنی دیارخەر دروستەیەکی واتاڕاست و رێزماندروست دەمێنێتەوە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژمارە دەشبێتە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناویی (بڕوانە(٨٤_اب)).

مۆرفێمی رادە بە تەنیا پاش لابردنی دەرخراوەکە دروستەیەکی رێزماندروستی هاوشێوەی فرێزی دیارخەریی (Det + N)ی هەیە، بۆیە رادە دەتوانێت بەتەنیابێت. لێرەوە جۆرێکی دیکەی فرێز دەردەکەوێت، کە فرێزی رادەیە(بڕوانە(٨٥)). لەبەر ئەوەی رادە و ژمارە نیشانەی چەندێتی ناو دەردەخەن بە دوای یەکدا نایەن (بڕوانە(٨٦)).

٨٤) أ- دوو کوڕ

ب- سێ برا

٨٥) ا- تۆزێك ئاوم بۆ بێنە.

ب ــ تۆزێکم بۆ بێنە.

پ ــ هەموو کوڕەکان هاتنەوە.

---

٢٢) وانەکانی محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٥)

ت ــ هەموو/ هەموویان هاتنەوە.
ج ــ هیچ کوڕێك نەهاتووەتەوە.
چ ــ هیچیان نەهاتنەوە.
٨٦) *هەندێك دوو کوڕ

لە (٨٥_ ت )دا دروستەی {هەموویان} مۆرفۆسینتاکسی دروستەی {هەموو کوڕەکان}ی (٨٥_پ)یە. لە (٨٥_ چ )دا دروستەی {هیچیان} مۆرفۆسینتاکسی دروستەی {هیچ کوڕێك}ی (٨٥_ ج)ە. چونکە بە پێی مەرجی (١/١_پ) جێناو(سەربەخۆ و لکاو) لەجێی فرێزی ناویی و فرێزی دیارخەریی دەردەکەێت، لە (٨٧)دا یاساکانی فرێزی رادە شێوازبەنددەکرێت. لە (٨٨_ اب پ) ئاکاری زۆرتری فرێزی رادە دەردەکەوێت.

٨٧) ا- $N^- + Q^-$ (بڕوانە(٨٥_ا)).
ب - $D^- + Q^-$ (بڕوانە(٨٥_پ ج)).
پ - $P^- + Q^-$ (بڕوانە (٨٨_ ا)).
ج - $A^- + Q^-$ (بڕوانە(٨٨_پ)).
چ - $V^- + Q^-$ (بڕوانە(٨٨_ب)).

٨٨) اــ هەندێك لە کوڕەکانم بینی.
ب ــ ئازاد کەمێك پێکەنی.
پ ــ پڕتەقاڵەکە کەمێك ترش بوو.

هەبوونی نیشانەی واتایی چەندێتی لە فرێزی رادەدا وادەکات ،کە ببێتە دەرخەری کەتەگۆرییە سینتاکسییەکانی دیکە(جگە لەدەرخەری فرێزی ناویی و دیارخەریی). لەمەوەدەردەکەێت، کە فرێزی رادە هەڵسوکەوت و تایبەتمەندێتی سینتاکسیی دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکانی هەیە (بڕوانە(٨٨))و لەگەڵ (١٨٠) و (١٨١)بەراوردیان بکە . فرێزی رادە لە (٨٨_ا)دا دەرخەری فرێزی پێشناوییە و لە(٨٨_ب)دا دەرخەری کردارەکەیەو لە(٨٨_پ) دەرخەری فرێزی ئاوەڵناوییە.

## ٢/١– ٣ ) دروستەکانی فرێزی ناویی

پاش ئەوەی لە (١/١-١-٢)دا سەلمێنرا، کە فرێزی دیارخەریی هەبوونی هەیە و خۆی لە فرێزی ناویی جیادەکاتەوە، لە خوارەوە فرێزی ناویی و دروستەکانی دەخرێنەڕوو.

وەك لە(١/١)دا پێناسەکە روونیکردەوە، فرێزی ناویی گۆکردنی بکەریی و بەرکاریی هەیە، بەلاّم بۆیە ئەمە نابێتە چەمکی جیاوازی نێوان فرێزی ناویی و فرێزی دیارخەریی، چونکە هەردوو جۆری فرێزەکە هەمان گۆکردنیان هەیە. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، کە جیاوازییەکەیان لە دروستەدایە، نەك لە گۆکردندا.

لە پارەکانی خوارەوەدا دروستەی فرێزی ناویی بە پێی جۆرەکانیان دەستنیشاندەکرێت.

### ٢/١ –٣–١ ) فرێزی ناویی سادە

دەشێت فرێزی ناویی تەنیا یەك ناو بێت[٢٣]، بەمەرجێك ناوەکە نیشانەی [+ تایبەتیی] هەبێت، چونکە ناوی تایبەتیی کەس لەجێکەوتەی فرێزی ناوییدا دەردەکەوێت و هەمان گۆکردنی فرێزی ناوی هەیە. دروستەی ئەم جۆرە فرێزە لە (٨٩)دا دەخرێتەڕوو.

٨٩) N ⟵ N¯ (بڕوانە( ١٧))

لەڕستەی ژمارە (١٧) دا ناوی تایبەتیی کەس /ئازاد/ فرێزێکی ناوییە، لە (١٧_ا) دا گۆکردنی بکەریی و لە(١٧_ب) دا گۆکردنی بەرکاریی راستەوخۆ و لە (١٧_پ) دا گۆکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەیە. کەواتە ئەگەر ناوەکە نیشانەی [+ گشتیی] هەبێت، نابێتە فرێزی ناویی، مەگەر بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوەو دەرکەوتنی لە هەمان جێکەوتەدا ئەو گۆگردنەی بداتێ (بڕوانە(٩٠)).

٩٠) ا- پڵنگ ئاژەڵێکی گۆشتخۆرە.

ب- من پڵنگم بینیوە.

پ- لەناو شێرەکاندا چاوم بۆ پڵنگ دەگێڕا.

لە رستەی ژمارە (٩٠)دا ناوی گشتیی/پڵنگ/ بە هۆی قورسایی خستنەسەر و پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی فرێزی ناوییەوە، هەمان گۆکردنی فرێزی ناویی /ئازاد/ی

---

٢٣) خسرو غلامعلی زاده (١٩٩٥:٥٥)

هەیە(١٧_ اب پ) دا.  ناو جگە لەنیشانەی [+ گـشتیی] ،دەتوانێـت نیـشانەی [+ کۆنکرێـت] و  [ ـــ کۆنکرێـت] یـشی هـەبێت، بـەڵام هـەر بـەهۆی  قورسـایی  خستنەسەرەوە ئەو گۆکردنەی دەبێت(بڕوانە(٩١_اب)).

٩١) ا- دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە.              ب- هێز لە یەکێتی دایە.

لە رستەی (٩١_ ا) /دار/ ناوێکی کۆنکرێتە و فرێزی ناوییە، بە هەمان شێوە نـاوی /هێز/یش، کە ئەبستراکتە لە (٩١_ ب)دا.

لەبەر ئەوەی جێناوە سەربەخۆکان لە هەمان جێکەوتەی فرێزەناوییـەکان و بەهـەمان گۆکردنەوە دەردەکەون، جۆرێکن لەفرێزی ناویی[٢٤] (بڕوانە(١٨)).

لەڕستەی (١٨)دا /من/ جێنـاوێکی سـەربەخۆیە و هـەمان گـۆکردنی فرێـزی نـاویی /ئازاد/ی لە (١٧_ اب پ)دا هەیە. بەو هێڵکارییەی (١٨) دروستەی فرێـزی نـاویی سادە دەنوێنرێت.

هێڵکاریی ژمارە (١٨)




(ناوی تایبەتیی کەس)

(ناوی گشتی و کۆنکرێت و ئەبستراکت بە قورسایی خستنەسەرەوە)

(جێناوی سەربەخۆ)

فرێزی ناویی سادە لە ناو فرێزی دەرخەرییدا ناشکێتەوە، بۆیە (٩٢) ڕێی پێنادرێت، بەڵام لە ناو جۆرەکانی دیکەی فرێزی ناوییـدا دەشـکێتەوە، بۆیـە (٩٣- ا ب)ڕێیـان پێدەدرێت.

٩٢) *ئازادی براکە

٩٣) ا-ئازادی برام. ب-ئازادی بەشی فیزیا.

---

٢٤) تارا موحسن قادر (٢٠٠٥:٦٥)

**۲/۱ – ۳–۱–۱ ) دەرخەرەکانی فرێزی ناویی سادە**

دەرخەرەکانی فرێزی ناویی سادە، ئەو دەرخەرانەن، کە لە پێشەوە دەردەکەون، دەرخەرەکانی دواوەیش لە فرێزی خستنەپاڵی ناویی و ئاوەڵناوییدا دەخرێنەڕوو.

ژمارە و رادە، یەکێکن لە دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە. ژمارە چەندێتی دیاریکراوی فرێزەناوییە سادەکە دەردەخات (بڕوانە(٨٤)). رادەش چەندێتییەکی دیارینەکراوی دەردەخات (بڕوانە(٨٥_ا)). لەبەرئەوەی ژمارە و رادە هەردووکیان چەندێتی فرێزە ناوییەکە نیشاندەدەن، بەسەر یەکەوە نابنە دەرخەری پێشەوەی یەك فرێزی ناویی (بڕوانە(٨٦)). ژمارە و رادە دەبنە دەرخەری ئەو فرێزەناوییە سادانەی، کە لە ناوێکی [+گشتیی] و [+ژمێردراو] پێکهاتوون(بڕوانە(٨٤,٨٥))، واتە نابنە دەرخەری ئەو فرێزەناوییەسادانەی، کە لە ناوێکی تایبەتیی کەس پێکهاتوون (بڕوانە(٩٤)).

٩٤) ا ــ *دوو ئازاد هاتن.

ب ــ *هەندێك ئازاد هاتن.

ئەگەرچی چاوەڕواندەکرێت دروستەیەکی لە جۆری (٩٤_ا) رووبدات، بەڵام دروستە قوڵەکەی بەو شێوەیەیە، کە لە (٩٥)دا خراوەتەڕوو.

٩٥) دوو کەس کە ناویان ئازادە هاتن.

نازناوە زانستیی و کۆمەڵایەتییەکان، وەك /دکتۆر، مامۆستا، پرۆفیسۆر، کاك، خاڵە، پوورە، مامە، کاکە، شەهید، شێخ، مەلا، حاجی ،..../ دەبنە دەرخەری پێشەوەی ئەو فرێزەناوییە سادانەی، کە لە ناوێکی تایبەتیی کەس دروستبوون، نەك ناوێکی گشتیی (بڕوانە(٩٦_اب پ ت)). دەشێت دوو یان زیاتر لە نازناوێك لە یەك کاتدا ببنە دەرخەری فرێزی ناویی سادە، بەڵام سەرەو ریزبوونیان لە خۆوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەکاتی روودان و وەرگرتنی ئەو پلە کۆمەڵایەتیی و زانستییەوە هەیە (بڕوانە(٩٦_ ج چ ك))

٩٦) اــ *شەهید پیاو     ب ــ* کاك کوڕ     پ ــ دکتۆر ئازاد

ت ــ شەهید جوامێر     ج ــ شەهید دکتۆر جوامێر.

چ ــ حاجی مەلا عەلی     ك ــ پرۆفیسۆر دکتۆر نەوزاد

یەکێکی دیکە لە دەرخەرەکانی فرێزی ناویی سادە، ناوی ئاوەڵکردارییە[٢٥] (بڕوانە(٩٧)).

٩٧) ا ـ ژێر دار

ب ـ بن بەرد

### ٢/١ ـ ٣ـ٢ ) فرێزی ناویی خستنەپاڵ

دروستەی ئەم چەشنە فرێزە، دروستەیەکی ناسادەیە و لە جۆرەکانیدا ڕووندەکرێنەوە:

### ٢/١ ـ ٣ـ٢ـ ١ ) خستنەپاڵی خاوەنداریی

دروستەی ئەم جۆرە فرێزە، بەو شێوەیەیە،کە لە (٩٨)دا خراوەتەڕوو. فرێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەنداریی دوو وەچەجۆرە (١_ا)، (١_ب).

٩٨- $[N^{-} + det] + N^{-}$

(١ـ ا) خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕووت

لەم دروستەیەدا مۆرفێمی /ـ ی/[٢٦] ی خاوەنداریی پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزێکی ناویی دەدات[٢٧](بڕوانە(٩٩)). دروستەی فرێزەکانی ژمارە (٩٩_ اب پ) لەم هێڵکارییەی (١٩) دەنوێنرێت.

٩٩) ا- دەستی من

ب) چاوی تۆ

پ) دڵی ئەو / ئازاد


---

٢٥) وانەکانی خوێندنی باڵای محەمەد مەحوی ٢٠٠٥

٢٦) وریا عومەر ئەمین /ی/ بە مۆرفێمی هەیی دادەنێت ، ئەگەرچی ڕەنگە لە فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارییدا واتای هەیی بگەیەنێت، بەڵام / ـ ی/ بەشدارییەکی فراوانی لەدروستەکانی خستنەپاڵی ناویی و ئاوەڵناویی و دەستەواژیلەدا هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤:٢٠٢)

٢٧) محەمەدی مەحوی (٢٠٠١ : ٥٣)

هێڵکاریی ژمارە (١٩)




جگە لە بەخشینی دۆخی ڕێزمانیش / ــ ی/ ناوی دووەم دەکات بە خاوەنی ناوی یەکەم، بەمەش ناوی یەکەم، کە نیشانەی [+ گشتیی ]ی هەیە، لەناو دروستەی ئەو فرێزە دا نیشانەی [+ جیاکراوە]ی دەدرێتێ، واتە لە (٩٨)دا /دەست، چاو، دڵ/ گەر بەتەنیا بن، ئەوا گشتیین. لەدروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا ناوی یەکەم ،کە دەکەوێتە جێکەوتەی /دەست، چاو، دڵ/ەوە، سەری واتایی فرێزەکەیە و ناوی دووەمیش ،کە یان جێناوە یان ناوێکی تایبەتیی کەسە، بە یاسای سەرکۆتایی سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیەو بە هۆی / ـ ی/ خستنەپاڵی خاوەندارییەوە لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکمدەکات. کەواتە لە نموونەی (٩٩ )دا، ئەگەر / ــ ی/ خستنەپاڵی خاوەنداریی هەبوونی نەبێت /دەست ،چاو، دڵ/ بەبێ قورسایی خستنەسەر، وەك فرێز ڕێیان پێنادرێت (بڕوانە(١٠٠_اب پ)). فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی هەمان هەڵسوکەوتی سینتاکسیی دیارخەرەکانیان هەیە، چونکە: (ا) دەرخراوەکانیان، کە ــ ناوی گشتیین ــ دەکەنە فرێز. (ب) دیارخەرەکان و فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی وەك دەرخەر گۆدەکەن.

١٠٠) اــ *دەست من

ب ــ *چاو تۆ

پ ــ *دڵ ئەو


تەنانەت فرێزێکی ناویی سادە، کە ڕێی پێدەدرێت  لە نـاو فرێزێکـی نـاویی دیکـەدا بشکێتەوە، پاش لابردنی / ـ ی/ خستنەپاڵی خاوەنـداریی ڕێـی پێنادرێـت، چـونکە کردەی بەستنەوەو ڕێگەی حوکمکردنەکە نامێنێت (بڕوانە(١٠١_اب)).

١٠١ ) ا ــ ئازادی برام

ب ــ ٭ ئازاد برام

کەواتە بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا، کە / ـ ی/ی خستنەپاڵ لە {دەستم، چـاوت، دڵـی}دا دەرنــەبڕدراوە، هێــشتا هــەر وەك فرێــز ڕێــی پێــدەدرێت؟ چــونکە ئەوانــە دروســتەی مۆرفۆسنتاکسی دروستەکانی {دەستی من، چاوی تۆ، دڵی ئەو}ن.  لـە هێڵکـاریی (٢٠)دا دروستەی {دەستم، چـاوت، دڵـی} دەخرێنــەڕوو، کــە دوای دەرنــەبڕینی/ ــ ی/ی خستنەپاڵ جێناوە لکاوەکە ڕاستەوخۆ بە دەرخراوەکەوە هەڵواسراوە.

هێڵکاریی ژمارە (٢٠)




دروســتەکانی (٩٩) لــە نــاوەوە دیارخــەرەکان وەردەگــرن (بڕوانــە(١٠٢)، (١٠٣)، (١٠٤)).

١٠٢) ا- دەستێکی من.  ب- دەستەکەی من  پ- دەستەکانی من

١٠٣) ا- چاوێکی تۆ     ب- چاوەکەی تۆ     پ- چاوەکانی تۆ

١٠٤) ا- دڵێکی ئەو     ب- دڵەکەی ئەو     پ- دڵەکانی ئەو


بەمــە دەردەکــەوێت، کــە فرێــزی دیارخــەریی لــەناو فرێــزی نــاویی خاوەندارییــدا دەشــکێتەوە، لــە (١٠٥)دا یاســای شــکانەوەکە شــێوازبەندکراوە و لــە هێڵکــاریی (٢١)یشدا (١٠٢_ا) نوێنراوە.

١٠٥) [ N⁻ + det]+ D⁻ (بڕوانە(١٠٢)،(١٠٣)،(١٠٤)).


کەواتــــە دروســــتەی (١٠٢ _ ا) {دەســــتێکی مــــن} و دروســــتەی مۆرفۆسینتاکسی{دەستێکم} لە دروستەی {دەستی مـن} و {دەسـتم} جیـاوازن، چونکە دروستەی {دەستێکم} پاش دانەنانی / ـ ی/ی حوکمکەر جێناوی لکاوی/ ـ م/ راســتەوخۆ بــە فرێزەناوییەکــەوە نــەلکاوە، بــەڵکو بــە فرێــزی دیارخەرییــەوە هەڵواســراوە، بۆیــە / ـــ م/ نیــشانەی [کــەس و ژمارەیــە] و دەرخــەری فرێــزی دیارخەرییە(بڕوانە((٧١_اب)) و هێڵکاریی (٢٢).

هێڵکاریی ژمارە (٢١)

دەستێکی من




هێڵکاریی ژمارە (٢٢)




دیارخــەرەکان وەك دەرخــەری دەرەوەی فرێــزی نــاویی خــستنەپاڵی خاوەنــداریی دەرناکــەون، لەبــەر ئــەوە فرێــزی نــاویی خاوەنــداریی لــە نــاو فرێــزی دیارخەرییــدا ناشکێتەوە. هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتــەوە، کــە کــەرتی دووەمــی ئــەم جــۆرە فرێــزە

جێنـاو یـان نـاوێکی تایبـەتیی کـەس و هـەردووکیان لـەناو خۆیانـدا نیـشانەی [+ ناسراویی]یان هەیە (بڕوانە(١٠٦_اب پ)) و لەگەڵ نموونەی (٦٤)دا بەراوردی بکە.

١٠٦) أـ *دەستی منەکە

ب ـ*دەستی ئازادەکە

پ ـ*دەستی کوڕ

هەرچـەندە دروسـتەی (١٠٦_ب) زۆرجـار روودەدات، بـەڵام / ــــ ەکـە/ لـە {ئازادەکـە}دا نیـشانەی [+جیاکردنـەوە] و [+دەستنیـشانکردن]ی هەیـە (بڕوانـە نموونەکانی(٢١)،(٢٢)). دروستەی (١٠٦_پ) نـاوی دووەم، واتـە /کـوڕ/ نیـشانەی [ــ ناسـراویی]ی هەیـە، بۆیـە هەڵسوکەوتی جێنـاو و نـاوی تایبـەتیی ناکـات. لـە دروسـتەی (١٠٢_ اب پ) و (١٠٣_ اب پ) و (١٠٤_ اب پ)دا ناوەکـانی /دەست، چاو، دڵ/ ،کە ئەندامی لەشی مرۆڤن،، نیشانەی [+دیـاریکراو]یـان هەیـە، بۆیـە (١٠٢- ب) و(١٠٣- ب) و (١٠٤- ب) لـە رووی واتـاوە رێیـان پێنادرێـت، چونکە مۆرفێمی/ ـ ەکە/ نیـشانەی [+ ناسـراویی]یـان دەداتـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ناوانە نیشانەی [+دیاریکراو]یان هەیە، بەکارهێنانی ئەو مۆرفێمە کـەم بەهایـە. لـە (١٠٢_ ا) و (١٠٣ _ ا) نـاوی یەکـەمیان، نـاوی ئـەو ئەندامانـەی لەشـە، کـە نیشانەی [+جووت] یان هەیە. بۆیە رێیان پێدەدرێت، چـونکە مـۆرفێمی / ــ ێـك/ نیشانەی [+جیاکردنەوە] و [+تاك]ی هەیە، {ئەم دەستەی من} بەهەمان نیـشانەوە رێی پێدەدرێت. بەڵام ئەگەر ناوەکان ئەو ئەندامانە لەش بن، کە نیشانەی [+تاك]یان هەیە، ئەوا دروستەی ناوەوەی فرێزەکانی (٩٩) هیچ کام لە مۆرفێمەکانی ناسـراویی و نەناسراویی وەرناگرن،چونکە وەرگرتنی ئەو مۆرفێمانە کەم بەهایە وەك لە(١٠٤_ ا ب)دا دەرکەوتووە.

لە جێکەوتەی کـەرتی دووەمـی دروسـتەکانی (١٠٢_ اب پ) و (١٠٣_ اب پ) و (١٠٤_ اب پ)دا ئەو جێناوە سەربەخۆیانە دەرکەوتوون، کـە لـە کـەس و ژمـارەدا تاکن، ئەمەیش بووەتە هـۆی ئـەوەی، (١٠٣_پ) لـەڕووی واتـاوە رێـی پێنادرێـت، بەڵام (١٠٧_اب پ)دا رێی پێدراوە.

دەشـێت نـاوی یەکـەمی ئـەم وەچـەجۆرە فرێـزە نیـشانەی [+گـشتیی]هـەبێت (بڕوانە(١٠٨_اب پ)).

١٠٧) اــ دڵەکانی ئێمە

ب ــ دڵەکانی ئێوە

پ ــ دڵەکانی ئەوان.

١٠٨) ا- کوڕی من

ب- برای من

پ- هاوڕێی من

دروستەکانی (١٠٨_ اب پ) هەمان دەرکەوتن و دروستەی (٩٩_ اب پ)یان هەیە، هەروەها {کوڕم، برام، هاوڕێم}، کە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (١٠٨)ن، هەمان دروستەی {دەستم، چاوت، دڵی}یان هەیە، بەڵام هەمان دەرکەوتنی ئەوانیان نییە، چونکە دروستەکانی {کوڕم، برام، هاوڕێم} بەتەنیا وەك فرێزی ناویی خاوەنداریی ،لە ناو دروستەی وەچەپێکهاتەدا ئازاد نین (بڕوانە(١٠٩_ اب پ)). لە (١١٠_ اب پ) فرێزێکی ناویی سادە، لە ناو فرێزێکی ناویی خاوەنداریی ڕێپێنەدراودا شکاوەتەوە، بەڵام دەرکردەکەی دروستەیەکی ڕاستودروستە. بۆ ئەمەش پێویستە فرێزە ناوییە سادەکە، ناوی تایبەتیی بێت، چونکە ئەگەر فرێزەناوییە سادەکە ناوێکی گشتیی بێت، ئەوا ڕێی پێنادرێت (بڕوانە(١١١_ اب پ)). لە هێڵکاریی ژمارە(٢٣) دا دروستەی (١١٠_ا) دادەڕێژرێت:

١٠٩) ا ــ * برام مامۆستایە.

ب ــ * کوڕم لە هەولێر دەژی.

پ ــ * هاوڕێم ناوی ئازادە.

١١٠) ا ــ میرانی برام

ب ــ نەوزادی کوڕم


پ ــ شیروانی هاوڕێم

١١١ ) ا ــ * ماڵی برام

ب ــ * ژنی کوڕم

پ ــ *خوشکی هاوڕێم

هێڵکاریی ژمارە(٢٣)




لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی نموونەکانی ئەم پارە ئاشکرا دەبێت، کە دوو جۆر خاوەندارییی هەیە: (ا) ئاشنا: ئەو شتانە دەگرێتە کە بمانەوێت و نەمانەوێت پێمانەوە لکاون و لێمان نابنەوە، وەك سیما و ئەندامەکانی لەش و ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتیی دەردەبڕن. (ب) نائاشنا: ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بە ئارەزووی خۆمان دەبینەخاوەنیان[٢٨]. کەواتە دروستەکانی {دەستم، چاوم، دڵم، باوکم، دایکم، پورم، خاڵم} لە جۆری خاوەندارییی ئاشنان، کە بە تەنیا و لەناو دروستەی فرێزی دیکەدا دەردەکەون (بڕوانە (١١٢_اب پ)، (١١٣_ اب پ)). بەڵام دروستەکانی {کوڕم، برام، هاوڕێم} هەرچەندە لە جۆری ئاشنان، بەڵام تەنیا لە ناو دروستەی فرێزی دیکەدا ڕێگایان پێدەدرێت، واتە کەتەگۆرییەکی سینتاکسیی ئازاد نیین، وەك (١٠٩_اب پ)دا دەرکەوت.

١١٢) ا ـ باوکم مامۆستایە.

ب ـ دەستم شکا.

پ ـ خاڵم لە هەولێرە.

١١٣) ا ـ ماڵی باوکم

---

٢٨) محەمەد مەعروف فتاح (١٦٢:١٩٨٠)

ب ــ پەنجەی دەستم

پ ــ کوڕی خاڵم


فرێزی ناویی سادەی شکاوە لەناو فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارییدا دەتوانێت دوو دروستەی هەبێت، بەمەش دوو واتای دەبێت (بڕوانە(١١٤ __ اب پ)).

١١٤) ا ــ ئازادی باوکم ( واتای یەکەم: باوکم کە ناوی ئازادە، واتای دووەم: ئازادی کوڕی باوکم)


ب ــ ئەردەڵانی خاڵم ( واتای یەکەم: خاڵم کە ناوی ئەردەڵانە، واتای دووەم: ئەردەڵانی کوڕی خاڵم)

هەردوو دروستەکەی (١١٤_اب) لە هێڵکارییەکانی (٢٤)،(٢٥)دا ڕووندەکرێنەوە.

هێڵکاریی ژمارە(٢٤) بۆ واتای یەکەم



هێڵكاریی ژماره(٢٥) بۆ واتای دووەم




هێڵكاریی ژماره(٢٥) دەریدەخات، كە لە دروستەی قولّی (١١٤_ب) فرێزێكی ناویی دەرخراو دەرنەبڕاوە.

(١_ب ) خستنەپاڵی خاوەنداریی زگماكیی

لە رووی دروستەوە، ئەم وەچەجۆرە فرێزە خاوەنداربییە هەمان دروستەی خاوەنداریی رووتی هەیە، واتە بۆ پەیوەندی دەرخراو و دەرخەرە. ناوی یەكەم دەرخراوە و ناوی دووەمیش دەرخەرە و خاوەنێكی زگماكیی و هەمیشەیی ناوی یەكەمە (بڕوانە(١١٥_ أب پ)).

١١٥) أ- قاسپەی کەو لە کێوەکان دێت.

ب- زەڕەی كەر دەنگێكی ناخۆشە.

پ- گوێم لە حیلەی ئەسپە.

لەم دروستەیەدا دەرخەر دەتوانرێت لابرێت، چونكە ناوەكانی یەكەم و دووەم، لە سروشتەوە وابەستەی یەكتری بوون و لە رووی واتاوە لە جێكەوتەی هیچ كامێكیاندا ناوی دیكە دانانرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، كە دەرخەرەكەی كەمبەهابێت (بڕوانە(١١٦_ أب پ)).

١١٦) ا ــ قاسپە لە کێوان دێت.

ب ــ زەڕە دەنگێکی ناخۆشە.

پ ــ گوێم لە حیلەیە.

لابردنی دەرخەرەکان لـە (١١٦)دا دەریـدەخات، کـە سـەری ڕێزمـانیی نـین، چـونکە ئەگەر سەری ڕێزمانیی بوونایە نەدەتوانرا دەرنەبڕدرێن. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەو دروستانەی لە (١١٥)دا هێڵیان بە ژێردا هاتووە، جۆرێکیترن لە دەسـتەواژیلە و بە (دەستەواژیلەی خاوەنـداریی) نـاوزەددەکرێن. لەبـەر ئـەو هۆیانـەی (٢/١- ٢٠- ا،ب) ) دەستنیـشانکران، دروسـتەی نـاوەوەی ئـەم وەچـەجۆرە فرێـزە دیارخـەرەکان وەرناگرێت (بڕوانە(١١٧_ اب پ).

١١٧) ا- *قاسپەکەی کەو

ب-* قاسپەیەکی کەو

پ- *قاسپەکانی کەو

ئەم وەچەجۆرەفرێزە لە دەرەوە دیارخەرەکان وەردەگرێـت و دەبێتەسـەری ڕێزمـانیی و دروستەی فرێزی دیارخەریی دروستدەکەن (بڕوانە(١١٨_اب پ)).

١١٨) أ- جریوەی چۆلەکەکە

ب- جریوەی چۆلەکەیەك

پ- جریوەی چۆلەکەکان

### ٢/١ ـ ٣ـ٢ـ ٢ ) خستنەپاڵی تایبەتیی

دروستەی ئەم جۆرە فریزە، هەمان دروستەی خستنەپاڵی خاوەنـداریی هەیـە، بـەڵام کەرتی دووەمی نـاوی تایبەتییـە[٢٩] (بڕوانـە (١١٩))، بـەڵام / ـــ ی/ لـە دروسـتەی خستنەپاڵی تایبەتییدا، دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵ بە فرێزێکـی نـاویی داوە، لەبـەر ئەوەی ئەم / ــ ی/ یە بە لێکدانەوەی [+ گشتیی ]ەوە بەستراوە، خۆی لـە مـۆرفێمی / ــ ی/ ی خاوەنـداریی جیادەکاتـەوە [٣٠]. واتـە / ـــ ی/ لـە دروسـتەی خـستنەپاڵی

---

٢٩) ئەم جـۆرە نـاوە تایبەتییـە لـە ڕووی دروسـتەوە هاوشـێوەی نـاوی تایبـەتیی کەسـە ، بـەڵام وەك ئـەو پەیوەندیی خاوەنداریی دروستناکات ، بەڵکو بۆ ناونانی کەرتی یەکەمی فرێزەکەیە.

٣٠) محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٥٤)

تایبەتییدا ناوی دووەم ناکاتە خاوەنی ناوی یەکەم، بەڵام بە هەمان شێوەی / ـــ ی/ ی خاوەنداریی دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ دەبەخشێت (بڕوانە(١٢٠_اب پ)).

١١٩) [ N⁻ + det] + N⁻


١٢٠) ا- ئامادەیی سلێمانیی [31]

ب- شاری هەولێر

پ- بازاڕی گۆیژە

واتــە /ئامــادەیی، شــار، بــازاڕ/ لــە(١٢٠ — ا ب پ)دا لــە دەرەوەی دروســتەی فرێزەکەدا [+ گشتیی ]ن، بۆیە وەك فرێـزی نـاویی گۆناکـەن، بۆیـە کەتەگۆرییـەکی سینتاکسیی ئازاد نـین، بـە هـۆی شـکانەوەیان لـەناو فرێزەکـانی دیکـەدا ڕێگـەیان پێدەدرێت. لەبەر ئەوەی / ــ ی/ دۆخی ڕێزمـانیی خستنەپاڵ بـە فرێزێکـی نـاویی دەدات، دەبێـت {ئامــادەیی، شــار، بــازاڕ} لــە (١٢٠)دا فرێــزی نــاویی بــن. لــە هێڵکاریی (٢٦)دا دروستەکانی (١٢٠) نوێنراون.

هێڵکاریی ژمارە (٢٦)




لــە (١٢٠)دا نــاوی دووەم، کــە نیــشانەی [+ تایبــەتیی ]ی هەیــە، واتــە نــاوێکی تایبەتیی، فرێزێکی ناویی دیکەیـە و گـۆکردنی دەرخـەری بـۆ نـاوی یەکـەم هەیـە و

---

٣١) لە بنەڕەتدا {ئامادەیی سلێمانیی} بەم شێوەیە دەنووسرێت: {ئامادەییی سلێمانیی}واتـە یـەکێك لـە /ی/کانی /ئامادەیی/ لابراوە.

سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیە، کەواتە ناتوانرێت لابرێت. لەمەوەدەردەکەوێت، کە ناوی دووەم هەڵسوکەوتی دیارخەرەکانی هەیە. بە هۆی ناوی دووەمەوە هەموو فرێزە ناوییە تایبەتییەکە نیشانەی [+تایبەتیی] وەرگرتووە. کەواتە دروستەکانی(١٢٠- اب پ) نیشانەی [+تایبەتیی] یان هەیە. مۆرفێمی/ ــ ی/ لە (٩٩_ ا ب پ) ناوی دووەم دەکاتە خاوەنی ناوی یەکەم، بەڵام ئەو مۆرفێمە لە (١٢٠- ا ب پ )دا تایبەتێتی ناوی دووەم دەگوێزێتەوە بۆ ناوی یەکەم. لەبەر ئەوەی مۆرفێمی / ــ ی/ خستنەپاڵی تایبەتیی دۆخی ڕێزمانیی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەدات، بەبێ بوونە فیزیکییەکەی لە دروستەیەکدا ڕێگە بە دروستەکانی (١٢١- ا ب پ) نادرێت.

١٢١) ا- *ئامادەیی سلێمانی

ب- *شار هەولێر

پ- *بازاڕ گۆیژە

مۆرفێمی / ــ ی/ خستنەپاڵی تایبەتیی لە (١٢٠)دا خاوەنداریی دروستنەکردووە، بۆیە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی ڕێپێنادرێت (بڕوانە(١٢٢_اب پ)).

١٢٢) ا- *ئامادەیی

ب-* شاری

پ- *بازاڕی

لە (١٢٣_اب پ) و (١٢٤_اب پ) و (١٢٥_اب پ)دەردەکەوێت، کە دروستەی ناوەوەی خستنەپاڵی تایبەتیی دیارخەرەکان وەرناگرێت.

١٢٣) ا- *ئامادەییەکەی سلێمانیی ب- *ئامادەییەکی سلێمانیی

پ- *ئامادەییەکانی سلێمانیی.

١٢٤) ا-*شارەکەی هەولێر. ب- *شارێکی هەولێر. پ- *شارەکانی هەولێر

١٢٥) ا- *بازاڕەکەی گۆیژە. ب- *بازاڕێکی گۆیژە. پ- *بازاڕەکانی گۆیژە

نموونەکانی (١٢٣)،(١٢٤)،(١٢٥)ئاشکرای دەکەن، کە فرێزی دیارخەریی لەناو فرێزی ناویی خستنەپاڵی تایبەتییدا ناشکێتەوە، بەمە دەردەکەوەێت، کە فرێزی ناویی خستنەپاڵی تایبەتیی خۆی لە فرێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەنداریی

جیادەکاتەوە (بەراوردی١٢٥,١٢٤,١٢٣ _ ا ب پ لەگەڵ (١٠٤,١٠٣,١٠٢_اب پ)دا بکە).

ئەگەر لە دروستەکانی (١٢٣) و (١٢٤)دا /سلێمانی و هەولێر/ ناوی تایبەتیی شوێن یان ناوی رووبەرێکی جوگرافی بن، ئەوا دروستەی لە جۆری (١٢٦_ أب) و(١٢٧_ أب) ڕێیان پێدەدرێت.

١٢٦) أ- بازاڕێکی سلێمانیی

ب- بازاڕەکانی سلێمانیی.

١٢٧) أ- مزگەوتێکی هەولێر.

ب- مزگەوتەکانی هەولێر.

بەڵام لە دروستەی قوڵی (١٢٦_ أب) و(١٢٧_ أب)دا دەرخراوی /شار یان ناوچە/ دەرنەبڕدراوە لە (١٢٨_أب) و (١٢٩_ أب)دا دروستە بنەڕەتییەکانیان دەخرێنەڕوو. واتە (١٢٦) و (١٢٧) هەمان دروستەکانی (١٢٣) و (١٢٤) و (١٢٥)یان نییە.

١٢٨) ا- بازاڕێکی شار یان ناوچەی سلێمانیی

ب- بازاڕەکانی شار یان ناوچەی سلێمانیی

١٢٩) ا- مزگەوتێکی شار یان ناوچەی هەولێر

ب- مزگەوتەکانی شار یان ناوچەی هەولێر

دروستەکانی (١٢٨) و (١٢٩) دەریدەخەن، کە شکانەوەی فرێزی دیارخەریی لەناو فرێزی ناویی تایبەتییدا، دروستەیەکی دیکەی خستنەپاڵی خاوەنداریی دینێتەکایەوە، هەروەها شکاندنەوەی فرێزی ناویی سادەش لەناو فرێزی ناویی تایبەتییدا هەمان بار دێنێتە کایەوە لە (١٣٠_اب)دا شێوازبەندی دەکرێت.

١٣٠) ا- $[N^{=} + det]+D^{-}$ ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی (بڕوانە(١٢٨) و (١٢٩)).

ب - $[N^{=}+det] +N-$ ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی (بڕوانە(١٣١)).

١٣١) اــ ترێی ناوچەی پێنجوێن

ب ــ ڕەشەبای شاری سلێمانیی

بەهەمان شێوە دروستەی دەرەوەشی دیارخەرەکان وەرناگرن، چونکە ناوی دووەمی ئەم دروستەیە ،کە ناوێکی تایبەتییە، سەری ڕێزمانییە و لەناو خۆیدا نیشانەی [+ناسراویی]یان هەیە، وەك لە (١٣٢_اب پ) و (١٣٣_اب پ) و (١٣٤_اب پ)دا دیارە.

١٣٢) ا-*ئامادەیی سلێمانییەکە        ب- *ئامادەیی سلێمانییەك

پ- *ئامادەیی سلێمانییەکان.

١٣٣) ا- *شاری هەولێرەکە   ب- *شاری هەولێرێك

پ- *شاری هەولێرەکان.

١٣٤) ا- *بازاڕی گۆیژەکە   ب- *بازاڕی گۆیژەیەك   پ- *بازاڕی گۆیژەکان.

دوو فرێزی ناویی خستنەپاڵی تایبەتیی یان زیاتر لەناویەکتردا دەشکێنەوە، چونکە فرێزی خستنەپاڵی تایبەتیی کراوەن[٣٢] (بڕوانە:(١٣٥)). (١٣٥) لەناو فرێزی خاوەندارییی رووتدا دەشکێتەوە (بڕوانە(١٣٦)).

١٣٥) گوندی باڵخێی ناوچەی شارباژێڕی شاری سلێمانیی وڵاتی کوردستان.

١٣٦) گوندی باڵخێی ناوچەی شارباژێڕی شاری سلێمانیی وڵاتەکەم.

### ٢/١- ٤) فرێزی ئاوەڵناویی

دروستەی ئەم جۆرە فرێزە ئاوەڵناوێك بناغەیەتی، وەك چۆن لە فرێزی ناوییدا ناوێك بناغەیە[٣٣] (بڕوانە(١٣٧)).

١٣٧) گەورە، بەرز، مێخۆش، شلەتێن.

ئاوەڵناوەکان پلەدارن، بۆیە لە پێشەوە بە پلە و لە دواشەوە بە مۆرفێمی پلەی بەراورد/ ـ تر/ و مۆرفێمی پلەی باڵا / ـــ ترین/ دەردەخرێن،[٣٤] وەك لە (١٣٨)دا دیارە.

١٣٨) ا- زۆر گەورە، گەورەتر، گەورەترین

ب- زۆر بەرز، بەرزتر، بەرزترین

پ- زۆر مێخۆش، مێخۆشتر، مێخۆشترین

---

٣٢) محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤:٣٨)

٣٣) Noel Burton-Roberts (1997:64)

٣٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو (1997:63)

ت- زۆر شلەتێن، شلەتێنتر، شلەتێنترین

لە (١٣٨)دا دەردەکەوێت ،کە ئاوەڵناو وەك کەتەگۆرییەك توانای وەرگرتنی پلەی هەیە. بەمەش خۆی لە کەتەگۆری ناو جیادەکاتەوە، چونکە ناو پلە و مۆرفێمی پلەی بەراورد/ ـ تر/ و پلەی باڵا / ـ ترین/ وەرناگرێت. (بڕوانە(١٣٩)).

١٣٩) ا- *زۆر کوڕ ب- *کوڕتر پ- *کوڕترین.

هەرچەندە بەهەمان دروستەی (١٣٩_ اب پ)ەوە (زۆر پیاو، پیاوتر، پیاوترین) ڕوویانداوە، بەڵام ناوی /پیاو/ لەو دروستەیەدا، ئاوەڵناوئاسایە و لەناو خۆیدا هەڵگری نیشانەکانی [پیاوەتیی، جوامێریی، نێریی، مێیی،. ......] یە. ئاوەڵناویش بەهەمان شێوە، بە دیارخەرەکان دەرناخرێت، ئەگەرچی زۆر جار دروستەکانی (١٤٠_ ا ب) ڕوودەدەن.

١٤٠) ا- جوانەکە

ب — ئەو جوانە

بەڵام لە دروستەی قوڵی (١٤٠_ أب)دا ناوێك لابراوە، واتا لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە بووە، کە لە (١٤١_ ا ب )دا ڕوویانداوە.

١٤١) ا- کچەجوانەکە

ب- ئەو کچەجوانە

ئایا ئاوەڵناو وەك بناغەیەك دەتوانێت لە هەمان کاتدا، پلە و مۆرفێمی پلەی بەراورد / ـ تر/ و پلەی باڵا / ـــ ترین/ وەربگرێت ؟ وەڵامەکەی لە نموونەکانی (١٤٢_ اب)دا ڕووندەکرێتەوە.

١٤٢) ا- زۆر گەورەتر * ب- زۆر گەورەترین

(١٤٢_ ا) ڕێگەی پێدراوە، چونکە / ـ تر/ لە (گەورەتر)دا پلەیەکی دانەخراوەی بە ئاوەڵناوەکە داوە، /زۆر/ وەك پلەیەکی بەرزی نادیار لە دروستەیەکی تری وەك (کەم گەورەتر)ی جیادەکاتەوە، بەڵام لە (١٤٢_ ب)دا، / ـــ ترین/ پلەیەکی بەرزی داخراوە و نیشانەی [+ لوتکە]ی بە ئاوەڵناوی (گەورە) داوە، بۆیە پلە وەك دەرخەری پێشەوەی کەم بەهایە.

پلە دەرخەرێکی پێشەوەی ئاوەڵناییە و پلەیەکی نادیاریان پێدەدەن، کەواتە ئاوەڵناوەکان پلەیەکی نادیاریان هەیە، کە دەتوانرێت بەرزو نزمی پێبکرێت، وەك

لـە(١٣٨_اب)دا روویـداوە، بـەڵام هەنـدێك ئاوەڵنـاو لـەناو خۆیانـدا نیـشانەی [+ ناوەند]یان هەیە، بۆیە لـەڕووی واتـاوە ڕێگـە بـە (١٣٨_ پ ت) نادرێـت، نـەك لـە رووی دروستەوە.

ئاوەڵناو نیشانەیەکە بۆ روونکردنەوەوە و دەستخستنەسەری تایبـەتێتی شـتەکانی سروشت (ناوی گیانلەبـەر و بێگیـان، ئەبـستراکت و کۆنکرێـت) [٣٥]،کەواتـە ئاوەڵنـاو دەخرێتەپاڵ ناو [٣٦]

لە نموونەکانی (١٣٧)دا دروستەی فرێزێکی ئاوەڵنـاویی دەسـتکەوت و لـە (١٤٣)دا شێوازبەندی دەکرێت.

١٤٣) A ⟵ A⁻

لە (١٣٨)دا بە پلەو مۆرفێمی پلەی بەراورد / ــ تـر/ و پلـەی بـاڵا / ـــ تـرین/وەك دەرخـــەرەکانی پێـــشەوەو دواوەی فراوانکـــرا. کەواتـــە ئاوەڵناوەکـــە وەك دەرخـــراو گۆدەکات. لەمەوە لە (١٣٨)دا (زۆر و تر و ترین ) کە دەرخەرن، بەبێ ئاوڵناوەکـان هیچ گۆکردنێکیان نییە.

بەم پێیە پلەو مۆرفێمی پلەی بەراورد / ـ تر/ و پلەی باڵا / ـــ تـرین/ بـەبێ بناغـە (کە ئاوەڵناوێکە) هیچ گۆکردنێکیان نییە، بۆیە لە (١٣٤)دا ئاوەڵناو وەك دەرخـراو بە تەنیا روویداوە. بەڵام لە(١٣٨)دا پلە و مۆرفێمی پلەی بەراورد / ـ تـر/ و پلـەی باڵا / ــ ترین/ بەتەنیا روونادەن (بڕوانە(١٤٤_ ا ب پ)).

١٤٤) أ- *زۆر ( وەك پلە، نەك وەك ئاوەڵناو)

ب- *تر

پ- *ترین

لەمەوە ئاوڵناویش وەك دەرخەرێکی ناو، بەبێ ناو هیچ گـۆکردنێکی نییـە. کەواتـە ئاوەڵناو لە ناو فرێزی ناوییدا روودەدات[٣٧]، بەهەمان شـێوە بەشـداری لـە دروسـتەی دەسـتەواژیلەی ئاوەڵناوییـشدا دەکـات (بڕوانـە(٥٢)). لـە (١٤٥_ ا ب پ ت )دا روودانی فرێزی ئاوەڵناویی لەناو فرێزی ناوییدا ڕووندەکرێتەوە.

---

٣٥) د. فاروق عومەر سدیق (وانەی خوێندنی باڵا: ٢٠٠٤)

٣٦) BENT JACOBSEN (1985:71)

٣٧) Noel Burton-Roberts (1997:171)

١٤٥) أ- بەردی گەورە لەشاخەکە کەوتە خوارەوە.
ب- کوردستان شاخی بەرزی زۆرە.
پ- هەناری مێخۆشم خوارد.
ت- ئاوی شلەتێن دەست ناسوتینێت.

(١٤٥) دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە، بە یاسای سەرکۆتایی ئاوەڵناو سەری رێزمانییە و لە رێی مۆرفێمی / ـ ی/یەوە حوکمی فرێزێکی ناویی کردووە و دۆخی رێزمانی خسنەپاڵی بە فرێزەناوییەکە داوە. ناوی یەکەم لە (١٤٥_اب پ ت)دا بە نیشانەی [+گشتیی]یەوە نابێتە فرێزێکی ناویی، کەواتە ئاوەڵناویش، هەمان رۆڵی دیارخەرەکانی هەیە (بڕوانە( ١/٢- ٢-اب)). لە (١٤٦)دا روودانی فرێزی ئاوەڵناویی لە ناو فرێزی ناوییدا روونکراوەتەوە.

١٤٦) ا- بەردی زۆر گەورە
ب- بەردی گەورەتر
پ- گەورەترین بەرد.

لە (١٤٦_ پ)دا (گەورەترین) وەك دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناویی گۆدەکات و وەك پلە خۆی دەنوینێت (بڕوانە(١٤٢_ب)). لە (١٤٦_ پ)دا لەبەر ئەوەی / ـ ی/ی خستنەپاڵ بوونی فیزیکی نەماوە، بۆیە ئاوەڵناو لەم دروستەسینتاکسییەدا حوکمکردنی نییە. لە(١٤٦_پ)دا هۆیەکی سینتاکسیی بۆ رێگەنەدانی (١٤٢_ ب) رووندەبێتەوە، ئەمیش ئەوەیە، کە کاتێك دەرخەر پلەی بالاّی ئاوەڵناو بێت، تەنیا یەك جێکەوتە بۆ دەرخەری پێشەوە هەیە، چونکە دوو پلە بەدوای یەکدا نایەن. لە(١٤٧)دا دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی شێوازبەندکراوە:

١٤٧) [A⁻ +det]+ N

پرۆژەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، کە بەیاریدەی / ـ ی/ی خستنەپاڵ لە دوو کەرت یان زیاتر پێکدێت، لەسەر یاسای ریزبوونێکی سیمانتیکیی تەکنشینیی، پرۆژەکە دروستدەکەن.[٣٨] واتە ئاوەڵناو وەك دیاریکەری نیشانەکانی ناو، پێویستە بکرێتە دەرخەری ئەو ناوانەی، کە لەڕووی واتاوە نیشانەکانی لەگەڵی رێکدەکەون.

---

٣٨) هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد (٢٠٠٣:٧٥)


کەواتــە دروســتەیەك لــە جــۆری یاســای (١٤٧)، قــاڵبێکی ڕێزماندروســت دێنێتــە کایەوە، بۆیە دەبێت  لە رووی واتاشەوە راستبێت.
لە(١٤٥_پ)دا/مێخۆش/ تامێکی تایبەتە بە /هەنار/ەوە، ڕێکەوتنی واتایی لەگـەڵ هیچ ناوێکدا نییە، کە ئاماژە بێت بۆ میـوە و خـواردنێکی تـر. لـە (١٤٥_ ت) دا /شلەتێن/ تینێکی تایبەت بە /ئاو/ەوە ناکرێت دەرخەری هیچ شلەیەکی دیکە بێت.
دروســتەی فرێــزی خــستنەپاڵی ئاوەڵنــاویی لــە نــاوێکی گــشتیی و ئاوەڵناوێــك دروستبووە. ئاوەڵناوەکە وەك کەرتی دووەمی دروستەکە، کـە دەرخـەری ناوەکەیـە، نیشانەی [+جیاکەرەوە] بە ناوە گشتییەکە دەدات. لە (١٤٨)دا {گوڵی سـور } لـە ڕەنگـەکانی دیکـەی /گـوڵ/ جیادەکاتـەوە، بـەڵام لـەم جـۆرەدا هـەموو دروسـتەکە نیشانەی [+گشتیی] هەیە، چونکە دروستەکە لە رووی واتاوە، دەستنیـشانکردنێکی گشتیی تێدایە.  لە (١٤٨_ا)دا  {بەردی گەورە} ئاماژەیەیەکـە بـۆ بـەردێك، کـە (گەورە) بێت و (بچوك) نەبێت.
١٤٨) گوڵی سوور.
لە بەرئەوەی دروستەی {گوڵی سوور} لە (١٤٨)دا، نیشانەی [+گشتیی]هەیـە، لـە سینتاکـسدا هەڵـسوکەوتی نـاوی گـشتیی نیـشاندەدات (وەك نـاوی گـشتیی/کـوڕ/ هەڵــسوکەوتدەکات بڕوانــە(١٠))، بۆیــە بــەبێ قورســایی خــستنەسەر وەك بکــەر گۆناکات (بڕوانە(١٤٩)).
١٤٩) گوڵی سوور لەباخەکەدا رواوە.
١٥٠)  ا- گوڵێکی سوور.
ب- *گوڵەکەی سوور.
پ- *گوڵەکانی سوور.
بـەڵام لـە دروسـتەی نـاوەوەی (١٥٠_ ا)دا دیارخـەری / نەناسـراویی/ وەرگرتـووە. بەمەش دروستەکەی لە [+گشتیی]یـەوە بـۆ [+ دیـاریکراو] گواسـتووەتەوە، چـونکە مۆرفێمی/ ـ ێك/ نیشانەی [+تـاك]ی بـە ناوەکـە داوە.  بۆیـە ئاوەڵنـاو و مـۆرفێمی نەناسیاری پێکـەوە، دروسـتەکەیان لـە رووی ژمـارەوە بـەرەو دیـاریکراویی بـردووە، کەواتە (١٥٠ _ ا) هەمان واتای {یەك گوڵی سور}ی هەیە.

(١٥٠_ ا ) بەڵگەی شکاندنەوەی فرێزی دیارخەرییە لەناو فرێزی ئاوەڵناوییدا و (لە (١٥١)دا شێوازبەندکراوە. رێگەنەدان بە (١٥٠ _ ب پ) هۆکارێکی واتاییە، چونکە ئاوەڵناوی (سوور) وەك دەرخەری ناوی /گوڵ/ نیشانەی [+ دیاریکراو] ی پێداوە. بەهەمان شێوە مۆرفێمی ناسراویی /ەکە/ نیشانەی دیاریکراوی بە ناوەکە دەدات، بۆیە بەکارهێنانی هەردووکیان پێکەوە لە رووی واتاوەکەم بەهایە. واتە، پێکهێنان و سازدانی دروستەسینتاکسییەکان بۆ دروستکردن و گەیاندنی واتایە.


$A^{=} \longleftarrow [A^{-}+det]+D^{-}$ (١٥١

دروستەی (١٤٨) لە هێڵکاری (٢٧) و دروستەی (١٥٠_ أ) لەهێڵکاریی (٢٨)دا دەخرێنەڕوو.

هێڵکاریی ژمارە (٢٧)




هێڵکاریی ژمارە (٢٨)




دیارخەرەکان نابنە دەرخەری دواوەی فرێزی ئاوەڵناویی، چونکە (ا) کەرتی دووەمی دروستەکە، ئاوەڵناوێکەو (ب) ئاوەڵناو لە دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییدا، سەرێکی حوکمکەرە، ئەمەش وایکردووە، کە لە کۆتاییدا دیارخەرەکان وەرنەگرێت. بەم پێیە رێگە بە (١٥٢_ ا ب پ) نادرێت.

١٥٢) ا- *چاوی شینەکە.


ب- *چاوی شینەکان.

پ- *چاوی شینێك.


یاسای ژمارە (١٤٧) بە پلەیەك، کە دەرخەری پێشەوەی کەرتی دووەمە فراواندەکرێت (بڕوانە(١٤٦_ ا)). هەروەها بە پلەی بەراورد، دەبێتە دەرخەری دواوەی کەرتی دووەم. وەك لە نموونەی (١٤٦_ ب)دا دیارە، چونکە کەرتی دووەمی دروستەکە ئاوەڵناوە.

دروستەی (١٤٦_ أ) لە هێڵکاریی (٢٩) و دروستەی (١٤٦_ ب) لەهێڵکاریی (٣٠)دا دەخرێنەڕوو.

هێڵکاریی ژمارە (٢٩)




هێڵکاریی ژمارە (٣٠)




(١٥٢_ أ ب پ)دەریدەخات، کە فرێزی ئاوەڵناویی لەناو فرێزی دیارخەرییدا ناشکێتەوە.

دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی پرۆژەیەکی دانەخراوە، بۆیە دەتوانرێت لەدواوە

ژمــارەی ئاوەڵناوەکــانی زیادبکرێــت. ئــەم دیاریدەیــەش بــە دەرخــەری ئــاڵۆز ناوزەددەکرێت (بڕوانە(١٥٣)).

١٥٣) پیاوی ئازای بەجەرگی چاونەترس.

لە (١٥٣)دا هەریەك لە(ئـازا و بەجـەرگ و چـاونەترس) دەرخـەرێکی ئـاڵۆزی نـاوی /پیاو/ن.

لــە (١٤٥_ أب)دا روونکرایــەوە، کــە فرێــزی ئاوەڵنــاویی لــەناو فرێــزی ناوییــدا روودەدات. بەپێی یاسای ژمارە (١٤٧) هەردوو فرێزەکە(یـەك فرێـزی نـاویی و یـەك فرێزیــی ئاوەڵنــاویی) دەرکــەوتن، بــەڵام لــە(١٥٤)دا لەگــەڵ کــرداردا رۆیــشتووە، هۆکەشــی بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، کــە کردارەکــە بێهێــزەو کــرداری بێهێــزیش رۆڵــی بابەتانە نادات و ناشتوانێت بەتـەنیابێت، لەبـەر ئەمەیـشە فرێـزی ئاوەڵنـاویی ،کـە رێگەی پێنادرێت، خۆی بەکردارەکەوە دەبەستێتەوە.

١٥٤) نەسرین جوانە.

فرێزی ئاوەڵناویی بەهەمان ئەو دروستانەوە ،کە لـە نموونـەکانی (١٣٧) و (١٣٨)دا ئاماژەیان پێدرا، لە چێوەی بەشەکرداریشدا روودەدەن (بڕوانە(١٥٥)).

١٥٥) أ- ئازاد جوان یاریدەکات.

ب- ئازاد زۆر جوان یاریدەکات.

لە (١٥٥_ أب) {جوان} و {زۆر جوان} بە دروسـتە فرێـزی ئاوەڵنـاویین و لـە نـاو بەشەکرداردا روویانداوە و وەك دەرخەری کـرداری /یاریـدەکات/ گۆدەکـەن، ئەمـەش لەبەرئەوەیە، کە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەرکـەوتوون و وەك ئـەویش گۆدەکـەن، بە ئاوەڵکردارئاسا ناوزەددەکرێن.

گــەر لــە فرێزەکــانی دیارخــەریی و نــاویی و خــستنەپاڵی ئاوەڵنــاویی بڕوانرێــت، دەردەکــەوێت، کــە ســەرەواتاییەکان نــاوی گــشتیین و ســەرەڕێزمانییەکانیش، کــە هەڵگری ناونیشانی فرێزەکەن، بۆ دەرخستنی ئەو نـاوە(سـەرەواتاییەکە) رێکخـراون. لە (١/١)دا ئەوە خرایەڕوو، کە رستە دوو پێکهاتـەی سـەرەکییە، بەشـی بکـەریی و بەشــی کرداریــی. بەشــەبکەرییەکە هەمیــشە جێکەوتــەی فرێزێکــی ناوییــە و بەشەکردارییەکەش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە.

فرێزی دیارخەریی و خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، لەبەرئەوەی سەرەواتاییەکانیان ناون دەتوانن بەهەمان گۆگردنەوە لە جێکەوتەی بەشەبکەرییەکەدا دەربکەون. لەمەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەو فرێزانەی فرێزی ناویی نین و لەجێکەوتەی بەشەبکەرییدا یان لە جێکەوتەکانی فرێزی ناوییدا دەردەکەون، فرێزی ناوییئاسان (بڕوانە(١٥٦_ أب)).

١٥٦) ا- کوڕەکە بەیەکەم دەرچوو.

ب- کچێکی زیرەك بەیەکەم دەرچوو.

ئەوەی لە (١٥٦_ا) هێڵی بە ژێردا هاتووە، لەڕووی دروستەوە، فرێزی دیارخەرییەو بەهۆی ئەو جێکەتەیەی تیایدا دەرکەوتووە، بە فرێزی ناوییئاسا ناودەنرێت. ئەوەشی لە (١٥٦_ب)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە و بەهۆی ئەو جێکەتەیەی تیایدا دەرکەوتووە، فرێزی ناوییئاسایە.

### ٢/١-٥) فرێزی پێشناویی و فرێزی ئاوەڵکرداریی

فرێزی پێشناویی لە پێشناوێك و فرێزێکی ناویی پێکدێت.[٣٩] واتە جێکەوتە و ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە دوای پێشناوەکەوە، شوێنی فرێزێکی ناوییەو لە (١٥٧)دا شێوازبەنددەکرێت.

١٥٧) $P^{-} \longleftarrow N^{=}$ + PREPOSTION

پێشناو لە دروستەی فرێزی پێشناوییدا سەرێکی حوکمکەرە، ئاراستەی حوکمکردنەکەشی بەپێچەوانەی سەرەڕێزمانییەکانی دیکەوەیە، چونکە لە راستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزێکی ناویی دەکات.[٤٠]

پێشناو لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا هەمیشە تەواوکەرێکی هەیە، واتە دروستەکە لەسەر و تەواوکەر پێکدێت، بەڵام پێشناو بەبێ ئەو تەواوکەرە، کە فرێزێکی ناوییە، هیچ گۆکردنێکی نییە. لە (١٥٨_ا)دا دروستەیەکی تەواوی فرێزی پێشناویی دیارە.

٣٩) Randolph Quirk & Sidney Greenbaum (1973:143)

٤٠) Asma Ismail Zeydan (2002:16)

له (١٥٨_ب پ)دا ڕێگەنەدان و نادروستی بە تەنیاهاتنی پێشناو و تەواوکەرەکەی ڕووندەبێتەوە.

١٥٨) ا- کراسەکەم له ئازاد کڕی.

ب- *کراسەکەم له کڕی.

پ- *کراسەکەم ئازاد کڕی.

واتە، دروستەی فرێزی پێشناویی دروستەیەکی ناسادەیە و بەشەکانی وابەستەی یەکترین، نەبوون و قرتاندنی هەریەکێکیان دروستەیەکی نادروست دێنێتەکایەوە.[٤١] لەمەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندیی پێشناو و تەواوکەرەکەی لە فرێزی پێشناوییدا پەیوەندییەکی نەپچڕاو و لێکنەترازاوە.

وەك گوترا، پێشناو لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا سەری حوکمکەرە، بەڵام زۆر جار ئەگەر تەواوکەرەکەی فرێزێکی دیارخەریی بێت و فرێزەدەرخەرییەکەش بە یەکێك لە ناوەئاوەڵکردارییەکانی /تەنیشت، بەرامبەر، لا، دەوروبەر، ئەملاولا، پاش، پێش،..../دەرخرابێت، ئەوا پێشناو دەتوانرێت لاببرێت، ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گشت ئەو ناوەئاوەڵکردارییانە هەمان نیشانەی پێشناوەکەیان هەیە، کە [+ شوێن]ە، بۆیە ئەو ڕۆڵە ناوەئاوەڵکردارییەکان، بە هۆی قورسایی خستنەسەرەوە، دەیبینن (بڕوانە(١٥٩)). ئەم دیاریدەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بوونی هەیە، وشەکانی (beside,before,after,during,....) ڕۆڵی پێشناو دەبینن.[٤٢]

١٥٩) ا-ماڵمان لە تەنیشت خوێندنگەکەیە. ◄——— ب- ماڵمان تەنیشت خوێندنگەکەیە.

پ- زانکۆ لە بەرامبەر گردی جۆگەیە. ◄——— ت- زانکۆ بەرامبەر گردی جۆگەیە.

له لایەکی دیکەوە لە (١٥٩)دا دروستەکانی (تەنیشت خوێندنگە، بەرامبەر گردی جۆگە) دروستەی خستنەپاڵی بێیاریدە دروستدەکەن، لەبەرئەوەی کەرتی یەکەمی ئەم دروستانە ناوی ئاوەڵکردارین ڕێگەبەوەدراوە، کە لەگەڵ کەرتی دووەمدا

---

٤١) Asma Ismail Zeydan (2002:16)

٤٢) Noel Burton-Roberts (1997:24)

بەبێیاریــدە بخرێنەپاڵیــەك[٤٣]، بــەڵام / ــ ی/ خــستنەپاڵ لــەو دروســتەیەدا هــەبوونی هــەبووە، چــونکە هــەمان دروســتە بەیاریــدەی / ــ ی/ی سەرپــشکیی خــستنەپاڵ پێکهاتووە (بڕوانە(١٦٠)).

١٦٠) ا- ماڵمان تەنیشتی خوێندنگەکەیە.

ب- زانکۆ بەرامبەری گردی جۆگەیە.

یاسای ژمارە(١٥٧) ئەوەی دەرخست، کە جێکەوتەی تەواوکەری پێشناو، فرێزێکـی ناوییــە، لــە (١٦١)دا دەردەکــەوێت، کــە فرێــزی دیارخــەریی و فرێــزی خــستنەپاڵی ئاوەڵناوییش دەتوانن لــەو جێکەوتەیــەدا دەربکــەون، بۆیــە دەبنــە فرێــزی ناوییئاســا ئەمەیش لە (١٦٢_اب)دا شێوازبەنددەکرێت.

١٦١) ا- برنجەکەم بە پیاوەکە فرۆشت.

ب- برنجەکەم بە پیاوێکی پیر فرۆشت.

١٦٢) ا - $D^{-} + P$ (بڕوانە(١٦١_ا)).

ب - $A^{=} + P$ (بڕوانە(١٦١_ب)).

ئەوەی لە (١٦١_أ)دا هێڵی بە ژێردا هــاتووە، فرێزێکــی دیارخەرییــە و ئــەوەی لــە (١٦١_ب)یشدا هێڵی بە ژێردا هاتووە، فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە.

یاسای ژمارە (١٥٧) دروستەیەکی سنتاکسیی ئەبستراکتیی فرێــزی پێــشناوییە. لــە رووی سینتاکسەوە ،دەشــێت گــشت پێــشناوێك لــە جێکەوتــەی ســەرەڕێزمانییەکە و گشت فرێزێکی ناویی لە جێکەوتــەی تەواوکەرەکەیــدا دابنــرێن، بــەڵام پێویــستە لــە رووی واتاوە سەر و تەواوکەر رێبکەون.

پێــشناوەکان لــە رووی فۆرمــەوە ســادەن و لــەناو خۆیانــدا هــەڵگری ئەونیــشانە واتاییانــەن، کــە لــە تەواوکەرەکانییانــدا رەنگدەدەنــەوە، ئــەو نیــشانانەش، کــە پێشناوەکان بەسادەیی نایدەن، لە رێگەی ئەو پاشگرە ئاوەڵکرداریيانەوە دەیدەن، کە لــە ئاســتی سینتاکــسدا دروســتدەبن و دەردەکــەون (وەك /-ەوە/،/-دا/ ). ئــەو پاشگرەئاوەڵکردارییەسینتاکسیانە لەلایــەن پێــشناوەکە دەهێنــرێن و پێکــەوە ئــەو نیشانەئاوەڵکردارییانە بە فرێزەناوییەکە دەدەن، کــە پێــشناوەکان بــە تــەنیا نایــدەن،

---

٤٣) وانەکانی خوێندنی باڵای محەمەدی مەحوی (٢٠٠٥)

کەواتە لەو جۆرەدروستانەدا، چۆن هەبوونی پێشناوەکە خورتییە. هەبوونی ئەو پاشگرانەش بۆ واتاخورتیین، چونکە لابردنیان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، زۆر جاریش لابردن و نەبوونیان لەنگی دروستەیی و واتایی دێنێتە کایەوە (بڕوانە(١٦٣_اب)).

١٦٣) ا- ئێمە ماڵمان لە سلێمانییە.

ب- ئێمە لە سلێمانییەوە هاتووین.

لە (١٦٣_ا)دا فۆرمێکی سادەی هەیە و بە بێ پاشگری ئاوەڵکرداری نیشانەی [+شوێن]ی بە فرێزی ناویی {سلێمانی} داوە، بەڵام لە(١٦٣_ب)دا پێشناوەکە بە سادەیی توانای گەیاندنی واتای سەرچاوەو ئاراستەی نییە، بۆیە پاشگری ئاوەڵکراریی / ـ ەوە/ی هێناوە. لابردنی پاشگری / ـ ەوە/لە دروستەکەدا لەنگی واتایی دێنێتە کایەوە، چونکە لەو رستەیەدا، کرداری (هاتووین) فرێزێکی پێشناویی وەچەرەگەزدەکات، کە واتای سەرچاوەو ئاراستە بگەیەنێت (بڕوانە(١٦٤)).

١٦٤) * ئێمە لە سلێمانی هاتووین.

لە نموونەی (١٥٨_ب پ)دا زانرا، کە پێشناو و تەواوکەرەکەی بەبێ بوونی یەکتر گۆکردنیان نامێنێت، بەڵام فرێزی پێشناویی خۆشی لە ناو بەشەکرداردا رووددەدات و لە دەرەوەی ئەو بەشەکردارییە هیچ گۆکردنێکی نییە، چونکە فرێزی پێشناویی لە رووی سینتاکسییەوە پەیوەندی لەگەڵ کرداردا هەیە و لەڕووی واتاشەوە زانیاری لەسەر کردارەکە دەدات. واتە فرێزی پێشناویی لەبەر ئەوەی لە یەکێك لە جێکەوتەکانی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە، رۆڵی ئاوەڵکردارئاسا ببینێت، جێکەوتەی فرێزەئاوەڵکردارییەکان بەپێی چەشنەکانیان، چەسپاو و نەگۆڕن. لە (١٦٥)دا جێکەوتەکانی ئاوەڵکردار نیشاندەدرێت.

١٦٥) بکەر + ئاوەڵکرداری کات + ئاوەڵکرداری شوێن + بەرکاری راستەوخۆ + بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کردار[٤٤]

جێکەوتەی فرێزەئاوەڵکردارییەکان، جگە لە ئاوەڵکرداری کات، فرێزی پێشناوییە (بڕوانە(١٦٦)).

١٦٦) من بەیانی زوو لە بازاڕ نانم بۆ نەخۆشەکە کڕی.

٤٤) محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤:١٧)

لـه (١٥٥_اب)دا رۆڵـی ئاوەڵنـاو لـه پڕکردنـەوەی چـاڵی ئـاوەڵکرداری چـۆنێتییدا روونکرایەوە، که دەرکەوتنی ئاوەڵناو بوو لـه جێکەوتـەی ئـاوەڵکرداری چـۆنێتییدا. گواســتنەوەی ئاوەڵنــاو بــۆ ئــەو جێکەوتەیــە بــەهۆی تایبــەتێتیی و نیــشانه واتاییەکانیەوەیـەتی، کـه چـۆنێتییه. بـۆ نموونـه ئاوەڵنـاو لـه دروسـتەی فرێـزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییدا، وەك دەرخەری نیشانەی چۆنێتیی فرێزی ناویی خۆی نواند، کاتێکیش دەگوێزرێتـەوە بـۆ نـاو یـەکێك لـه جێکەوتـەکانی ئـاوەڵکردار، رۆڵەکـەی دەبێته دەرخستنی چۆنێتی روودانی کردارەکـه، کەواتـه نیـشانه واتاییەکـەی لەگـەڵ خۆی دەبات، هەمان باریش دەربارەی فرێـزی رادە راسـته، چـونکه جێگـۆڕکێکردنی رادە بەنیـشانەی [+چـەندێتیی]ەوەیـه (بڕوانـه(٨٥،٨٨)). سـەبارەت بـەئاوەڵکرداری /زوو، دڕەنگ/یش، کاتێك دەبرێته ناودروستەی فرێـزی خـستنەپاڵی ئاوەڵناوییـەوە، نیشانەی [+ کات]لەگەڵ خۆیدا دەبات (بڕوانه(١٦٧)).

١٦٧) بەیانیەکی زوو/ دڕەنگ بۆ بازاڕ چووم.

{بەیانییەکی زوو/ دڕەنگ}هەمان دروستەی (١٥١)ی هەیـه و {زوو/دڕەنـگ}یـش ئاوەڵناوئاسان.

بەڵام لەبەر ئەوەی فرێزی ناویی ئـەو نیـشانه ئاوەڵنـاویی و ئاوەڵکرداریيانـەی نییـە، ناتوانێت لەو جێکەوتەیەدا دەرکەوێت (بڕوانه(١٦٨_ اب)).

١٦٨) ا- *کوڕەکان دووکەس رۆشتن.

ب- *خوێندکارەکان پۆل هاتنەوە.

هەندێك فرێزی نـاویی چـەمکی کـات دەگەیـەنن و دەتـوانن لایـەنی کـاتی روودانـی کردارەکه دەربخەن و له جێکەوتەی ئاوەڵکرداری کاتدا دەربکەون، ناوەکانی /بەیانی/ بەیانی زوو ، نیوەڕۆ، شەو، پاشنیوەڕۆ، نیوەشەو، هاوین، بەهار، زستان، پایز،..../ ئەمانه فرێزی ناویین، بەڵام بەهۆی ئەوەی له جێکەوتەیەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون و دەبنه فرێزی ئاوەڵکردارییئاسا(بڕوانه(١٦٩)).

١٦٩) کوڕەکان بەیانی/ نیوەڕۆ/ شەو/ پاشنیوەڕۆ/ نیوەشەو هاتنەوە.

جگه له رێگەی فرێزی پێشناویی، چەند رێگەیەکی دیکەیش هەن، بۆ ئەوەی فرێـزی ناویی نیشانەی ئاوەڵکرداریی پێببەخشرێت و لەو جێکەوتەیەدا دەربکەوێت.

١) دووبارەكردنەوەی فرێزەناوییكە بەبێیاریدە وەك /دووكەس دووكەس/ دوو دوو، پۆل پۆل، كوڕ كوڕ،..../. بەیاریدە وەك /پۆلاوپۆل، كوڕاوكوڕ،. ..../ یان /دوو بە دوو، پۆل بە پۆل، دێ بە دێ ،...../(بڕوانە(١٧٠)) و لەگەڵ (١٦٨)دا بەراوردیبكە.

١٧٠) ا- خوێندكارەكان دووكەس دووكەس/ دوو دوو چوونە پۆلەوە.

ب- خوێندگەكە پۆل پۆل هاتنە دەرەوە.

پ- بەڕێوبەرەكە پۆلاوپۆل گەڕا.

ت- پارەكە كوڕاوكوڕ بەشیاندەكات.

٢) لە رێگەی هەندێك پاشگری وەك /-انە/ و /- ئاسا/ هەندێك ناوی گشتیی نیشانانەی ئاوەڵناوییان پێدەدرێت و بە هەمان مەرجی دروستەی (١٥٥) لە جێكەوتەی فرێزی ئاوەڵكردارییدا دەردەكەون :

پیاو + انە ←——— پیاوانە، كوڕ + انە ←——— كوڕانە

شێر + ئاسا ←——— شێرئاسا، پڵنگ + ئاسا ←——— پڵنگئاسا

دەشتوانرێت هەمان واتا و رۆڵی هەردوو پاشگری /- انە/ و/- ئاسا/ بەهۆی مۆرفێمی /وەك/ەوە ببینرێت، بۆ نموونە { وەك شێر، وەك پڵنگ، وەك پیاو، وەك كوڕ}. (بڕوانە(١٧١)) لەگەڵ (١٥٥)دا بەراوردیبكە.

١٧١) ا- ئازاد كارەكەی پیاوانە/ وەك پیاو راپەڕاند.

ب- پێشمەرگەكان شێرانە/ وەك شێر بەسەر دوژمندا سەركەوتن.

واتە دروستەی فرێزی ئاوەڵكردارییی دەشێت تەنیا یەك ئاوەڵكرداربێت و ئەمەیش لە (١٧٢)دا شێوازبەندكراوە.

١٧٢) ADVERB ←——— ADVERB P (بڕوانە(١٧٣)).

١٧٣) ا- نەوزاد دەرەنگ هاتەوە.

ب - من زوو بۆ زانكۆ دەچم.

ئەوانەی لە نموونەكانی (١٧٣)دا هێڵیان بە ژێردا هاتووە، نموونەی دوو ئاوەڵكرداری رەسەنن، كە ئاماژەن بۆ كات، ئەم ئاوەڵكردارانە سەربەخۆن و دەتوانرێت لابرێن(بڕوانە(١٧٤)).

١٧٤) نەوزاد (زوو/ دڕەنگ) هاتەوە.

فرێزەئاوەڵکردارییەکانی (١٧٤) دەشێت بە پلەیەك وەك دەرخەری پێشەوەی فرێزەکە فراوانبکرێـــت، چـــونکە ئـــەم جـــۆرە فرێزەئاوەڵکردارییـــە رەســـەنانە پلـــەدارن (بڕوانە(١٧٥)).

١٧٥) نەوزاد زۆر زوو/ دڕەنگ هاتەوە.

پلـەدارێتیی ئـاوەڵکردارە رەسـەنەکان وادەکـات، کـە لـە دواشـەوە مـۆرفێمی پلـەی بەراورد / ـ تر/ و پلەی باڵا / ــ ترین/ وەرگرن، بەڵام ئـەو ئـاوەڵکردارە رەسـەنانەی کە بە پلەی باڵا / ــ ترین/ دەردەخرێن رەفتاری دەرخەری پێـشەوەی فرێـزی ناوییـان دەدرێتێ و لە ئاوەڵکردارییی دەکەون (بڕوانە(١٧٦_ اب)).

١٧٦) أ- ئازاد زووتر/ دڕەنگتر گەیشت.

ب- ئازاد بە زووترین کات / دڕەنگترین کات رێگەکەی بڕی.

فرێزی ئاوەڵکردارییی(ئەوانەی ئاوەڵکرداری رەسەنن.) و فرێزی پێشناویی سەر پشکێن و هـەمان هەڵـسوکەوتی سینتاکـسییان هەیـە، چـونکە هـەردووکیان بەکردارەکـەدا هەڵواســراون. ئەگەرچــی زۆر جــار بــۆ مەبەســتی جــەختکردنیش جێگۆڕکێیــان پێدەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتـدا لەگـەڵ کردارەکەدایـە و جێگـۆڕکێ پێکردنیـان واتـا و گۆکردنی نوێ ناهێننەکایەوە.

یاسای ژمارە (١٥٧) دروستەیەکی فرێزی پێشناویی سینتاکسیی رووتەو لـە ئاسـتی سینتاکسدا پێکدێت. لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا هەندێك پێشناو لە فۆرمی پێشگری ئاوەڵکردارییـــدان و بەهەنـــدێك نـــاوی کردارییـــەوە لکـــاون، /ڕۆچـــوون، داچـــوون، هەڵـــچوون،...../. پێـــشگرەئاوەڵکردارییەکان، خـــاوەنی نیـــشانەی ئـــاوەڵکردارین و ئەونیشانانەیش بـە ناوەکردارییـەکان دەبەخـشن، کـاتێکیش کـە دەهێنرێنـە ئاسـتی سینتاکـسەوە، گـۆڕانی فۆرمییـــان بەســـەردا نایـــەت (بڕوانـــە(١٧٧)). پێـــشناوی مۆرفۆسینتاکسیی (پـێ، تـێ، لێ) وەك لـە ناوەکردارییـەکانی /پێـزانین، پێفرۆشـتن، تێخستن، تێگرتن، لێنان، لێخستن/دا دیارن، لـە ئاسـتی سینتاکـسدا فـۆرمی فرێـزی پێـــــشناویی سینتاکـــــسیی رووت وەردەگـــــرن. ئاوێتـــــەبوون و پابەنـــــدبوونی پێشناوەمۆرفۆسنتاکسییەکان، لەگەڵ ئەو ناوەکردارییانەدا، بووەتە هۆی ئـەوەی کـە کاتێك دەهێنرێنە ئاستی سینتاکسەوە، ببنە خورتیی و لابردنیان لەنگی لـە واتـا و

دروســتەدا بێتەکایــەوە، کەواتــە ئــەو تەواوکەرانــەن ،کــە کــردار داوایــان دەکــات (بڕوانە(١٧٨)).

١٧٧) اـ دیوارەکە داچوو. (داچوون)

ب ـ شیرەکە هەڵچوو. (هەڵچوون)

١٧٨) ا- من تۆ بە پیاو دەزانم.(پێزانین) ←—— ب- *من تۆ دەزانم.

پ- بەردەکەم خستە ئاوەکەوە.(تێخستن) ←—— ت- *بەردەکەم خست.

لە (١٧٨_ ا)دا فرێزی پێشناویی لـە جێکەوتـەی چەسـپاوی خۆیـدا دەرکـەوتووە، جیـاوازیی لەگـەڵ فرێـزی پێـشناویی سینتاکسیی رووتـدا لەوەدایـە، کـە پابەنـدی کردارەکەیـە و جێگـۆڕکێ پێکردنـی دروسـتەی نارێزمـانی و بێواتـا دێنێتـە کایـەوە (بڕوانــە(١٧٩_ اب)). لــە (١٧٨_پ)دا جێکەوتــەی فرێزەپێــشناوییەکە دوای کردارەکەیـە. ئـەویش لەبـەر ئەوەیـە، کـە خەسـڵەتی پێـشناوی /ە/ لـە دروسـتەی فرێزەپێشناوییەکەی (خستە ئاوەکەوە)دا ئەوەیە کـە پێـشناوێکی پاشـگریی لکـاوە، بەڵام ئەوانی دیکە پێشناوێکی پێشگریی سەربەخۆن.

١٧٩) ا- *من بەپیاو تۆ دەزانم.

ب- *من تۆ دەزانم بە پیاو.

لــە زمــانی کوردییــدا وشــەکانی (هێــشتا، دیــسان، خۆزگــە، رەنگــە، کاشــکی، هەرگیز،....هتد)

ئاوەڵکردارن.[٤٥] ئەم جۆرە ئاوەڵکردارانە بە دەربڕاوەئاوەڵکردارییەکان نـاوزەدکراون.[٤٦] جیاوازی ئەم ئاوڵکردارانە ئەوەیە، کە دەتوانرێت بەکۆی رستە و هەریەك لە ($N^=1$ — واتــە بکــەر) و($N^=2$ — واتــە بــەرکار ) و ($V^-2$ — واتــە کــردار) دا هەڵبواسـرێن.[٤٧] جێگۆڕکی پێکردنیان لە رستەدا واتای سینتاکسیی نـوێ دێنێتەکایـەوە، چـونکە لـە هـــەر کەتەگۆرییـــەکی سینتاکـــسییەوە نزیـــك بـــن، بـــەوەوە دەبەســـترێنەوە (بڕوانە(١٨٠)).[٤٨] روونکردنەوەکان لەسەر (هێشتا) دەخرێنەڕوو.

---

٤٥) ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٧:٢٠٠١)

٤٦) محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٤٣:٢٠٠٤)

٤٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو (٤٣:٢٠٠٤)

٤٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو (٤٣:٢٠٠٤)

١٨٠) أ- هێشتا کوڕەکە کچەکەی  نەدیوە.
ب- هێشتا کوڕەکە کچەکەی نەدیوە.
پ- کوڕەکە هێشتا کچەکەی نەدیوە.
ت- کوڕەکە کچەکەی هێشتا نەدیوە.

لە (١٨٠_ا)دا دەربڕاوی ئاوەڵکرداریی (هێشتا) بە گشت رستەکەدا و لە (١٨٠_ب)دا بە بکەردا و لە (١٨٠_پ)دا بە بەرکاردا و لە (١٨٠_ت)دا بە کردارەکەوە، هەڵواسراوە. بەپێی ئەو جێکەتانەی لە (١٦٥)دا بۆ ئاوەڵکردارەکان دیاریکرا، جێکەوتەی بنەڕەتی ئاوەڵکرداری (هێشتا)، کە نیشانەی [+ کات]ی هەیە (١٨٠_پ)ە. دەربڕاوەئاوەڵکردارییەکان دەتوانن وەك دەرخەری فرێزی پێشناوییش دەربکەون (بڕوانە(١٨١)).

١٨١) هەرگیز لە بازاڕ نانم نەخواردووە.

### ٦-٢/١)  فرێزی کرداریی

یەکێك لەو پێکهاتە گرنگانەی، کە لە بەشەکرداردا هەبوونی گرنگ و خورتییە، فرێزی کردارییە. کردار لە ناو بەشەکرداردا وەك سەر گۆدەکات و یەکێك لە تەواوکەرەکانی فرێزێکی ناوییە، کە ئەویش هەبوونی خورتییە.[49] لەمەوە دروستەیەکی فرێزی کرداری دەستدەکەوێت، کە جێکەوتەیەك بۆ فرێزێکی ناویی بەجێدەهێڵێت و لە (١٨٢)دا شێوازبەنددەکرێت.

١٨٢) Verb + N⁻ ⟵ Verb P (بڕوانە١٨٣))


١٨٣) ا ـ من ئازادم بینی.
ب ـ پشیلەکە منداڵەکەی ترساند.

جۆری ئەو کردارانەی لە (١٨٢)دا بەشداریدەکەن، کردارەتێپەڕەکانن. ئەوەی لە (١٨٣_ب)دا هێڵی بەژێردا هاتووە بە شەکردارە. {ترساند} لە ناو

٤٩) Norman c. stageberg (1971:165)

بەشــەکردارەکەدا وەك ســەر گۆدەکــات و {منداڵەکـە}ش، تەواوکــەرە و هــەبوونی خورتییە. کەواتە بەشەکردارەکە دروستەی فرێزێکی کردارییە. بۆ زانینی جێکەوتەی فرێزی ناوییەکە (تەواوکەری کردارەکە.)دروستەی (١٨٣_ب) لـە هێڵکـاریی ژمـارە (٣٥)دا دەخرێتەڕوو.

هێڵکاریی ژمارە (٣٥)




لە (١٨٤_اب)دا ڕووندەکرێتەوە، کە چۆن پاش لابردنـی تەواوکەرەکـە یـان سـەرەکە دروستەی نارێزمانی دەستدەکەون.

١٨٤) ا- *پشیلەکە ترساند.

ب- *پشیلەکە منداڵەکەی.

تەواوکەری فرێزی کرداریی، کە فرێزێکـی نـاویی یـان فرێزێکـی ناوییئاسـایە(فرێـزی ناوییئاسا، فرێزی دیارخەریی و فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە، چـونکە دەتـوانن لـە جێکەوتـەی فرێـزی ناوییـدا دەرکـەون، یاسـاکەی لـە(١٨٥)دا نیـشاندەدرێت.) وەك کەتەگۆرییە ناویی و ئاوەڵناویی و ئاوەڵکردارییـەکان بەشـێکی فەرهـەنگیی کـردارە سادەکە نین، بەڵگە بۆ ئەمەیش ئەوەیە، کە دەتـوانرێن بگـۆڕدرێن بـە فرێـزی نـاویی دیکە[٥٠]، بەمەرجێك لەگەڵ واتای کردارەکەدا رێبکەون (بڕوانـە(١٨٧)). بـەڵام ئـەو فرێـزە ناوییـە لـە راکێـشانی مـۆرفێمی کەسـی بکەرییـدا، هـەمان هەڵـسوکەوتی کەتەگۆرییــە فەرهەنگییــەکانیان هەیــە (کــە کردارەکــە رابــردووی تێپــەڕ بێــت) (بڕوانە(١٨٨)).

٥٠) محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١:٤٥)

١٨٥) أ- $V^- + D^-$ (بڕوانە(١٨٣))

ب - $V^- + A^=$ (بڕوانە(١٨٦))

١٨٦) جوتیارەکە نەمامێکی جوانی چاند.

١٨٧) شوتیم خوارد، هێلکەم خوارد، ترێم خوارد، ......

١٨٨) أ ــ خواردی ـــــــــــــــــ◄ پێچیخوارد، سوێندیخوارد[٥١]

ب ــ خواردم ـــــــــــــــــ◄ گۆشتم خوارد، برنجم خوارد

یاسای ژمارە (١٨٢) دروستەیەکی ئەبستراکتی فرێزی کردارییە و تیایدا کردار وەچەئاراستەی فرێزی ناویی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئەو فرێزەناوییە،بە N2 کورتدەکرێتەوە.) دەداتێ، لە دەرەوەی دروستەکە، واتە لە گشت ڕستەکەدا، فرێزەکردارییەکە وەچەئاراستەی فرێزێکی ناویی دیکە دەکات، بە دۆخی ڕێزمانی بکەریی (ئەو فرێزەناوییە،بە N1 کورتدەکرێتەوە.)ەوە. کردار لە ڕووی واتاشەوە ئەو وەچەرەگەزانە، وەك (N1,N2) بۆ خۆی دیاریدەکات، کە نیشانەواتاییەکانی لەگەڵیدا ڕێبکەون.[٥٢] شیکردنەوەکان لەسەر (١٨٩) ڕووندەکرێنەوە.

١٨٩) ؟؟ دیوارەکە سەگەکەی ڕاونا.

ئەوەی لە (١٨٩)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە فرێزی کردارییە و دروستەکەی بە پێی یاسای ژمارە (١٨٢) ڕێزمان دروستە. کرداری /ڕاونا/ وەچەرەگەزێکی وەك فرێزی {سەگەکە}ی بۆ خۆی دیاریکردووە، کە لە ڕووی واتاوە ڕێپێدراوە، چونکە ئەو کردارە لەڕووی واتاوە گیاندارێکی وەك سەگی هێناوە، کە نیشانەکانی [+ گیاندار، + پێدار ]ی هەیە، واتە توانای ڕاکردنی هەیە، بۆیە ئەگەر بڵێین، {بەردەکەی ڕاونا} ئەوا دروستەیەکی ڕێزماندروست دەستدەکەوێت، بەڵام واتاکەی ڕاستنابێت، چونکە بەرد نیشانەکانی [+گیاندار، + پێدار ]ی نییە، تا کرداری /ڕاکردن/ بەجێبهێنێت. لەلایەکی ترەوە گشت فرێزە کردارییەکە، وەچەرەگەزێکی وەك فرێزی {دیوارەکە}ی

---

٥١) مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوڵناو، ئاوەڵکردار)ی بە جۆرێك لە فرێزی ناویی و ئاوەڵناویی و ئاوەڵکرداریی ناوبردووە بڕوانە: Mahmoud Fathulla Ahmad(2004:25)

٥٢) محەمەدی مەحوی (بەرهەمی بڵاونەکراوە).

بۆ خۆی دیاریکردووە، کە دروستەیەکی ڕێزماندروستە، بەڵام لە رووی واتاوەڕاست نییە.

فرێزی کرداریی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە.[٥٣] پێکەوەهاتنی خورتی هەرسێ مۆرفێمەکانی (ڕەگ و کات و کەس) بنیاتی دروستەی فرێزێکی کرداریی دەستدەخەن، بەڵام ئەمە بۆ ئەو کردارانەیە، کە تێنەپەڕن. چونکە جگە لە فرێزێکی پێشناویی، کە سەرپشکییە، بەو سێ ئەندامە توانای پێکهێنانی دروستەیەکی ڕێزماندروست و واتاڕاستیان هەیە، لەمەوە یاسای ژمارە (١٩٠) شێوازبەنددەکرێت.

١٩٠) $V^{-} + (PP) + (N^{-})$ بڕوانە(١٩١)

١٩١) (من) (لەسەربان) دەخەوم.

کرداره تەواوەکان لە دروستەی ئەو فرێزە کردارییانەی سەرەوەدا بەشدارییاندەکرد، کە تیایاندا $N^{-}1$ و $N^{-}2$ و $P^{-}$ بەپێی تێپەڕیی و تێنەپەڕییان ئەو کردارانە سەرپشکیی و خورتیی بوون.

پێشتر خرایەڕوو کردارەناتەواوەکان (بێهێزەکان) ڕۆڵی بابەتانە نادەن و ناشتوانن بەتەنیابن، بۆیە ئەو کردارانە بەگشت چەشن و جۆرەکانی فرێزدا هەڵدەواسرێن، کەواتە هەبوونی ئەو فرێزەتەواوکەرانە خورتییە (بڕوانە(١٩٢)).

١٩٢) ا- ئازاد مامۆستایە.(بە فرێزی ناوییەوە هەڵواسراوە.)

ب - نەوزاد زیرەکە. (بە فرێزی ئاوەڵناوییەوە هەڵواسراوە.)

پ -ماڵمان لە سلێمانییە. (بە فرێزی پێشناوییەوە هەڵواسراوە.)

ت - ئاهەنگەکە بەیانی زووبوو. (بە فرێزی ئاوەڵکردارییەوە هەڵواسراوە.)

ج - ئاوەکە کەمێك بوو. (بە فرێزی رادەوە هەڵواسراوە.)

چ - ئەوە کچە جوانەکەیە. (بە فرێزی دیارخەرییەوە هەڵواسراوە.)

دروستە ئەو فرێزەکردارییەی، کە کردارەکەی ناتەواوە، لە (١٩٣)دا یاسابەنددەکرێت.

١٩٣) ا- $DEFECTIVE\ VERB + N^{-}$ (بڕوانە(١٩٢_ا))

ب - $DEFECTIVE\ VERB + A^{-}$ (بڕوانە(١٩٢_ب))

---

٥٣) Andrew Radford (1997:198)

پ ـ DEFECTIVE VERB + P- (بڕوانه(١٩٢_پ))

ت ـ DEFECTIVE VERB + ADVP- (بڕوانه(١٩٢_ت))

ج ـ DEFECTIVE VERB + Q- (بڕوانه(١٩٢_ ج))

چ ـ DEFECTIVE VERB + D- (بڕوانه(١٩٢_ چ))

له پارەکانی داهاتوودا شکاندنەوەی بکەر و بەرکار لـه دروسـتەی مۆرفۆسینتاکسی فریزی کرداریيدا به یاسا دادەڕێژرێت.

١٩٤) اـ کرداری کات و کەسدار = ڕەگ + کات + کەس(بکـەریی) (بڕوانـه(١٩٥) ڕابردووی کرداری تێنەپەڕ).

ب ـ کرداری کات و کەسدار = کات + ڕەگ + کەس(بکـەریی) (بڕوانـه(١٩٦) بۆ کاتی ڕانەبردووی کرداری تێنەپەڕ).

١٩٥) ڕۆیشت، چوو، کەوت، خەوت

١٩٦) دەڕۆم، دەچم، دەکەوم، دەخەوم

١٩٧) اـ کرداری کات و کەسدار = ڕەگ + کات + کەس(بکەریی)+ کەس(بەرکاری) (بڕوانه(١٩٨) بۆ کاتی ڕابردووی کرداری تێپەڕ).

ب ـ کـرداری کـات و کەسـدار = کـات + کـەس(بـەرکاریی) + ڕەگ + کەس(بکەریی) (بڕوانه(١٩٩) بۆ کاتی ڕانەبردووی کرداری تێپەڕ).

١٩٨) ناردمن، خواردمن

١٩٩) دەیاننێرم، دەیانخۆم

جگه له مۆرفێمەکانی ڕەگ و کـات و کـەس، کـردار پێکـەوەهاتنێکی مۆرفۆلـۆژیی لەگـەڵ هەنـدێك مۆرفێمـدا هەیـه[٥٤]، لەوانـه پێـشگری ئـاوەڵکرداریی و پێـشناوی مۆرفۆسینتاکـسیی و کەتەگۆرییـــەکانی نـــاو و ئاوەڵنـــاون (بڕوانـــه(٢٠٠_اب) و(٢٠٣_اب) و(٢٠٦_اب) و (٢٠٩_اب)).

٢٠٠) اــ پێـــشناوی مۆرفۆسنتاکـــسیی + کـــەس(بکـــەریی) + ڕەگ + کـــات +کەس(بەرکاریی) (بڕوانه(٢٠١)) بۆ ڕابردوو.

---

٥٤) Noel Burton-Roberts (1997:78)

ب ـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢٠٢) بۆ رانەبردوو).
٢٠١) پێمزانی، تێمخست
٢٠٢) پێیدەزانم، تێیدەخەم
٢٠٣) اـ ئاوەڵناو + کەس(بکەریی) + رەگ + کات +کەس(بەرکاریی) (بڕوانە(٢٠٤) بۆ رابردوو).
ب ـ ئاوەڵناو + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢٠٥) بۆ رانەبردوو).
٢٠٤) سورمانکردنەوە، کزمانکردنەوە
٢٠٥) سوریاندەکەینەوە، کزیاندەکەینەوە
٢٠٦) اـ ناو + کەس(بکەریی) + رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) (بڕوانە(٢٠٧) بۆ رابردوو).
ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢٠٨) بۆ رانەبردوو).
٢٠٧) دەستمانگرتن، چاومانگرتن
٢٠٨) دەستیاندەگرم، چاویاندەگرم.
٢٠٩) اـ پێشگری ئاوەڵکرداریی + کەس(بکەریی) + رەگ + کات +کەس(بەرکاریی) (بڕوانە(٢١٠) بۆ رابردوو).
ب ـ پێشگری ئاوەڵکرداریی + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢١١) بۆ رابردوو).
٢١٠) هەڵمواسی، دامخست.
٢١١) هەڵیدەواسم، دایدەخەم.
کاتێك پێشناوە ئاوەڵکرداریی و مۆرفۆسنتاکسییەکان و کەتەگەرییەکانی ناو و ئاوەڵناو لە یەك دروستەدا پێکەوە دێن یاساکانی (٢١٢_اب) و (٢١٥_اب) و (٢١٨_اب) و (٢٢١_اب) و (٢٢٤_اب) و(٢٢٧_اب) دەستدەکەون.
٢١٢) اـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بکەریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) (بڕوانە(٢١٣) بۆ رابردوو).

ب ـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بەرکاریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی+ کات + ڕەگ + کەس (بکەریی) (بڕوانە(٢١٤) بۆ ڕانەبردوو).

٢١٣) پێمتێگرت، پێمتێکرد

٢١٤) پێیتێدەگرم، پێیتێدەکەم

٢١٥) ) اـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بکەریی) + پێشناوی ئاوەڵکرداریی + ڕەگ + کات + کەس (بەرکاریی) (بڕوانە(٢١٦) بۆ ڕابردوو).

ب ـ ـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بەرکاریی) + پێشناوی ئاوەڵکرداریی + کات + ڕەگ + کەس (بکەریی) (بڕوانە(٢١٧) بۆ ڕانەبردوو).

٢١٦) پێمهەڵگرت، پێمداگرت

٢١٧) پێیهەڵدەگرم، پێمداگرت

٢١٨) اـ ناو + کەس(بکەریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ ڕەگ + کات + کەس(بەرکاریی) (بڕوانە(٢١٩) بۆ ڕابردوو).

ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ کات + ڕەگ + کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢٢٠) بۆ ڕانەبردوو).

٢١٩) دەستمپێکرد، دەستملێخست.

٢٢٠) دەستیپێدەکەم، دەستیلێدەخەم

٢٢١) اـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بکەریی) + ئاوەڵناو + ڕەگ + کات + کەس(بەرکاریی) (بڕوانە(٢٢٢) بۆ ڕابردوو).

ب ـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بەرکاریی) + ئاوەڵناو + کات + ڕەگ + کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢٢٣) بۆ ڕانەبردوو).

٢٢٢) پێمسورکردنەوە،پێمکزکردنەوە

٢٢٣) پێیانسوردەکەمەوە، پێیانکزدەکەمەوە

٢٢٤) اـ ناو + کەس(بکەریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + ئاوەڵناو + ڕەگ + کات + کەس (بەرکاریی) (بڕوانە(٢٢٥) بۆ ڕابردوو).

ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + ئاوەڵناو + کات + ڕەگ + کەس (بکەریی) (بڕوانە(٢٢٦) بۆ ڕانەبردوو).

٢٢٥) دەستمپێگەرمکردنەوە، چاوملێسورکردنەوە

٢٢٦) دەستیانپێگەرمدەکەمەوە، چاویانلێسوردەکەمەوە

٢٢٧) ا ـ ناو + کەس(بکەریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + پێشگری ئاوەڵکرداریی + رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) (بڕوانە(٢٢٨) بۆ رانەبردوو).

ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ پێشگری ئاوەڵکرداریی + کات + رەگ + کەس(بکەریی) (بڕوانە(٢٢٩) بۆ رانەبردوو).

٢٢٨) دەستملێهەڵگرت، چاویلێداگرت.

٢٢٩) دەستیلێهەڵدەگرم، چاویلێدادەگرێت.

### ١/٢-٧) فرێزی خستنەتەکیەك

کەتەگۆرییە فەرهەنگییەکان ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکردارو کردارو جێناوەکانن. کەتەگۆرییە سنتاکسییەکانیش فرێزی دیارخەریی و فرێزی ناویی و فرێزی ئاوەڵناویی و فرێزی ئاوەڵکرداریی و فرێزی کرداریی و فرێزی رادەو فرێزی پێشناویین. ئاماژەش بەوەدرا ،کە فرێزەکان بەگشت چەشنەکانیانەوە خاوەنی یەك سەری واتایین. روونکرنەوەکان لەسەر نموونەی (٢٣٠_ اب) ئەنجامدەدرێن.

٢٣٠) ا- ئازاد و نەوزاد بۆ بازاڕ چوون.

ب ـ کوڕەکە و کچەکە لە ناوباخەکەدا دانیشتوون.

لە (١/١)دا ئاماژەی پێدرا، کە رستە لە بەشی بکەریی و بەشی کرداریی پێکدێت و جێکەوتەی بەشەبکەرییەکە فرێزێکی ناوییەو جێکەوتەی بەشەکردارییەکەش فرێزێکی کردارییە. لە (٢٣٠_ا)دا هەردوو فرێزی ناویی (ئازاد و نەوزاد) و لە (٢٣٠_ب)یشدا هەردوو فرێزی دیارخەریی (کوڕەکە و کچەکە) وەك بکەر گۆدەکەن، چونکە لە (٢٣٠_ا)دا تەنیا (ئازاد) یان (نەوزاد) نەچووە بۆ بازاڕ لە (٢٣٠_ب)یشدا بە هەمان شێوەیە.

لە دروستە ناوییە سادە و خستنەپاڵەکاندا(خستنەپاڵی ناویی و ئاوەڵناویی) تەنیا سەرەواتاییەکان، وەك بکەر گۆدەکەن، لێرەشەوە جۆرێك لە فرێز دەستدەکەوێت ،کە فرێزی خستنەتەکیەکە . لەم جۆرە فرێزەدا تەنیا ئەو وەچەپێکهاتە و کەتەگۆرییە

سینتاكسیانە دەخرێنە تەكیەك، كە وەكیەكن[٥٥]. ئەوانەی لە (٢٣٠_ا)دا هێڵیان بەژێردا هاتووە خستنەتەكیەكی دوو فرێزی ناوین و ئەوانەی لە (٢٣٠_ب)یشدا هێڵیان بەژێدا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی دیارخەرین. لە (٢٣١)دا خستنەتەكیەكی چەشنەكانی دیكەی فرێز دەخرێنەڕوو.

٢٣١) ا- كچێكی جوان و كچێكی زیرەك لە پۆلەكەی ئێمەدا هەن.

ب ــ ئێمە لە سلێمانی و لە هەولێر كەسوكارمان هەیە.

پ ــ نامەكەم دڕاند و نامەكەم سوتاند.

ت ــ یانەی كەركوك و یانەی سلێمانی یارییان هەیە.

ج ــ دەستی من و قاچی من شكان.

چ ــ كورسییەك و مێزێكم كڕی.

ئەوەی لە (٢٣١_ا)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوین. ئەوەشی لە (٢٣١_ب)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی پێشناوین. ئەوەشی لە (٢٣١_پ)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی كردارین. ئەوەشی لە (٢٣١_ ت )دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی ناویی تایبەتین. ئەوەشی لە (٢٣١_ ج)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی ناویی خاوەندارین. ئەوەشی لە (٢٣١_ چ)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، خستنەتەكیەكی دوو فرێزی دیارخەرین. لەبەرئەوەی لە فرێزی خستنەتەكیەكدا گشت چەشن و جۆرەكانی فرێز دەچنە تەكیەك، دروستەیەكی گشتگیری ئەو چەشنەفرێزە لە (٢٣٢)دا شێوازبەنددەكرێت.

٢٣٢) $X^- + CONJ + X^- \longrightarrow$ CO-ORDINATE P

دروستەكە بەهۆی مۆرفێمی ( و )[٥٦]ەوە خراونەتە تەكیەك، ئەو مۆرفێمە هیچ دۆخێكی ڕێزمانی بەلای چەپ یان بەلای ڕاستدا نادات و تەنیا ڕۆڵی خستنەتەكیەكی فرێزەكان دەبینێت.

---

٥٥) Noel Burton-Roberts (1997:67)

٥٦) وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤:٢٠٢) ، / و/ بە مۆرفێمی بەشداری ناودەنێت، بە بەڵگەی ئەوەی ،كە لە فرێزی ناوییدا هەردوو ناوەكە وەكیەك بەشداری لە ئەنجامدانی كردارەكەدادەكەن، بەڵام وەك لە=

لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا، هەم دەرخراو و هەم دەرخەرەکان، واتە هەم سەری واتایی و هەم سەرە ڕێزەمانییە دووبارەبووەکان، توانای لابردنیان هەیە( دەشێت فرێزی خستنەتەکیەك دوو سەری واتایی و ڕێزمانی هەبێت)[٥٧] . لە (٢٣٣ )دا سەرەڕێزمانیی و واتاییە دووبارەبووەکانی نموونەکانی(٢٣١) لادەبرێن.

٢٣٣) ا - کچێکی جوان و زیرەك لە پۆلەکەی ئێمەدا هەیە.

ب ــ ئێمە لە سلێمانی و هەولێر کەسوکارمان هەیە.

پ ــ نامەکەم دڕاند و سوتاند.

ت ــ یانەی کەرکوك و سلێمانی یارییان هەیە.

ج ــ دەست و قاچی من شکا.

چ ــ کورسیی و مێزێکم کڕی.

لە (٢٣٣_ ج چ )دا دەردەکەوێت،کە دەرخەری ناوەوە لابراوە. واتە ڕێگە بە لابردن و قرتاندنی دەرخەرەکانی دەرەوە نادرێت. چونکە دەرخەری دەرەوە، دەبێتە سەری ڕێزمانی هەردوو فرێزەکە[٥٨] . لە فرێزی خستنەتەکیەدا یەك سەری ڕێزمانی کۆتایی، دەتوانێت حوکمی دوو سەری واتایی و دوو تەواوکەر بکات، وەك لە (٢٣٣_ب پ) دا ڕوویداوە. بەڵام لە (٢٣٣_ ا ت)دا دەرخراو و سەری واتایی فرێزی دووەم لابراوە، واتە دەرخراو و سەری واتایی دەرەوە توانای لابردنیان هەیە، بەمەش دەرخراوی ناوەوە دەبێتە سەری واتایی هەردوو فرێزەکە.

لابردنی دەرخەرەکانی ناوەوە لەم جۆرە فرێزەدا، دەبێتە هۆی دروستکردنی دوو دروستەیی، کە ئەمەش لێڵی لەواتادا دێنێتەکایەوە، چونکە هیچ ئاماژەیەك بۆئەوە نییە، کە ئایا دەرخەری دەرەوە دەرخەری هەردوو فرێزەکەیە یان تەنیا دەرخەری فرێزی دووەمە، بەهێڵکاریی و کەوانەی شکاوە دەتوانرێت دروستەکەی بنوێنرێت. باسەکە لەسەر نموونەی (٢٣٤) شیدەکرێتەوە :

=(٢٣١)دادەرکەوت ، مۆرفێمی / و/ هەموو جۆرە فرێزەکان دەخاتە تەکیەك ، نەك تەنیا فرێزی ناویی ، بۆیە ناکرێت لە خستنەتەکیەکی جۆرەکانی دیکەی فرێزەکانیشدا ئەو مۆرفێمە هەمان ناوی هەبێت. لەبەر ئەوەیە ،کە لەم لێکۆلینەوەیەدا بە مۆرفێمی خستنەتەکیەك ناونراوە.

٥٧) Noel Burton-Roberts (1997:67)

٥٨) محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٥٥:٢٠٠٤)

٢٣٤) ئازاد و نەوزادی برام هاتن.
هەردوو دروستەکەی (٢٣٤) بە کەوانەی شکاوە، لە (٢٣٥)دا نیشاندەدرێن:
٢٣٥) ا- [ئازاد و نەوزاد]ی[برام]
ب- [ئازاد]و [نەوزادی برام]
(٢٣٥- ا) ئاماژە بەوەدەدات، کە {برام} دەرخەری هەردوو فرێزەکەیە، بەڵام (٢٣٥- ب) دەریدەخات، کە {برام} تەنیا دەرخەری فرێزی دووەمە.
مەرجی سەرەکی بۆ چوونە تەکیەکی کەتەگۆرییە سنتاکسییەکان لەیەکچوون بوو، بەڵام پێویستە لە نێوانیاندا رێکەوتنی واتایی هەبێت. لە نموونەی (٢٣٦)دا ئەو دیاردەیە روونده‌کەینەوە.
٢٣٦) ئاو و بەردەکەم خواردەوە.
ئەوەی لە (٢٣٦)دا هێڵی بە ژێردا هاتووە، دروستەیەکی رێزماندروستی فرێزی خستنەتەکیەکە، واتاڕاست نییە، چونکە کرداری /خواردەوە/ داوای کەرەستەیەکی شل دەکات، لە دروستەکەدا /ئاو/ لەگەڵ ئەو مەرجەدا دەڕوات، بەڵام /بەرد/ لەگەڵیدا ناڕوات، چونکە جگە لەوەی کە نیشانەی [+ رەقیی] هەیە، نیشانەی [+نەخواردن] و [+ نەخوادنەوە]یشی هەیە.

### ٣/١) کۆی گشت ئەو یاسایانەی، کە دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە (ش ز س)دا پێکدەهێنن

یەکەم : جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (ش ز س)دا
١) Determiner + N
أ- Articl + N پیاوەکە، دارەکە، کچەکە.
ب- N + Demonstrative ئەو پیاوە، ئەم دارە، ئەو پیاوانە، ئەم دارانە.
٢) N + Quantifier هەندێك ئاو، تۆزێك نان، تۆزقاڵێك نان
٣) N + Number دوو کوڕ، سێ برا، چوار گوڵ
٤) A + N کوڕی زیرەك، کچی جوان
٥) A + Degree زۆر زیرەك، زۆر جوان
٦) Verb + Adverb زوو هاتەوە، درەنگ رۆشتەوە.
٧) Adverb + Degree زۆر زوو، زۆر درەنگ

دووەم: یاسای دروستەکانی فرێزی دیارخەریی

ا ــ Det + N (کوڕەکە، کچەکە)

ب ــ دەستەواژیلە + Det (کوڕەئازاکە، قاسپەی کەوەکە، کوڕەکوردەکە)

پ ــ N + Det (ئەو کوڕە، ئەو کچە)

ت ــ Det + دەستەوژیلە (ئەو کوڕەئازایە، ئەو قاسپەی کەوە، ئەو کوڕەکوردە)

ج ـ یاساکانی دەستەواژیلە:

١- [ A +det] +N ←دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی (کوڕە ئازا، کچە جوان)

٢- [ N +det ]+ N ←دەستەواژیلەی ناویی سینتاکسی (مێژووی شار، قوتابخانەی ناوەندیی)

٣- [ N+det]+N ←دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژی (کوڕەکورد، پیاوەئاسنگەر)

سێیەم : دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەریی

١) $D^- + Q^-$ (هەموو پیاوەکان، گشت مەڕەکان)

٢) $D^-$ + Number ( دوو براکە، سێ کوڕەکە)

٣) ناوی ئاوەڵکرداریی + $D^-$ (پشت دیوارەکە، ژێر دارەکە)

چوارەم: یاسای دروستەکانی فرێزی رادە

اـ $N^- + Q^-$ (هەندێك پیاو )

ب ـ $D^- + Q^-$ (هەموو کوڕەکان)

پ ـ $P^- + Q^-$ (هەندێك لە پیاوەکان)

ج ـ $A^- + Q^-$ (کەمێك ترش)

چ ـ $V^- + Q^-$ (هەندێك گریا)

پێنجەم: یاسای دروستەکانی فرێزی ناویی بە پێی جۆرەکانی

١) فرێزی ناویی سادە

اـ $N^- = N$ (ئازاد، پڵنگ، ئەو)

شەشەم : دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە

١) $N^{-}$ + Number (دوو کچ ، سێ ژن، چوار دار)

٢) نازناوی زانستی و کۆمەڵایەتی + $N^{-}$ ( کاك ئازاد، دکتۆر هیوا، حاجی عەلی)

٣) ناوی ئاوەڵکرداریی + $N^{-}$ (پشت دیوار، ژێر بەرد)

٢) فرێزی ناویی خستنەپاڵ

اـ خستنەپاڵی خاوەنداریی

١) خستنەپاڵی خاوەنداریی رووت

اـ $N^{=} = [N^{-} + det] + N^{-}$ (دەستی ئازاد، دەستی ئەو)

ب ـ $N^{=} = [N^{-} + det] + D^{-}$ (چاوێکی من)

پ ـ $N^{=} = [N^{=} + det] + D^{-}$ (مزگەوتێکی شاری هەلێر)

ت ـ $N^{=} = [N^{=} + det] + N^{-}$ (ترێی ناوچەی شارباژێڕ)

٢) خستنەپاڵی خاوەندارێتی زگماکیی

$N^{=} = [N^{-} + det] + N^{-}$ (جریوەی چۆلەکە)

ب ـ خستنەپاڵی تایبەتیی

اـ $N^{=} = [N^{-} + det] + N^{-}$ (شاری سلێمانیی)

حەوتەم: یاسای دروستەکانی فرێزی ئاوەڵناویی بە پێی جۆرەکانی

١) فرێزی ئاوەڵناوی سادە

اـ $A^{-} = A$ (زیرەك، ئازا)

٢) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی

اـ $A^{=} = [A^{-} + det] + N^{-}$ (کوڕی زیرەك)

ب ـ $A^{=} = [A^{-} + det] + D^{-}$ (کوڕێکی زیرەك)

هەشتەم: یاسای دروستەکانی فرێزی پێشناویی :

اـ $P^{-} = N^{-} + P$ ( لە سلێمانی)

ب ـ $P^{-} = D^{-} + P$ (لە کوڕەکە)

پ ـ $P^{-} = A^{=} + P$ (لە کوڕێکی زیرەك)

نۆیەم: یاسای دروستەکانی فرێزی ئاوەڵکرداریی:

١) ADVERB = ADVERB P (زوو، درەنگ)

٢) ADVERB P = N⁻ + N⁻ (دوو کەس دووکەس، پۆل پۆل)

٣) ADVERB P = A⁻ (خێرا هاتەوە، پیاوانە کارەکەی تەواوکرد)

دەیەم: جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداریی و پێشناوییەکان:

١) بکەر + ئاوەڵکرداری کات + ئاوەڵکرداری شوێن + بەرکاری راستەوخۆ + بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کردار ( ئێمە ئێواران لە ماڵی خۆمان بە یەکەوە دادەنیشین.)

یازدەیەم: یاسای دروستەکانی فرێزی کرداریی:

١) کرداری تێپەڕ

اـ V⁻ = V + N⁻ (ئازادم بینی)

ب ـ V⁻ = V⁻ + D⁻ (کوڕەکەم بینی)

پ ـ V⁻ = V⁻ + A⁼ (کوڕێکی زیرکم بینی)

٢) کرداری تێنەپەڕ

اـ V⁻ + (P⁻) + (N⁻) (من) (لە سەربان) خەوتم.

٣)کرداری ناتەواو

اـ DEFECTIVE VERB + N⁻ (ئازاد خوێندکارە.)

ب ـ DEFECTIVE VERB + A⁻ (نەسرین زیرەکە.)

پ ـ DEFECTIVE VERB + P⁻ (ماڵی مامم لە هەولێرە.)

ت ـ DEFECTIVE VERB + ADVP⁻ (لە خەو هەڵبسن، درەنگە)

ج ـ DEFECTIVE VERB + Q⁻ (برنجەکە تۆزێك بوو)

چ ـ DEFECTIVE VERB + D⁻ (ئەوە کتێبەکەیە)

دوازدەیەم: یاسای دروستەکانی مۆرفۆسنتاکسیی فرێزی کرداریی

ا) کرداری سادە:

١) کرداری تێنەپەڕ

ا ـ رەگ + کات + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رابردوو ( رۆیشت، چوو، خەوت)

ب ـ کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رانەبردوو (دەڕۆم، دەچم، دەخەوم)

٢) کرداری تێپەڕ

١ـ رەگ + کات + کەس(بکەریی)+ کەس(بەرکاریی) بۆ کاتی رابردوو (ناردمن، خواردمن)

٢ـ کات + کەس(بەرکاریی) + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رانەبردوو (دەیاننێرم، دەیانخۆم

ب) کرداری ئاڵۆز:

١) اـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بکەریی) + رەگ + کات +کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (پێمزانی، تێمخست)

ب ـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (پێیدەزانم، تێیدەخەم)

٢) اـ ئاوەڵناو + کەس(بکەریی) + رەگ + کات +کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (سورمانکردنەوە، کزمانکردنەوە)

ب ـ ئاوەڵناو + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (سوریاندەکەینەوە، کزیاندەکەینەوە)

٣) اـ ناو + کەس(بکەریی) + رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (دەستمانگرتن، چاومانگرتن)

ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (دەستیاندەگرم، چاویاندەگرم)

٤) اـ پێشگری ئاوەڵکرداریی + کەس(بکەریی) + رەگ + کات +کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (هەڵمواسی، دامخست)

ب ـ پێشگری ئاوەڵکرداریی + کەس(بەرکاریی) + کات + رەگ +کەس(بکەریی) بۆ رابردوو (هەڵیدەواسم، دایدەخەم)

٥) اـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بکەریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) بۆ رابردوو (پێمتێگرت، پێمتێکرد)

ب ـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بەرکاریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی+ کات + رەگ + کەس (بکەریی) بۆ رانەبردوو (پێیتێدەگرم، پێیتێدەکەم)

٦) ا- پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بکەریی) + پێشناوی ئاوەڵکرداریی + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) بۆ رابردوو (پێمهەڵگرت، پێمداگرت)

ب - پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بەرکاریی) + پێشناوی ئاوەڵکرداریی + کات + رەگ + کەس (بکەریی) بۆ رانەبردوو (پێیهەڵدەگرم، پێیدادەگرم)

٧) ا- ناو + کەس(بکەریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (دەستمپێکرد، دەستملێخست)

ب - ناو + کەس(بەرکاریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (دەستیپێدەکەم، دەستیلێدەخەم)

٨) ا - پێشناوی مۆرفۆسنتاکسی + کەس(بکەری) + ئاوەڵناو + رەگ + کات + کەس(بەرکاری) بۆ رابردوو (پێمسورکردنەوە،پێمکزکردنەوە)

ب - پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بەرکاریی) + ئاوەڵناو + کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (پێیانسوردەکەمەوە، پێیانکزدەکەمەوە)

٩) ا- ناو + کەس(بکەریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + ئاوەڵناو + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) بۆ رابردوو (دەستمپێگەرمکردنەوە، چاوملێسورکردنەوە)

ب - ناو + کەس(بەرکاریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + ئاوەڵناو + کات + رەگ + کەس (بکەریی) بۆ رانەبردوو (دەستیانپێگەرمدەکەمەوە، چاویانلێسوردەکەمەوە)

١٠) ا- ناو + کەس(بکەریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + پێشگری ئاوەڵکرداریی + رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (دەستملێهەڵگرت، چاویلێداگرت.)

ب - ناو + کەس(بەرکاریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ پێشگری ئاوەڵکرداریی + کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (دەستیلێهەڵدەگرم، چاویلێدادەگرێت)

## سیازدەیەم: یاسای دروستەکانی فرێزی خستنەتەکیەك

١) CO-ORDINATE P = $X^- + CONJ + X^-$ (بڕوانە(٢٣١))

# بەشی دووەم
# دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز
# لە شێوەزاری هەورامییدا


**بەشی دووەم :** .......................................................................١١٦-٩١
١/٢ دیارخەرەکان .......................................................................٩٣
٢/١-١) ناسراویی و نەناسراویی .......................................................٩٣
٢/١-٢) وشەی نیشانە ......................................................................٩٤
٢/٢-١) فرێزی دیارخەریی ......................................................................٩٥
٢/٢-١-١) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەریی ................................ ٩٧
٢/٢- ١-٢) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (ش ز ه)دا ......................... ٩٧
٢/٢- ٢) فرێزی ڕادە ........................................................................٩٨
٢/٢- ٣ ) دروستەکانی فرێزی ناویی ............................................. ٩٨
٢/٢- ٣-١ ) فرێزی ناویی سادە .................................................. ٩٨
٢/٢- ٣-١-١ ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە ........................ ٩٩
٢/٢- ٣-٢ ) فرێزی ناویی خستنەپاڵ ............................................... ٩٩
٢/٢- ٤) فرێزی ئاوەڵناویی ................................................ ........ ١٠١
٢/٢- ٥) فرێزی پێشناویی .......................................................................١٠١
٢/٢- ٦) فرێزی ئاوەڵکرداریی ........................................................ ١٠٢
٢/٢- ٧) فرێزی کرداریی ........................................................... ١٠٤
٢/٢- ٨) فرێزی خستنەتەکیەك ..................................................... ١١٠
٣/٢) جیاوازیی نێوان دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە (ش ز س) و (ش ز ه)دا ١١١

## ١/٢) دیارخەرەکان

### ١/٢–١) ناسراویی و نەناسراویی

مۆرفێمی ناسراویی و نەناسراویی لە شێوەزاری هەورامییدا لـە خـشتەی ژمـارە (١) دا دەخرێتەڕوو.[٥٩]

١) خشتەی مۆرفێمەکانی ناسراویی و نەناسراویی.

| تو‌خمی ناو | مۆرفێمی ناسراویی | مۆرفێمی نەناسراویی | مۆرفێمی کۆی ناسراو | مۆرفێمی کۆی نەناسراو[٦٠] |
|---|---|---|---|---|
| ناوی نێر | ـ ەکە | ــێو | ـ ەکێ | ـ ێ |
| ناوی مێ | ـ ەکێ | ــێوە | ـ ەکێ | ـ ێ |

مـۆرفێمی ناسـراویی و نەناسـراویی لـەو شـێوەزارەدا بـەپێی تـوخمی ئـەو نـاوەی دەچـێتەپاڵی، فـۆرمی تایبـەتی وەرگرتـووە. وەك لـە خـشتەی ژمـارە (١)دا دیـارە، مۆرفێمی / ـ ەکە/ بۆ ناسراوکردن و مۆرفێمی / ــێو/یش بۆ نەناسـراوکردنی نـاوی نێرە، بۆ ناوی مێ مۆرفێمی ناسراویی / ـ ەکێ /یە و بۆ نەناسراویش / ــێـوە/یـە. سەبارەت بە کۆی ناسراو مۆرفێمی / ـ ەکێ / و کۆی نەناسراو مۆرفێمی / ــ ێ /یە، واتە بـە پێـی تـوخمی ناوەکـەی دەچـێتەپاڵی فۆرمەکـەی ناگۆڕێـت. مـۆرفێمی ناسراویی و نەناسراویی لەم شێوەزارەدا هەمان ئەو نیشانانەیان هەیە، کە لە (١١)ی بەشی یەکەمدا دەستنیشانکراون.

ئەو ناوانەی کە مۆرفێمی ناسراویی و نەناسراوییان پێوەدەلکێت، پێویـستە خـاوەنی ئـەو نیـشانە واتاییانـەبن، کـە لـە (١/٢-١-١-١)ی بەشـی یەکەمـدا دیـاریکران، واتە[+ گشتیی ] و [ + ژمێردراو ] و[+کۆنکرێت ] بن. لەگەڵ ئەوەیشدا ،کە وەك لە

---

٥٩) ئەم خشتەیە لە نامەی دکتـۆرای فەرەیـدوون عەبـدول محەمـەد : (٢٩:١٩٩٨) وەرگـیراوە و مـۆرفێمی ناسراویی کۆی بۆ زیادکراوە.

٦٠) جگە لە مۆرفێمی کۆی نەناسراویی / ــ ێ / ، مۆرفێمەکانی / ـ ەها/ و / ـ ات/ و / ـ گەل/یش هەن، وەك لە ناوەکانی (ساڵەها) و (باخات) و (کوڕگەل)دا دیـارن و هـەمان پـەیڕەوی دیارخـەرەکانیان هەیـە، بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شێرکۆ حەمە ئەمین قادر (٧٣:٢٠٠٢).

خشتەی ژمارە (١)دا دیارە، ئەو ناوانەی مۆرفێمی /ـ ەکە/ی ناسراویی و مۆرفێمی /عو/ی نەناسراوییان دەچێتەسەر، دەبێت نیشانەی [+نێر]یان هەبێت، بەڵام ئەو ناوانەی مۆرفێمی / ـ ەکع /ی ناسراویی و مۆرفێمی /ێوە/ی نەناسراوییان پێوەدەلکێت، دەبێت نیشانەی [+ مێ ]یان هەبێت، کەواتە لە (ش ز هـ)دا ڕێکەوتن لە نێوان سەری واتایی و سەری ڕێزمانییدا هەیە (بڕوانە(١)) و (١٢)ی بەشی یەکەم.

١) ا ــ کوڕەکە (کوڕەکە)[٦١]

ب ــ کوڕعو / یەك کوڕ ( کوڕێك/ یەك کوڕ)

پ ــ کناچەکع (کچەکە)

ت ــ کناچێوە (کچێك)

ج ــ کوڕێ / کناچێ (کوڕان/ کچان)

چ ــ کوڕەکع/ کناچەکع (کوڕەکان/ کچەکان)

### ٢-١/٢) وشەی نیشانە

لە خشتەی ژمارە (٢)دا وشەی نیشانە لە هەورامییدا دەسنیشاندەکرێت.[٦٢]

٢) خشتەی وشە نیشانەکان.

| | | |
|---|---|---|
| بۆ نزیك | ئی. ..... ە (ئەم. ....ە) | ئی. ... ێ (ئەم. ....انە) |
| بۆ دوور | ئا........ە (ئەو.....ە ) ئوو...... | ئا..... ێ (ئەو. .... انە) |
| بۆ دوورتر | ە (ئەو. .....ە) | ئوو...... ێ (ئەو. .... انە) |

وشەی نیشانە لەم شێوەزارەدا خاوەنی ئەو نیشانانەن، کە لە (٣٠)ی بەشی یەکەمدا دەستنیشانکران. ئەو ناوانەی، کە وشەنیشانەکان دەبنە دەرخەریان، پێویستە

٦١) ا ـ بۆ مەبەستی ئاسانکردنی واتای نموونەکان لای خوێنەر ، واتای نموونەکان بە شێوەزاری سلێمانی دووبارەکراونەتەوە.

ب ـ نموونەکانی ئەم پارە ، لەگەڵ نموونە هاودروستەکانی بەشی یەکەمدا بەراورددەکرێت .

٦٢) لە نامەی دکتۆرای فەرەیدوون عەبدول محەمەد (٤٣:١٩٩٨) وەرگیراوە ، بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە گۆڕانکاری بەسەرداهێنراوە.

خـاوەنی ئـەو نیـشانە واتاییانـەبن، کـە لـە (٢/١-١-١-٢)دا دیـاریکراون، واتـە هـەڵگری نیـشانەی [+ گـشتیی] و[+ژمێـردراو] و[+کۆنکرێـت]بـن (بڕوانـە(٢))و (٣٤,٣٣)ی بەشی یەکەم.

٢) ا‌ـ ئی/ ئا/ ئوو کوڕە (ئەم / ئەو کوڕە)

ب ـ ئی/ ئا/ ئوو کناچیٚ [٦٣] (ئەم / ئەو کچە)

پ ـ ئی/ ئا/ ئوو کوڕێ (ئەم / ئەو کوڕانە)

ت ـ ئی / ئا/ ئوو کناچیٚ (ئەم / ئەو کچانە)

وشەی نیشانە لەم شێوەزارەدا، وەك (ش ز س) بەبێ دەرخراو بـەکاردێت، بـەڵام وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، وشەی نیشانە بەسەربەخۆیی فۆرمی تایبـەتی هەیە (بڕوانە(٣) و (٤٣ـب))ی بەشی یەکەم.

٣) خشتەی وشەنیشانەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ نزیك | ئینە (ئەمە) بۆ نێر | ئینیٚ (ئەمە) بۆ میٚ | ئینیٚ (ئەمانە) |
| بۆ دوور | ئانە (ئەوە) بۆ نێر | ئانیٚ (ئەوە) بۆ میٚ | ئانیٚ (ئەوانە) |
| بـــــۆ دوورتر | ئوونە(ئەوە) بۆ نێر | ئوونیٚ (ئەوە) بۆ میٚ | ئوونیٚ (ئەوانە) |

٣) ا‌ـ ئینە/ ئانە/ ئوونە نەوزادا. (ئەمە/ ئەوە نەوزادە)

ب ـ ئینیٚ/ ئانیٚ/ ئوونیٚ شیرینەنە. (ئەمە/ ئەوە شیرینە)

پ ـ ئینیٚ/ ئانیٚ/ ئوونیٚ کوڕێنیٚ. (ئەوانە کوڕن)

ت ـ ئینیٚ/ ئانیٚ/ ئوونیٚ کناچێنیٚ.(ئەمانە کچن)

بەپێی تێڕوانین و سەرنجدانی ژمارەیەك لە فرێزەکان، وەهایدادەنێم، کە هاوبەشییەکی زۆر و بنەمایی لە نێوان دروستەی فرێز لە (ش ز س) و (ش ز ه) دا هـەبن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـەپێی هـەمان ئـەو یاسـایانەی لـە پـاری (٣/١)ی بەشـی یەکەمـدا دەستنیشانکران، لەم نموونانەی خوارەوە ورددەبینەوە، بـۆ ئـەوەی یاسـا هاوبەشـەکان لەگەڵ ئەو دروستانەی وەکیەکن بهێنرێنە دەرەوە.

٦٣) لە بەرئەوەی کۆتایی /کناچیٚ/ دەنگی بزوێنە پاشبەندی وشە نیشانەکە تێچووە.

### ٢/٢– ١ ) فرێزی دیارخەریی

بەپێی ئەو هۆیانەی لە (٢/١- ٢- اب )ی بەشی یەکەمدا ئاماژەیان پێدرا، ناوی گشتیی لە (ش ز ه)یشدا گۆکردنی فرێزیی نییە و بە هۆی دیارخەرەکانەوە دەبێتە فرێز (بڕوانە(٤)) و (١٠)ی بەشی یەکەم.

سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشرێت، کە جیاوازی نێوان دروستەکان لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەخرێنەڕوو.

٤) اــ *کوڕ ئاما. (*کوڕ هات.)

ب ــ *کناچێ ئاما. (*کچ هات.)

٥) Det +N ←——— فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(١)) و (١٢)ی بەشی یەکەم.

٦) دەستەواژیلە + Det ←——— فرێزی دیارخەریی

ا- [A+det] +N ←——— دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی (بڕوانە(٧))و (٥٢)ی بەشی یەکەم.

٧) کوڕە زیرەك، کناچە زیرەکە (کوڕەزیرەك، کچەزیرەك)

ب- [N +det ]+ N ←——— دەستە واژیلەی ناویی سینتاکسیی (بڕوانە(٨)) و (٥٣)ی بەشی یەکەم.

٨) مێژوو شاری، قوتابخانەو ناوەندی، پەنجەو دەسی (مێژووی شار، قوتابخانەی ناوەندیی، پەنجەی دەست)

پ- [N+det]+N ←——— دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژیی (بڕوانە(٩))و(٥٤)ی بەشی یەکەم.

٩) پیا کورد، پیا ئاسنگەر (پیاوەکورد، پیاوە ئاسنگەر)

١٠- N + Det ←——— فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(٢)) و (٣٤,٣٣)ی بەشی یەکەم.

١١) Det + دەستەواژیلە (بڕوانە(١٢)) و (١٣)) و (٦٨,٦٧)ی بەشی یەکەم.

١٢) ا- ئا کوڕە زیرەکە (ئەو کوڕەزیرەکە) ب- ئی کوڕە زیرەکە (ئەم کوڕەزیرەکە)

پ- ئا کوڕە زیرەکێ (ئەو کوڕەزیرەکانە) ت- ئی کوڕە زیرەکێ (ئەم کوڕەزیرەکانە)

١٣) ا- ئـا مێـژوو شـارێ (ئـەو مێـژووی شـارانە) ب- ئـی مێـژوو شـارێ (ئـەم مێژووی شارانە)

**٢/٢- ١-١ ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەریی**

١٤) D⁻ + Q⁻ (بڕوانە(١٥) و (٨٥_پ)ی بەشی یەکەم

١٥)گرد کناچەکا، گرد ژەنەکا (گشت کچەکان، گشت ژنەکان)

١٦) D⁻ + Number (بڕوانە(١٧) و (٨٣)ی بەشی یەکەم

١٧) چوار کوڕەکێ، پەنج کناچەکێ (چوارکوڕەکە، پێنج کچەکە)

١٨) ناوی ئاوەڵکرداریی+ D⁻ (بڕوانە(١٩) و (٨٢)ی بەشی یەکەم

١٩) پاڵو یانەکا،چێرو تەوەنەکا (تەنیشت خانووەکان، ژێر بەردەکان)

**٢/٢- ١-٢) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (ش ز ه)دا**

جێکەوتەی دەرخەرو دەرخراو لەم شێوەزاردا بەپێی هەمان ئەو یاسایانە دەڕوات، کە لە (٢/١- ٢-١-٢ )دا دیاریکراون (بڕوانە(١٤)).

٢٠) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو

١) Determiner + N

أ- Article + N پیاکە، ژەنەکێ (پیاوەکە، ژنەکە)

ب- N + Demonstrative ئا پیا، ئی پیا، ئوو پیا(ئەو پیاوە، ئەم پیاوە)

٢) N + Quantifier تۆزێو نان، هیچ کوڕێو (تۆزێك نان، هیچ کوڕێك)

٣) N + Number یەك کوڕ ، چوار کوڕێ (یەك کوڕ، چوار کوڕ)

٤) A + N کوڕی زیرەك، کناچێ زەریفە (کوڕ/ کچی زیرەك)

٥) A + Degree فرە زیرەك، فرەجوان (زۆر زیرەك/ جوان)

٦) Verb + Adverb زوو ئاما، دیر ئاما. (زوو/دڕەنگ هات)

٧) Adverb + Degree فرە زوو، فرە دیر (زۆر زوو/ دڕەنگ)

**٢/٢– ٢ ) فرێزی ڕاده**

٢١) N⁻ + Q⁻ ←—— فرێزی ڕاده (بڕوانه(٢٢)) و (٨٥_ا)ی بەشی یەکەم.

٢٢) تۆزێو ئاوی، کەمێو نان (تۆزێك ئاو)، (کەمێك نان)

٢٣) D⁻ + Q⁻ ←—— فرێزی ڕاده (بڕوانه(٢٤)) و (٨٥_پ)ی بەشی یەکەم.

٢٤) گرد کوڕەکا، گرد پیاکا (گشت کوڕەکان)، (گشت پیاوەکان)

٢٥) P⁻ + Q⁻ ←—— فرێزی ڕاده (بڕوانه(٢٦)) و (٨٨_ا)ی بەشی یەکەم.

٢٦) هەنێو جە کوڕەکام دیێ. (هەندێك لە کوڕەکانم دی)

٢٧) A⁻ + Q⁻ ←—— فرێزی ڕاده (بڕوانه(٢٨)) و (٨٨_پ)ی بەشی یەکەم.

٢٨) پرتەقاڵەکە کەمێو تش بی. ( پرتەقاڵەکە کەمێك ترش بوو )

٢٩) V⁻ + Q⁻ ←—— فرێزی ڕاده (بڕوانه(٣٠)) و (٨٨_ب)ی بەشی یەکەم.

٣٠) ئازاد کەمێو خوا. ( ئازاد کەمێك پێکەنی)

**٢/٢– ٣ ) دروستەکانی فرێزی ناویی**

**٢/٢– ٣–١ ) فرێزی ناویی ساده**

٣١) N = N⁻ (بڕوانه(٣٢)،(٣٣)،(٣٤)) و (١٧)،(١٨)،(٩٠)،(٩١)ی بەشی یەکەم.

٣٢) ا‌ـ ئازاد وت. (ئازاد خەوت)

ب ـ من ئازادم وینا. (من ئازادم بینی.)

پ ـ گجیەکە پەی ئازادی مسانوو. (کراسەکە بۆ ئازاد دەکڕم.)

٣٣) ا– ماساوی بە ئاوی مژیو. (ماسی بە ئاو دەژی.)

ب– ژیری بە گۆرەو گولانەیی نییا. (ژیری بە گەورەو بچوکی نییە.)

٣٤) ا ـ ئاد لوا پەی بازاڕی. (ئەو چوو بۆ بازاڕ)

ب ـ من ئادی وینوو. (من ئەو دەبینم)

پ ـ گجییێو پەی ئادی/ئادێ مسانوو. ( کراسێك بۆ ئەو دەکڕم)

لە هێڵکاریی (١)دا دروستەی فرێزی ناویی سادە لە (ش ز هـ)دا دەخرێتەڕوو، کە هەمان دروستەی فرێزی ناویی سادە لە (ش ز س)ی هەیە (بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١٨))ی بەشی یەکەم.

هێڵکاری ژمارە (١)

$N^-$

|

N

(ناوی تایبەتیی کەس)

(ناوی گشتی و کۆنکرێت و ئەبستراکت بە قورسایی خستنەسەرەوە)

(جێناوی سەربەخۆ)

### ٢/٢– ٣–١–١ ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە

٣٥) $N^- + Number$ (بڕوانە(٣٦)) و (٨٤)ی بەشی یەکەم

٣٦) پەنج کوڕێ ، چوار کوڕێ (پێنج کوڕ، چوار کوڕ)

٣٧) نازناوی زانستیی و کۆمەڵایەتیی + $N^-$ (بڕوانە(٣٨) و (٩٦)ی بەشی یەکەم

٣٨) ا ـ کاك ئازاد، دکتۆر هیوا

ب ـ حاجی مەلاّ عەلی

٣٩) ناوی ئاوەڵکرداریی + $N^-$ (بڕوانە(٤٠) و (٩٧)ی بەشی یەکەم

٤٠) پاڵو دیواری، چێرو تەوەنی

### ٢/٢– ٣–٢ ) فرێزی ناویی خستنەپاڵ

اـ خستنەپاڵی خاوەنداریی

١) خستنەپاڵی خاوەنداریی رووت

٤١) $N^= = [N^- + det] + N^-$ (بڕوانە(٤٢)) و (٩٩)ی بەشی یەکەم.

٤٢) اـ دەسو مـن (دەستی مـن)

ب ـ چەمو تو (چاوی تۆ)

پ ـ دڵو ئادی/ ئادێ /ئازادی/خەرمانێ ( دڵی ئەو/ئازاد/خەرمان)

دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٤٢) لە (٤٣)دا دەخرێتەڕوو.

٤٣) اـ دەسم ب ـ چەمت پ ـ دڵش (دەستم، چاوت، دڵی) (١١٢)ی بەشی یەکەم.

٤٤) $N^= = [N^- + det]+D^-$ (بڕوانە(٤٥) و(٤٦)) و (١٠٢) و(١٠٣)ی بەشی یەکەم.

٤٥) اـ دەسێوو من (دەستێکی من)     ب ـ دەسەکەو من (دەستەکەی من)
پ ـ دەسەکێو من (دەستەکانی من)
٤٦) اــ چــەمێوو تــو (چــاوێکی تــۆ)  ب  ـ چــەمەکەو تــو (چــاوەکەی تــۆ) پ  ـ چەمەکێوتو/ چەمەکاو تو (چاوەکانی تۆ)
دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٤٥) و (٤٦) لە (٤٧) و(٤٨)دا دەخەینەڕوو.
٤٧) اـ دەسێوم (دەستێکم)  ب ــ دەســەکەم (دەســتەکەم) هێڵکــاری (٢٢)ی بەشــی یەکەم.
٤٨) اـ چەمێوت (چاوێکت)  ب ـ چەمەکەت (چاوەکەت)
٤٩)  $N^{=} = [N^{=} + det] + D^{-}$  (بڕوانە(٥٠) و (١٢٨)و(١٢٩)ی بەشی یەکەم.
٥٠) اـ بازاڕێوو شارو سلێمانیی (بازاڕێکی شاری سلێمانی)
ب ـ مزگییێوو شارو هۆلێری  مزگەوتێکی شاری هەولێر)
پ ـ مزگیەکیٚ/ مزگیەکاو شارو هۆلێری (مزگەوتەکانی شاری هەولێر)
٥١) $N^{=} = [N^{=} + det] + N^{-}$  (بڕوانە(٥٢) و (١٣١)ی بەشی یەکەم.
٥٢) اـ هەنگورو ناوچەو شارباژێری (ترێی ناوچەی شارباژێڕ)
ب ـ سیاوۆاو شارو سلێمانیی.(ڕەشەبای شاری سلێمانی)

٢) خستنەپاڵی خاوەندارێی زگماکیی
٥٣) $N^{=} = [N^{-} + det] + N^{-}$  (بڕوانە(٥٤) و (١١٥)ی بەشی یەکەم.
٥٤) اـ قاسپەو ژەرەژیٚ   (قاسپەی کەو)
ب ـ سەڕەو هەری      (زەڕەی کەر)
پ ـ حیلەو ئەسپی  (حیلەی ئەسپ)
ب ـ خستنەپاڵی تایبەتیی
٥٥)  $N^{=} = [N^{-} + det] + N^{-}$  (بڕوانە(٥٦) و (١٢٠)ی بەشی یەکەم.
٥٦) اـ ئامادەییو سلێمانیی  (ئامادەیی سلێمانیی )
ب ـ شارو هۆلێری        ( شاری هەولێر)
پ ـ بازاڕو گۆیژەی    ( بازاڕی گۆیژە)

**٢/٢– ٤) فرێزی ئاوەڵناویی**

١) فرێزی ئاوەڵناویی سادە

٥٧) $A^{-} = A$ (بڕوانە(٥٨) و (١٣٧)ی بەشی یەکەم.

٥٨) گۆرە، بەرز، میوەش، شلەتێن ( گەورە، بەرز، مێخۆش، شلەتێن)

٢) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی

٥٩) $A^{=} = [A^{-} +det] + N^{-}$ (بڕوانە(٦٠) و (١٤٥)ی بەشی یەکەم.

٦٠) اـ کوڕی زیرەك (کوڕی زیرەك)

ب ـ کناچێ زیرەکە[٦٤] (کچی زیرەك)

٦١) $A^{=} = [A^{-} +det] + D^{-}$ (بڕوانە(٦٢) و (١٥٠)ی بەشی یەکەم.

٦٢) اـ کوڕێوی زیرەك (کوڕێکی زیرەك)

ب ـ کناچێوەی زیرەکە (کچێکی زیرەك)

**٢/٢– ٥) فرێزی پێشناویی**

٦٣) $P^{-} = N^{-} + P$ (بڕوانە(٦٤) و (١٥٨_ا)ی بەشی یەکەم.

٦٤) اـ نەوزاد لوا پەی دهۆکی. (ئازاد رۆشت بۆ دهۆك.)

ب ـ ئازاد تا کتێبخانەی ملو. (ئازاد تا کتێبخانە دەڕوات.)

وەك چۆن لە(ش ز س)دا پاشگرە ئاوەڵکردارییە سینتاکسییەکان لەلایەن پێشناوەکانەوە، بۆ گەیاندن و پڕکردنەوەی ئەو واتایانە دەهێنران ،کە پێشناوەکان بە تەنیا نایدەن، لە (ش ز ھ)یشدا، هەمان دیاریدە هەیە، بەڵام لە (ش ز ھ)دا کاتێك ئەو پاشگرانە دەردەکەون، دەربڕینی پێشناوەکان سەرپشکیی دەبن (بڕوانە(٦٥) و (١٦٣)ی بەشی یەکەم.

٦٥) اـ نەوزاد جە هیزیێ لوان پەی کەرکوکی ←―― نەوزاد هیزیێ لوان پەی کەرکوکی (نەوزاد لە دوێنێوە چووە بۆ کەرکوك)

---

٦٤) دروستەی {کناچێ زیرەکە}بەم شێوەیەیە {کناچێ + ی + زیرەکە} ، بەڵام لەبەرئەوەی کۆتایی /کناچێ/ دەنگێکی بزوێنە ، بۆیە مۆرفێمی / ـ ی/ خستنەپاڵ تیاچووە.

ب ـ ئازادم جه بازارەنه دی ⟵ ئازادم بازارەنه دی (ئازادم له بازاڕدا دی.)

پ ـ نەوزاد هیزیۆ لوان پەی شاری ⟵ نەوزاد هیزیۆ لوان شاری ( نەوزاد لە دوێنێوە چووە بۆ شار)

ت ـ نانەکەم بە پێوە وارد ⟵ نانەکەم پێوە وارد (نانەکەم بە پێوە خوارد.)

ج ـ کولارەکەم بە ئاسمانۆ دی. ⟵ کولارەکەم ئاسمانۆ دی. (کۆلارەکەم بە ئاسمانەوە دی.)

٦٦) $P^{-} = D^{-} + P$ (بڕوانە(٦٧) و (١٦١_ا)ی بەشی یەکەم.

٦٧) گجیەکە جە پیاکەی مسانوو. (کراسەکە لە پیاوەکە دەکڕم.)

٦٨) $P^{-} = A^{=} + P$ (بڕوانە(٦٩) و (١٦١_ب)ی بەشی یەکەم.

٦٩) برنجەکەم بە پیێوی پیری ورەت. (برنجەکەم بە پیاوێکی پیر فرۆشت.)

پێشناوە مۆرفۆسنتاکسییەکان لەم شێوەزارەدا فۆرمەکانی /پنە(پێ)، چنە(لێ)،ئەنە(تێ)/یان هەیە و لەناوەکردارییەکانی (پنەزانای(پێزانین)، ئەنەیاوای(تێگەیشتن)، ئەنەوستەی (تێخستن)، ونەوستەی(لێخستن)، ونەسانای (لێکڕین))دا دەردەکەون و هەمان ئاکاری سینتاکسیی ئەوانەی (ش ز س)یان هەیە (بڕوانە(٧٠)) و (١٧٨)ی بەشی یەکەم.

٧٠) ا ـ تەوەنەکێم وستەنە حۆزەکەی.(ئەنەوستەی) (بەردەکەم خستە حەوزەکەوە.)

ب ـ من گجیەکەم جە پیاکەی سانا.(چنەسانای) ( من کراسەکەم لە پیاوەکە کڕی.)

### ٢/٢- ٦) فریزی ئاوەڵکرداریی

٧١) ADVERB P = ADVERB (بڕوانە(٧٢)) و (١٧٣)ی بەشی یەکەم.

٧٢) ئازاد زوو/ دیر ئاما. ( ئازاد زوو/ دڕەنگ هات.)

٧٣) $ADVERB\ P = A^{-}$ (بڕوانە(٧٤)) و (١٥٥)ی بەشی یەکەم.

٧٤) ا ـ ئازاد وەش کێڵی کەرۆ. ( ئازاد جوان یاریدەکات.)

ب ـ ئازاد فرەوەش کێڵی کەرۆ. ( ئازاد زۆر جوان یاریدەکات.)

٧٥) $ADVERB\ P = N^{-} + N^{-}$ (بڕوانە(٧٦)) و (١٧٠)ی بەشی یەکەم.

٧٦) خوێندکارەکیٚ پەنج پەنج لوێنـە پۆلەکـەی.(خوینـدکارەکان پێـنج پێـنج چـوونە پۆلەکەوە)

پێشگرە ئاوەڵکردارییەکانی (ش ز ھ) بـریتین لـە/ ئـەرە(ڕۆ، دا)، ھـور (ھـەڵ)، بـەر (دەر)/ و لە ناوەکردارییـەکانی /ئەرەگرتـەی/ ئەرەگرتـەرەی (داگـرتن)، ئـەرەکردەی/ ئـــەرەکردەرەی (ڕۆکـــردن)، بـــەرئاوردەی (دەرھێنـــان)/دا دیـــارن. ئـــەم پێـــشگرە ئاوەڵکرداریيانـــە وەك ئەوانـــەی (ش ز س) لەئاســـتی مۆرفۆلۆژییـــدا بـــەو ناوەکرداریيانـەوە بەسـتراون و لـە ئاسـتی سینتاکسییـشدا بەھـەمان فۆرمـەوە دەردەکەونەوە و جێکەوتەکەیان ناگۆڕن (بڕوانە(٧٧)) و (١٧٧)ی بەشی یەکەم.

٧٧) ا ـ من دانەکێم پەی کاواترەکیٚ ئەرەکەرد. (من دانەکەم بۆ کۆترەکە ڕۆکرد.)

ب ـ ئاوەکێم جە حەوزەکەنە بەرئاوردە. ( ئاوەکەم لە حەوزەکە دەرھێنا.)

دەربڕاوە ئاوەڵکردارییـەکانی (ش ز ھ) ھـەمان ھەڵـسوکەوتی سینتاکـسیی ئەوانـەی (ش ز س)یان ھەیە (بڕوانە(٧٨) و (٧٩)) و (١٨٠) و (١٨١)ی بەشی یەکەم.

٧٨) أ- ھیشتا کوڕەکە کناچەکێش نەوینێنە. ( ھێشتا کوڕەکە کچەی نەدیوە.)

ب- ھیشتا کوڕەکە کناچەکێش نەوینێنە.

پ- کوڕەکە ھیشتا کناچەکێش نەوینێنە.

ت- کوڕەکە کناچەکێش ھیشتا نەوینێنە.

٧٩) ھەرگیز جە بازاڕەنە نانم نەواردەن. (ھەرگیز لە بازاڕ نانم نەخواردووە.)

جێکەوتەی فرێـزە ئـاوەڵکرداریی و پێـشناوییەکان لـەم (ش ز ھ)دا، ھـەمان سـەرەو ریزبوونی ئەوەی (ش ز س)یان ھەیە (بڕوانە(٨٠)) و (١٦٥)ی بەشی یەکەم.

٨٠) بکەر + ئاوەڵکرداری کاتیی + ئاوەڵکرداری شوێنیی + بەرکاری راسـتەوخۆ + بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کردار (بڕوانە(٨١)) و (١٦٦)ی بەشی یەکەم.

٨١) ا ـ من ھیزی یانەنە دانەم پەی کەواترەکەی ئەرەکەرد. (من دوێنـیٚ لەماڵـەوە دانم بۆ کۆترەکە ڕۆکرد.)

ب ـ من ھیزی جە بازاڕۆ بە پیٚ لوانیٚ پەی زانکوی. ( من دوێنیٚ لە بـازاڕەوە بە پیٚ چووم بۆ زانکۆ.)

**٢/٢– ٧) فرێزی کرداریی**

ا) کرداری تێپەڕ

٨٢) $V^- = V + N^-$ (بڕوانە(٨٣)) و (١٨٣_ا)ی بەشی یەکەم.

٨٣) اـ ئازادم وینا. ( ئازادم بینی)

ب ـ نەسرینەم وینا. ( نەسرینم بینی )

٨٤) $V^- = V^- + D^-$ (بڕوانە(٨٥)) و (١٨٣_ب)ی بەشی یەکەم.

٨٥) اـ کوڕەکەم وینا. (کوڕەکەم بینی.)

ب ـ کناچەکێم وینا. (کچەکەم بینی.)

٨٦) $V^- = V^- + A^=$ (بڕوانە(٨٧)) و (١٨٦)ی بەشی یەکەم.

٨٧) اـ کناچێوەی زەریفەم وینا. (کچێکی جوانم بینی.)

ب ـ کوڕێوی ئازام وینا. ( کوڕێکی ئازام بینی.)

ب) کرداری تێنەپەڕ

٨٨)$V^- + (P^-) + (N^-)$ (بڕوانە(٨٩)) و (١٩١)ی بەشی یەکەم.

٨٩) اـ (زاڕۆڵەکە) (جە مـن) تەرسۆ. (منداڵەکە لە مـن دەترسێت.)

ب ـ (مـن) (پەی هەرمانێ) ملوو. ( مـن بۆ کار دەڕۆم.)

٣)کرداری ناتەواو

٩٠) DEFECTIVE VERB + $N^-$ (بڕوانە(٩١)) و (١٩٢_ا)ی بەشی یەکەم.

٩١) ئازاد خوێندکارا. (ئازاد خوێندکارە.)

٩٢) DEFECTIVE VERB + $A^-$(بڕوانە(٩٣)) و (١٩٢_ب)ی بەشی یەکەم.

٩٣) نەسرینە زیرەکەنە. (نەسرین زیرەکە.)

٩٤) DEFECTIVE VERB + $P^-$ (بڕوانە(٩٥)) و (١٩٢_پ)ی بەشی یەکەم.

٩٥) یانەو مامۆم جە هۆلێرەنە. (ماڵی مامم لە هەولێرە.)

٩٦) DEFECTIVE VERB +$ADVP^-$ (بڕوانە(٩٧))و(١٩٢_ت)ی بەشی یەکەم.

٩٧) جە وەرمی هورزدێ، دیرا. (لە خەو هەڵسن، دڕەنگە.)

٩٨) DEFECTIVE VERB + $Q^-$ (بڕوانە(٩٩)) و (١٩٢_ج)ی بەشی یەکەم.

٩٩) برنجەكە تۆزێو بێ. (برنجەكە تۆزێك بوو.)

١٠٠) DEFECTIVE VERB + D⁻ (بڕوانە(١٠١)) و (١٩٢_چ)ی بەشی یەكەم.

١٠١) ئانە كتێبەكەن. (ئەوە كتێبەكەیە.)

بەرلەوەی یاسای شكاندنەوەی بكەر و بەركار لە دروستەی مۆرفۆسینتاكسیی فرێزی كرداریی ئەم شێوەزارە بخرێتەڕوو، پێویستە دەستنیشانی جێناوەلكاوەكانی بكرێت، كە بە پێی كات و هێزی كردارەكە فۆرمی تایبەت بە خۆیان وەردەگرن. مهاباد كامیل عەبدوڵا(١٩٩٦:٩٠) و فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨:١٤)جێناوەلكاوەكانیان كردووە

بە پێنج دەستەوە[٦٥]:

دەستەی یەكەم :

(م ـ ما، ت ـ تا، ش ـ شا) لەگەڵ جێناوە سەربەخۆكان، كە بریتین لە ( من ـ ئێمە، تو ـ شمە، ئاد(بۆ نێر)/ئادە(بۆ مێ) ـ ئادێ)[٦٦] لە فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارییدا، خاوەنداری دروستەدەكەن (بڕوانە:(٤٢)،(٤٣)) و بەشداریش لە داڕشتنی كرداری تێپەڕی راگەیاندنی (ڕووت، نزیك، دوور)دادەكەن (بڕوانە(١٠٢)).

١٠٢) شتەی :

| ڕابردووی رووت | | رابردووی نزیك | | رابردووی دوور | |
|---|---|---|---|---|---|
| شتم | شتما | شتەنم | شتەنما/ شتێنەم | شتەبێم/ شتێبێم | شتەبێما |
| شتت | شتتا | شتەنت | شتەنتا/ شتێنەت | شتەبێت/ شتێبێم | شتەبێتا |
| شتش | شتشا | شتەنش | شتەنشا/ شتێنەش | شتەبێش/ شتێبێم | شتەبێشا |

دەستەی دووەم:

(وو ـ مێ/یمێ، ی ـ دێ/ یدێ، و ـ ا) لەگەڵ كرداری رانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا بەكاردێت (بڕوانە(١٠٣)).

---

٦٥) هەبوونی ئەو دەستەجێناوەلكاوانە دەگەڕێتەوە بۆ پێڕەوی ئەرگەتیڤیی شێوەزاری هەورامی (محەمەدی مەحوی :٢٠٠٥ )

٦٦) فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨:٧)

۱۰۳)

| ڕانەبردووی تێپەڕ (ئاوردەی ـ هێنان) | | ڕانەبردووی تێنەپەڕ (لوای ـ ڕۆشتن) | |
|---|---|---|---|
| ماروو | مارمێ | ملوو | ملمێ |
| ماری | ماردێ | ملی | ملدێ |
| مارو | مارا | ملو | ملا |

دەستەی سێیەم:

(نێ ـ نمێ، نی ـ ندێ، Ø ـ نێ) لەگەڵ کرداری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ و تێنەپەڕ و ڕابردووی دووری تێنەپەڕ دەڕوات (بڕوانە(۱۰٤_اب)).

۱۰٤) ا ـ

| ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ (مەڕیای ـ شکاندن) | | ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕ (خزای ـ خلیسکاندن) | |
|---|---|---|---|
| ماڕێنێ | ماڕێنمێ | خزێنێ | خزێنمێ |
| ماڕێنی | ماڕێندێ | خزێنی | خزێندێ |
| ماڕێ | ماڕێنێ | خزێ | خزێنێ |

ب ـ

| ڕابردووی دووری تێنەپەڕ (وتەی ـ نوستن) | | |
|---|---|---|
| وتەبێنێ (بۆ نێر) | وتێبێنێ (بۆ مێ) | وتێبێنمێ |
| وتەبێنی (بۆ نێر) | وتێبێنێ (بۆ مێ) | وتێبێندێ |
| وتەبێ (بۆ نێر) | وتێبێ (بۆ مێ) | وتێبێنێ |

دەستەی چوارەم:

(ا/نێ/انێ ـ یمێ، ی ـ یدێ، Ø ـ ێ) لەگەڵ ڕابردووی رووتی تێنەپەڕ بەکاردێت (بڕوانە(۱۰٥)).

۱۰٥)

| ڕابردووی رووتی تێنەپەڕ (لوای ـ ڕۆشتن) | |
|---|---|
| لوانێ | لوایمێ |
| لوای | لوایدێ |
| لوا | لوێ |

دەستەی پێنجەم:

(ا ـ مێ، ی ـ دێ، Ø ـ ێ) لەگەڵ ڕابردووی نزدیکی تێنەپەڕدا بەکاردێت (بڕوانە(۱۰٦)).

(١٠٦

<u>ڕابردووی نزیکی تێنەپەڕ (ئامای ـ هاتن)</u>

| | | |
|---|---|---|
| ئامانا (بۆ نێر) | ئامێنا (بۆ مێ) | ئامێنمێ |
| ئامانی (بۆ نێر) | ئامێنێ (بۆ مێ) | ئامێندێ |
| ئامان (بۆ نێر) | ئامێنە (بۆ مێ) | ئامێنێ |

ا) کرداری سادە[٦٧]

١) کرداری تێنەپەڕ

١٠٧) اـ رەگ + کات + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رابردوو(بڕوانە(١٠٥))و(١٩٥)ی بەشی یەکەم.

ب ـ کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رانەبردوو(بڕوانە(١٠٣))و(١٩٦)ی بەشی یەکەم.

٢) کرداری تێپەڕ

١٠٨) اـ رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٠٩)) و (١٩٨)ی بەشی یەکەم.

١٠٩) کیاستێم، واردێم (ناردمن، خواردمن)

ب ـ کات + رەگ + کەس(بکەریی) + کەس(بەرکاریی) بۆ کاتی رانەبردوو، (بڕوانە(١١٠)) و (١٩٩)ی بەشی یەکەم.

١١٠) کیانووشا، موەرووشا (دەیاننێرم، دەیانخۆم)

ب) کرداری ئالۆز

١١١) اـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بکەریی) + رەگ + کات +کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (بڕوانە(١١٢)) و (٢٠١)ی بەشی یەکەم.

١١٢) پنەمزانا، ونەموست (پێمزانی، لێمخست)

---

٦٧) لەبەر قەبارەی نامەکە تەنیا دروستەی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو خراوەتەڕوو، دروستەی ڕێژەکانی دیکەی کرداری ڕابردووی ڕاگەیاندن و دانانیی و داخوازیی باسنەکراوە، فەرەیدوون عەبدول محەمەد دروستەی هەموو ئەو ڕێژانەی دەستنیشانکردووە ، بڕوانە (١٩٩٨ :٢٠)

ب ـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بەرکاریی) + کات + ڕەگ +کەس(بکەریی) بۆ ڕانەبردوو (بڕوانە(۱۱۳)) و(۲۰۲)ی بەشی یەکەم.
۱۱۳) پنەشمزانوو، ونەشوزوو[٦٨] (پێیدەزانم، لێیدەخەم)
۱۱٤) اـ ئاوەڵناو + کەس(بکەریی) + ڕەگ + کات +کەس(بەرکاریی) بۆ ڕابردوو (بڕوانە(۱۱٥)) و (۲۰٤)ی بەشی یەکەم.
۱۱٥) سورماکەردێوە، کزماکەردێوە. (سورمانکردنەوە، کزمانکردنەوە)
ب ـ ئاوەڵناو + کەس(بەرکاریی) + کات + ڕەگ +کەس(بکەریی) بۆ ڕانەبردوو (بڕوانە(۱۱٦))و(۲۰٥)ی بەشی یەکەم.
۱۱٦) سورشاکەرمێوە، کزشاکەرمێوە (سوریاندەکەینەوە، کزیاندەکەینەوە)
۱۱۷) اـ ناو + کەس(بکەریی) + ڕەگ + کات + کەس(بەرکاریی) بۆ ڕابردوو (بڕوانە(۱۱۸)) و (۲۰۷)ی بەشی یەکەم.
۱۱۸)دەسماگرتێ، چەمماگرتێ (دەستمانگرتن، چاومانگرتن)
ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی) + کات + ڕەگ +کەس(بکەریی) بۆ ڕانەبردوو (بڕوانە(۱۱۹)) و (۲۰۸)ی بەشی یەکەم.
۱۱۹) دەسشاگیروو، چەمشاگیروو. (دەستیان دەگرم، چاویان دەگرم)

۱۲۰) اـ پێشگری ئاوەڵکردارییی + کەس(بکەریی) + ڕەگ + کات +کەس(بەرکاریی) بۆ ڕابردوو (بڕوانە(۱۲۱)) و (۲۱۰)ی بەشی یەکەم.
۱۲۱) هورمواست، بەرمئاردی (هەڵمواسی، دەرمهێنا)
ب ـ پێشگری ئاوەڵکردارییی + کەس(بەرکاری) + کات + ڕەگ +کەس(بکەری) بۆ ڕابردوو (بڕوانە(۱۲۲)) و (۲۱۱)ی بەشی یەکەم.
۱۲۲) هورشوازوو، بەرشماروو (هەڵیدەواسم، دەریدەهێنم)
۱۲۳) اـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بکەریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + ڕەگ + کات + کەس (بەرکاری) بۆ ڕابردوو (بڕوانە(۱۲٤)) و (۲۱۳)ی بەشی یەکەم.

---

٦٨) هەندێك جار مۆرفێمی کاتی ڕانەبردوو /م ـ / دەرنابڕدرێت.

١٢٤) پنەمونەگرت، پنەمونەکەرد (پێمتێگرت، پێمتێکرد)
ب ـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بەرکاریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی+ کات + رەگ + کەس (بکەریی) بۆ رانەبردوو (بڕوانە(١٢٥)) و (٢١٤)ی بەشی یەکەم.
١٢٥) پنەشونەگێروو، پنەشونەکەروو (پێیتێدەگرم، پێیتێدەکەم)
١٢٦) اـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بکەریی) + پێشناوی ئاوەڵکرداریی + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) بۆ رابردوو (بڕوانە(١٢٧)) و (٢١٦)ی بەشی یەکەم.
١٢٧) پنەمهورگرت ( پێمهەڵگرت)
ب ـ پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + کەس (بەرکاریی) + پێشناوی ئاوەڵکرداریی + کات + رەگ + کەس (بکەریی) بۆ رانەبردوو (بڕوانە(١٢٨)) و (٢١٧)ی بەشی یەکەم.
١٢٨) پنەشهورگێروو (پێیهەڵدەگرم)

١٢٩) اـ ناو + کەس(بکەریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (بڕوانە(١٣٠)) و (٢١٩)ی بەشی یەکەم.
١٣٠) دەسمپنەکەرد، دەسمونەوست (دەستمپێکرد، دەستملێخست)
ب ـ ناو + کەس(بەرکاریی)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی+ کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (بڕوانە(١٣١)) و (٢٢٠)ی بەشی یەکەم.
١٣١) دەسشپنەکەروو، دەسشونەوزوو (دەستیپێدەکەم، دەستیلێدەخەم)
١٣٢) اـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بکەریی) + ئاوەڵناو + رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) بۆ رابردوو (بڕوانە(١٣٣)) و (٢٢٢)ی بەشی یەکەم.
١٣٣) پنەمسورکەردۆ، پنەمکزکەردۆ (پێمسورکردەوە، پێمکزکردنەوە)
ب ـ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسیی + کەس(بەرکاریی) + ئاوەڵناو + کات + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ رانەبردوو (بڕوانە(١٣٤)) و (٢٢٣)ی بەشی یەکەم.
١٣٤) پنەشاسورکەروۆ، پنەشاکزکەروۆ (پێیان سوردەکەمەوە، پێیان کزدەکەمەوە)

١٣٥) اـ ناو + کەس(بکەریی) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی + ئاوەڵناو + رەگ + کات + کەس (بەرکاریی) بۆ رابردوو (بڕوانە(١٣٦))و (٢٢٥)ی بەشی یەکەم.

١٣٦) دەسمپنەگەرمکەردێوە، چەمونەسورکەردێوە (دەستم پێگەرمکردنەوە، چاوم لێسورکردنەوە)

ب ـ ناو + کەس(بەرکاری) + پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی + ئاوەڵناو + کات + رەگ + کەس (بکەری) بۆ رانەبردوو (بڕوانە:(١٣٧)) و (٢٢٦)ی بەشی یەکەم.

١٣٧) دەسشاپنەگەرمکەروۆ، چەمشاونەسورکەروۆ (دەستیان پێگەرمدەکەمەوە، چاویان لێسوردەکەمەوە)

١٣٨) اـ ناو + کەس(بکەری)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسی + پێشگری ئاوەڵکرداری + رەگ + کات + کەس(بەرکاری) بۆ رابردوو (بڕوانە:(١٣٩)) و (٢٢٨)ی بەشی یەکەم.

١٣٩) دەسمچنەهورگرت، چەمونەگرتەرە (دەستملێهەڵگرت، چاوملێداگرت)

ب ـ ناو + کەس(بەرکاری)+ پێشناوی مۆرفۆسنتاکسی+ پێشگری ئاوەڵکرداری + کات + رەگ + کەس(بکەری) بۆ رانەبردوو (بڕوانە:(١٤٠)) و (٢٢٩)ی بەشی یەکەم.

١٤٠) دەسشچنەهورگیروو، چەمشونەگیروەرە (دەستی لێهەڵدەگرم، چاوی لێدادەگرم)

## ٢/٢– ٨) فرێزی خستنەتەکیەك

CO-ORDINATE P = X⁻ + CONJ + X⁻ (١٤١

لە (ش ز ه)یشدا گشت چەشن و جۆرەکانی فرێز بەپێی یاسای ژمارە (١٤١) دەخرێنەتەکیەك (بڕوانە(١٤٢)) و (٢٣١)ی بەشی یەکەم.

١٤٢) ا- کناچێوەی زەریفە و کناچێوەی زیرەکە جە پۆلەکەو ئێمەنە هەنێ.(کچێکی جوان و کچێکی زیرەك لە پۆلەکەی ئێمەدا هەن.)

ب ــ من پەی هۆلێری و پەی دهۆکی ملوو.(من بۆ هەولێر و بۆ دهۆك دەڕۆم.)

پ ــ نامەکەم دڕی و نامەکەم سوچنا. (نامەکەم دڕاند و نامەکەم سوتاند.)

ت ــ نادیو کەرکوکی و نادیو سلێمانییێ گەمەشا هەن. یانەی کەرکوك و یانەی سلێمانی یارییان هەیە.)

ج ــ دەسو ئادی و قاچو ئادی مەڕییێ. (دەستی ئەو و قاچی ئەو شکان.)

چ ــ کورسییێو و مێزێوەم سانا. (کورسییەك و مێزێکم کڕی.)

دەرخراو و دەرخەرەکان، واتە سەری واتـایی و سـەرە ڕێزەمـانیی و مـۆرفێمی دۆخ و توخمە دووبارەبووەکانی (١٤٢) لە (١٤٣)دا لادەبرێن.

١٤٣) ا- کناچێوەی زەریف و زیرەکە جە پۆلەکـەو ئێمـە هـەنێ. (کـچێکی جـوان و زیرەك لە پۆلەکەی ئێمە هەیە.)

ب ــ من پەی هۆلێر و دهۆکی ملوو. (من بۆ هەولێر و دهۆك دەڕۆم.)

پ ــ نامەکەم دڕی و سوچنا. (نامەکەم دڕاند و سوتاند.)

ت ــ نادیو کەرکوك و سلێمانییێ گەمەشا هـەن.(یانـەی کـەرکوك و سـلێمانی یارییان هەیە.)

ج ــ دەس و قاچو ئادی مەڕیان. (دەستی و قاچی ئەو شکان.)

چ ــ کورسی و مێزێوەم سانا. (کورسی و مێزێکم کڕی.)

## ٣/٢) جیاوازیی نێوان دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە (ش ز س) و (ش ز ه)دا

لـــــە(٢/٢(١-٨))دا دروســــتەی چەشـــــن و جۆرەکــــانی (ش ز ه) بــــەپێی یاساچـنگکەوتووەکانی (ش ز س) تاقیکرانــەوە، دەرکــەوت بەشــێوەیەکی گـشتی هەمان یاسا و مۆدێل بۆسازدانی ئەو دروستانە لە کاردان. بەڵام لـە نێـوان ئـەو دوو شێوەزارەدا ئەم جیاوازییانەی خوارەوە هەن:

١) (ش ز س) و (ش ز ه) لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگییەوە جیـاوازن : (ا)لـە ڕووی مۆرفۆلۆژییــەوە، لــە (ش ز س)دا مــۆرفێمی خـستنەپاڵی دەســتەواژیلە و خاوەنداریی و تایبەتیی/ ـ ی/یـە(بڕوانـە(٩٩)،(١١٥)،(١٢٠) لەبەشـی یەکەمـدا)، بەڵام لە (ش ز ه)دا مۆرفێمی / و/ ئەو ئەرکـە دەبینێـت (بڕوانـە(٣٥)،(٤٧)،(٥٠) لە بەشی دووەمـدا). (ب)لـە ڕووی فەرهەنگیـشەوە جیاوازییـەکی فـراوان لـە نێـوان

فۆرمی ئەو وشە و کەرەستانەدا هەیە، کە لە مێشکی قسەکەری هەردوو شێوەزارەکەدان.
٢) دروستەی شکاندنەوەی بکەر و بەرکار لەکرداری سادەی رابردوو و رانەبردووی تێپەڕدا (مۆرفۆسینتاکس)ی هەردوو شێوەزارەکەدا، لە رووی یاسای سەرەوڕیزبوونی مۆرفێمەکانییەوە جیاوازن. لە خوارەوە هەردوو یاساکە نیشاندەدرێنەوە بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانیان:

ا ـ رابردوو و رانەبردووی تێپەڕ لە (ش ز ه)دا:

١) رەگ + کات + کەس(بەرکاریی) + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٤٤))

٢) کات + رەگ + کەس(بکەریی) + کەس(بەرکاریی) بۆ کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٤٥))

١٤٤)کیاستێم، واردێم

١٤٥) کیانووشا، موەرووشا

ب ـ رابردوو و رانەبردووی تێپەڕ لە (ش ز س)دا:

١) رەگ + کات + کەس(بکەریی)+ کەس(بەرکاریی) بۆ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٤٦))

٢) کات + کەس(بەرکاریی) + رەگ + کەس(بکەریی) بۆ کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٤٧))

١٤٦) ناردمن، خواردمن

١٤٧) دەیاننێرم، دەیانخۆم

وا دەردەکەوێت، جیاوازی ئەو دوو دروستەیە لەو دوو شێوەزارەدا بەم جۆرە بێت : لە (ش ز ه)دا کەسی بەرکاریی لەناو دروستەی سینتاکسیی و مۆرفۆسنتاکسییدا جێکەوتەی چەسپاوی خۆی هەیە، لە رستەی (١٤٨_اب)دا دروستەی سنتاکسیی کرداری رابردوو و رانەبردووی تێپەڕ، بۆ زانینی جێکەوتەی کەسی بەرکار لە سینتاکسدا، دەخرێنەڕوو.

١٤٨) اـ <u>من</u> <u>نامەکەم</u> کیاست <u>Ø</u>. (من نامەکەم نارد.)
J j J j

ب ـ من نانەکەی موەروو. (من نانەکە دەخۆم.)
j j

٣) (ش ز ھ) ئەرگەتیڤییە[٦٩]، واتە دەشێت بکەر لەگەڵ بەرکار و بکەر لەگەڵ کردار و بەرکار لەگەڵ کرداردا ڕێکەوتنیان ھەبێت (بڕوانە(١٤٨)). بەڵام لە (ش ز س)دا ڕێکەوتنی بکەر لەگەڵ بەرکار و بکەر لەگەڵ کرداردا بەدیدەکرێت (بڕوانە(١٤٩_اب))، ھەرچەندە پاشماوەی ڕێکەوتنی بەرکار و کرداریش لە ھەندێك ڕستەدا بەرچاو دەکەوێت (بڕوانە(١٤٩_پ)). لە (ش ز ھ)دا ڕێکەوتنی نێوان دەرخەر و دەرخراو بەدیدەکرێت، وەك ڕێکەوتنی دەستەواژیلەی ژمارە لەگەڵ فرێزی ناویی و دیارخەرییدا(بڕوانە(١٥٠_اب) و ڕێکەوتنی فرێزی ناویی سادە لەگەڵ فرێزی ئاوەڵناویی سادەدا (بڕوانە(١٥٠_پ)). لە (ش ز س) پاشماوەی ڕێکەوتنی دەرخەر و دەرخراو لە نێوان فرێزی رادەو دەرخراوەکەیدا بەدیدەکرێت (بڕوانە(١٥٠_ت)) وەك چۆن ھەمان دیاریدە لە (ش ز ھ)شدا ھەیە(بڕوانە(١٥٠_ج))، لە (ش ز س) نەمانی ڕێکەوتنی نێوان دەستەواژیلەی ژمارە لەگەڵ فرێزی ناویی و دیارخەرییدا بۆ کەمبەھابوونی مۆرفێمی / ـ ان/ی کۆ دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو مۆرفێمە ،کە نیشانەی [ ـ دیاریکراو]ی ھەیە، لەبەردەم ژمارە جووت و کۆکاندا، کە نیشانەی [ + دیاریکراو]یان دووچاری کەمبەھایی بنجیی بووە(بڕوانە(١٥٠_چ)).

١٤٩) ) اـ من نامەکەم نارد.
j j

ب ـ من سێوەکە دەخۆم.
j j

پ ـ من کوڕێکی زۆر م ھەن.
J j J j

١٥٠) ا ـ پەنج کوڕێ ، چوار کوڕێ (پێنج کوڕ، چوار کوڕ)
j j j j

ب ـ ـ پەنج کوڕەکێ ، چوار کوڕەکێ (پێنج کوڕەکە، چوار کوڕەکە)
j j j j

٦٩) فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨:١٥)

پ ـ کوڕی زیرەكØ، کناچێ زیرکە

ت ـ هەموو کوڕەکان، گشت کچەکان

ج ـ گرد کوڕەکا ، گرد کناچەکا

چ ـ * دوو/سێ کوڕان.

٤) دروستەی فرێزەکان، لە هەردوو شێوەزارەکەدا، لە دەرەوەی دروستەی رستەدا دەرهێنران. ئەوانەی (ش ز س) لە ناو رستەو دەرەوەی رستەدا هەمان دروستەیان هەبوو، تەنیا گۆکردنەکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت (بڕوانە(٩) لە بەشی یەکەمدا). بەڵام سەبارەت بە (ش ز ه) دروستەی فرێزی ناویی سادە و فرێزی دیارخەریی لە ناوەوەو دەرەوەی رستە هەمان دروستەیان نییە، چونکە بە پێی ئەو جێکەوتانەی تیایدا دەردەکەون، دروستەکانیان دەگۆڕێت، ئەویش بۆ وەرگرتن و دەرکەوتنی مۆرفێمی دۆخ دەگەڕێتەوە. دۆخ ئەو گۆڕانکارییەیە، کە بەهۆی پەیوەندی سینتاکسیی فرێزی ناوییەوە بە سەرەحوکمکەرەکەیەوە لە رستەدا، لە کۆتاییەکەیدا دەردەکەوێت[٧٠]. بە هەمان شێوەش مۆرفێمەکانی رێکەوتنی کەس و ژمارەش دەچنە کۆتایی دەرخەرەکانییانەوە (بڕوانە(١٥٠)). سەبارەت بە (ش ز س) ی نیشانەی دۆخ وەك مۆرفێم هەبوونی نییە، بەڵام لە هی (ش ز ه)دا مۆرفۆلۆژیی دۆخی رێزمانیی هەیە.

لە (ش ز ه)دا فرێزی ناویی سادە لە باری نۆمنەتیڤدا، ئەگەر کرداری رستەکە رابردوو و رانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بوو، ئەوا نیشانەی دۆخی لەسەر دەردەکەوێت (بڕوانە(١٥١)).

١٥١) ا ـ نەوزادی نامەش نویست. (نەوزاد نامەی نووسی.)

٧٠) محەمەد ڕەزای باتینی (٦٢:١٩٩٣)

ب ـ خەرمانێ نامەش نویست. (خەرمان نامەی نووسی.)
پ ـ نەوزادØ لوا. (نەوزاد ڕۆشت.)
ت ـ خەرمانە لوا. (خەرمان ڕۆشت.)
ج ـ نەوزادØ نامە منویسو. (نەوزاد نامە دەنووسێت.)
چ ـ خەرمانە نامە منویسو. (خەرمان نامە دەنووسێت.)

ئەوانەی لە (١٥١)دا هێڵیان بە ژێردا هاتووە نیشانەی دۆخن، لەبەرئەوەی لە (١٥١_پ ج) فرێزەناوییەکە، ناوێکی تایبەتییە بۆ نێر، نیشانەی دۆخ مۆرفێمێکی بۆشە، بەڵام لە (١٥١_ا)دا نیشانەی دۆخ مۆرفێمی / ـ ی/ بۆ نێرە. سەبارەت بە نیشانەی دۆخ لە (١٥١_ب)دا، کە بۆ توخمی مێ فۆرمی تایبەت بەخۆی وەرگرتووە، مۆرفێمی/ ـ ێ/یە، بەڵام لە(١٥١_ت چ)دا مۆرفێمی دۆخەکە / ە/یە. لەمەوەدەتوانرێت بگوترێت، کە ئەو مۆرفێمانەی لە (١٥١)دا هێڵیان بەژێردا هاتووە، لە یەککاتدا نیشانەی دۆخ و توخمی نێر و مێیان تێدا تواتەوە.
کاتێك فرێزی دیارخەریی لە باری نۆمینەتیڤیدا دەردەکەوێت، نیشانەی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە، کە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە فرێزی دیارخەریی لە زمانی کوردییدا هەبوونی هەیە و خۆی لە فرێزی ناویی جیادەکاتەوە(بڕوانە(١٥٢) و لەگەڵ (١٤٨)ی ئەم بەشەدا بەراوردی بکە ).
١٥٢) اـ کوڕەکە نامەش نویست. (کوڕەکە نامەی نووسی.)
ب ـ کناچەکێ نامەش نویست. (کچەکە نامەی نووسی.)
پ ـ کوڕەکە لوا. (کوڕەکە ڕۆیشت.)
ت ـ کناچەکێ لوا. (کچەکە ڕۆیشت.)
ج ـ کوڕەکە نامە منویسو. (کوڕەکە نامە دەنووسێت.)
چ ـ کناچەکێ نامە منویسو. (کچەکە نامە دەنووسێت.)

دروستەی خستنەپاڵ لە (ش ز ه)دا، بە تایبەتی دروستەی دەستەواژیلەی ناویی و فرێزی ناویی، لەناوەوە و دەرەوەی رستەدا بەپێی نێر و مێ مۆرفێمی توخم لەسەر دەرخەرەکان نیشاندەدات، بەڵام توخمەکە بۆ خودی دەرخەرەکە دەگەڕێتەوە، واتە لە

بنەڕەتدا مۆرفێمە توخمەکە بە دروستەکەوەیە (بڕوانە(٨)،(٤٢)،(٥٠)). دەربارەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییش، مۆرفێمی توخم بە دروستەکەوەیە، هەرچەندە بە دەرخەرەوە لکاوە، بەڵام هی دەرخراوەکەیە (بڕوانە(٦٠)).
لەم شێوەزاردا فرێزی ناویی و دیارخەریی لە باری ئەکوزەتیڤی(بڕوانە(١٥٣)) و داتیڤییدا نیشانەی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت (بڕوانە(١٥٤)).[٧١]

١٥٣) ا ـ من ئازادی وینوو. (من ئازاد دەبینم.)
ب ـ من خەرمانێ وینوو. (من خەرمان دەبینم.)
پ ـ من کوڕەکەی وینوو. (من کوڕەکە دەبینم.)
ت ـ من کناچەکێ وینوو. (من کچەکە دەبینم.)
ج ـ من کوڕەکا وینوو. (من کوڕەکان دەبینم.)
چ ـ من تاتەو ئادی/ ئادێ وینوو. (من باوکی ئەو دەبینم.)

١٥٤) ا ـ گجیەکەم بە ئازادی ورەت. (کراسەکەم بە ئازاد فرۆشت.)
ب ـ گجیەکەم بە خەرمانێ ورەت. (کراسەکەم بە خەرمان فرۆشت.)
پ ـ گجیەکەم بە کوڕەکەی ورەت. (کراسەکەم بە کوڕەکە فرۆشت.)
ت ـ گجیەکەم بە کناچەکێ ورەت. (کراسەکەم بە کچەکە فرۆشت.)
ج ـ ئازاد پەی دهوکی لوا. ( ئازاد بۆ دهۆك رۆشت.)

لە (١٥٣_ج)دا نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤیی فرێزی دیارخەریی {کوڕەکا}، مۆرفێمی/ ـ ا/یە، کە بەسەر دەنگەبزوێنی کۆتایی مۆرفێمی کۆی ناسراویی/ ـــ ەکێ/دا زاڵبووە، واتە دروستە بنەڕەتییەکەی بەم شێوەیە بووە: (کوڕەکێ + ا). هەمان دیاریدەش لە (١٥٠_ج)دا بەرچاودەکەوێت.

٧١) فەرەیدوون عەبدول محەمەد جێکەوتەکانی دەرکەوتنی دۆخی لە (ش ز ھ)دا نیشانداوە (١٩٩٨ :٩٧)

# بەشی سێیەم

# دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز
# لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا


بەشی سێیەم : ........................................................................١١٧-١٤٢

١/٣ دیارخەرەکان ........................................................................ ١١٩

١-١/٣) ناسراویی و نەناسراویی ........................................................ ١١٩

٢-١/٣) وشەی نیشانە ........................................................................ ١١٩

١-٢/٣) فرێزی دیارخەریی ................................................................ ١٢١

١-١-٢/٣) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەریی ................................. ١٢٣

٢/٣- ١-٢) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (د ک ژ)دا ............................ ١٢٣

٢/٣- ٢) فرێزی ڕادە ........................................................................١٢٣

٢/٣- ٣ ) دروستەکانی فرێزی ناویی ................................................ ١٢٤

٢/٣- ٣-١ ) فرێزی ناویی سادە ........................................................ ١٢٤

٢/٣- ٣-١-١ ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە ........................ ١٢٥

٢/٣- ٣-٢ ) فرێزی ناویی خستنەپاڵ .................................................. ١٢٥

٢/٣- ٤) فرێزی ئاوەڵناویی ..................................................................١٢٧

٢/٣- ٥) فرێزی پێشناویی ....................................................................١٢٧

٢/٣- ٦) فرێزی ئاوەڵکرداریی .............................................................. ١٢٩

٢/٣- ٧) فرێزی کرداریی .................................................................... ١٣٠

٢/٣- ٨) فرێزی خستنەتەکیەك ............................................................ ١٣٦

٣/٣) جیاوازیی نێوان دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە شێوەزارەکاندا............... ١٣٧

### ١/٣) دیارخەرەکان

### ٣/١-١) ناسراویی و نەناسراویی

ئارتیکڵ لە (د ك ژ) تەنیا مۆرفێمی تاکی نەناسراو و کۆی نەناسراویی دەگرێتەوە، فۆرمی تاکی نەناسراوی / ــ ەك/ە و کۆکەشی / ــ ان/ە، مۆرفێمی تاك و کۆی ناسراویی لەوێ، وەك مۆرفێم هەبوونی نییە، بەڵام بەکارهێنانی ناو بەبێ مۆرفێمی تاکی نەناسراویی لە رستەدا، نیشانەی ئەوەیە ،کە ناوەکە ناسراوە [٧٢](بڕوانە(١).

١) ا ـ کوڕ/ کچ نان خوار. (کوڕەکە/ کچەکە نانی خوارد)[٧٣]

ب ـ کوڕەك/ کچەك هات. (کوڕێك/ کچێك هات.)

پ ـ کوڕان/ کچان نان خوار. کوڕەکان/ کچەکان نانیان خوارد.)

مۆرفێمی تاك و کۆی نەناسراویی لە (د ك ژ)دا خاوەنی هەمان ئەو نیشانانەن، کە لە (١١)ی بەشی یەکەمدا خرانەڕوو، ئەو ناوانەی ،کە دەچنەپاڵیان هەمان ئەو نیشانانەیان هەیە، کە لە (١/٢-١-١-١)ی بەشی یەکەمدا دەستنیشانکران، واتە[+ گشتیی ] و [+ژمێردراو ] و[+کۆنکرێت ].

### ٣/١-٢) وشەی نیشانە [٧٤]

فۆرمی وشەی نیشانە لە (د ك ژ)دا بە پێی کات و هێزی کردار و جۆری ئەو ناوەی دەریدەخات، دەگۆڕێت (بڕوانە(٢)).

٢) ا ـ ئەو فۆرمانەی لەگەڵ کرداری بوون و رابردوو و رانەبردوو (ئێستا و داهاتوو)ی تێنەپەڕ و ئێستاو داهاتووی تێپەڕدا دەڕوات، بریتین لە (ئەڤـ. .. ە ـــ ئەڤە : بۆ تاکی نێر و مێی نزیك و بۆ کۆی نێرو مێی نزدیك)، (ئەو : بۆ تاکی نێر و مێی دوور و بۆ کۆی نێرو مێی دوور) (بڕوانە(٣)).

٣) ا ـ ئەڤ هەسپە شهی/ دێ شهیت. (ئەم ئەسپە حیلاندی/ دەحیلێنێت.)

---

٧٢) حاتەم ولیا محەمەد (١٠:٢٠٠٠)

٧٣) بۆ مەبەستی ئاسانکردنی واتای نموونەکان ، بەپێی پێویست واتاکانیان بە (ش ز س) دووبارەکراونەتەوە.

٧٤) بە کەمێك دەسکارییەوە فۆرم و نموونەکانی وشەی نیشانە لە نامەی ماستەری حاتەم ولیا محەمەد (٢١:٢٠٠٠) وەرگیراون.

ب ـ ئەڤ ماهینە شهی/ دێ شهیت. (ئەم ماینە حیلاندی/ دەحیلێنێت.)

پ ـ ئەڤ کورە پسمامێ منە. (ئەم کورە ئامۆزای منە.)

ت ـ ئەو کوڕ/ کچ کەنی/ دێ کەنیت. (ئەو کورە/کچە پێکەنی/ پێدەکەنێت.)

ج ـ ئەو کوڕ/ کچ هاتن. (ئەو کوڕانە/ کچانە هاتن.)

چ ـ ئەڤ کوڕ/ کچ هاتن. (ئەم کوڕانە/ کچانە هاتن.)

ئەو وشەی نیشانانەی، کە لە (٣)دا خرانەڕوو، هەمان ئەو نیشانانەیان هەیە، کە لە (٣٠)ی بەشی یەکەمدا دیاریکران. ئەو ناوانەش کە دەریاندەخەن، ئەو نیشانە واتاییانەیان هەیە، کە لە (٢/١-١-١-٢)ی بەشی یەکەمدا نیشاندران، واتە هەڵگری نیشانەی [+ گشتیی] و[+ژمێردراو] و [+کۆنکرێت].

ب ـ ئەم شێوەیە وەك لە (٤)دا نووێنراون، لەگەڵ کرداری رابردووی تێپەڕ و داخوازییدا بەکاردێن (بڕوانە(٥)).

٤) ڤی/ ئەڤی ( بۆ تاکی نێری نزیك)

ڤێ/ ئەڤێ ( بۆ تاکی مێی نزیك)

وی/ ئەوی ( بۆ تاکی نێری دوور)

وێ/ ئەوێ ( بۆ تاکی مێی دوور)

ڤان/ ئەڤان ( بۆ کۆی نێر و مێی نزیك)

وان/ ئەوان ( بۆ کۆی نێر و مێی دوور)

٥) ا ـ ڤی کوڕی فراڤین دخوار. ( ئەم کورە نانی نیوەڕۆ دوخوارد.)

ب ـ ڤێ بێریڤانێ چێل دۆت. ( ئەم بێریڤانە مانگای دۆشی.)

پ ـ وی زەلامی نان خوار. (ئەو پیاوە نانی خوار.)

ت ـ وێ چێلێ شیر رێت. (ئەو مانگایە شیری رشت.)

ج ـ ڤان جوتیاران ئەرد کێلا. (ئەم جوتیارانە زەویان کێڵا.)

چ ـ وان مامۆستایان وانە دان. (ئەو مامۆستایانە وانەیان وتەوە.)

ئەو وشە نیشانانەی لە (٤)دا دەرکەتن، هەمان هەڵسوکەوتی سینتاکسیی ئەوانەی (٢_ا)یان هەیە، بەڵام ئەمان نیشانەی [+ نێر] و [+مێ]شیان تیادایە (بڕوانە(٥_اب پ ت)). ئەو ناوانەی دەریاندەخەن، جگە لە نیشانەکانی

[+ گشتیی] و [+ژمێردراو]   و[+کۆنکرێت] نیشانەکانی [+ نێر]  و [+مێ]شیان هەیە.

ئەو یاسا و مۆدێلانەی لە (١/ ٣)دا بۆ دروستەی چەشن و جۆرەکانی فرێزی (ش ز س) دەستکەوتن، لە پارەکانی داهاتوودا بەسەر (د ك ژ)دا تاقیدەکرێنەوە، بۆ زانینی ئەوەی، کە ئایا (د ك ژ)ش وەك (ش ز ھ) هەمان دروستەی ئەوانەی (ش ز س)یان هەیە، یان نا؟ پاشان جیاوازییەکان لە (٣/٣)ی ئەم بەشەدا دەخرێنەڕوو.

## ٣/٢– ١ ) فرێزی دیارخەریی

ئەو هۆیانەی لە (١/٢- ٢- اب )ی بەشی یەکەمدا دەستنیشانکران، بۆ (د ك ژ)ش ئەوە دەردەخەن، کە ناوی گشتیی گۆکردنی فرێزیی نییە و بە هۆی دیارخەرەکانەوە دەبێتە فرێز (بڕوانە(٦)) و (١٠)ی بەشی یەکەم[٧٥] و (٤)ی بەشی دووەم.

٦) اـ *کوڕ هات.

ب ـ *کچ هات.

بەڵام (٦) لەگەڵ (١_ا)دا هاوفۆرمە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لەوێ مۆرفێمی ناسراویی بوونی فیزیکی نییە، بۆیە دەرکەوتنی /کوڕ و کچ/ لەو جێکەوتەیەی (١_ا)دا، کە جێکەوتەی فرێزی دیارخەرییە، نیشانەیەکە بۆ ناسینەوەی فرێزی دیارخەریی، لەبەرئەوەی فرێزی ناویی سادە، کە لە ناوێکی گشتیی پێکهاتبێت، بە قورسایی خستنەسەرەوە جێکەوتەی بکەر پڕدەکاتەوە، هەمان باریش بۆ جێکەوتەی بەرکار راستە.

٧) Det +N ⟵ فرێزی دیارخەریی (بڕوانە(١)) و (١٢)ی بەشی یەکەم و (١)ی بەشی دووەم.

٨) دەستەواژیلە + Det ⟵ فرێزی دیارخەریی

ا- [A+det] +N ⟵ دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی (بڕوانە(٩)) و (٥٢)ی بەشی یەکەم و (٧)ی بەشی دووەم

---

٧٥) نموونەکانی ئەم پارە ، لەگەڵ نموونە هاودروستەکانی بەشی یەکەم و دووەمدا بەراورددەکرێن .

٩) کورێ زیرەك، کچا زیرەك (کوڕی/ کچی زیرەك)

(٩)ئەوە دەردەخات، کە لەبەر ئەوەی، مۆرفێمی خستنەپاڵ، بۆ تـوخمی نێـر و مـێ لـە(د ك ژ)دا فـۆرمی جیـای هەیـە، بۆیـە دەسـتەواژیلەی ئاوەڵنـاویی لـە شـێوەی دروسـتـەمۆرفۆلۆژییەکەی {کــوڕەزیرەك، کــچەزیرەك}دا دەرناکــەوێت، کەواتــە مۆرفێمی توخم زاڵەو بەم پێیە لە بنەڕەتدا دروستەکە بەم شێوەیە بـووە:(کـوڕ+ ە + ێ + زیرەك، کچ + ە + ا + زیرەك).

ب- N +[ N +det] ◄——— دەستەواژیلەی خستنەپاڵی سینتاکسیی (بڕوانـە(١٠)) و (٥٣)ی بەشی یەکەم و(٨)ی بەشی دووەم.

١٠) دیرۆکاباژاری، قوتابخانا ناوەنـدیی، تـپلا دەسـتی (مێـژووی شـار، قوتابخانـەی ناوەندی، پەنجەی دەست)

پ- N+[N+det] ◄——— دەسـتەواژیلەی نـاویی (بڕوانـە(١١)) و(٥٤)ی بەشـی یەکەم و(٩)ی بەشی دووەم

١١) کـوڕێ کـورد ، زەلامـێ ئاسـنگەر، کـچاکورد (کوڕەکـورد، پیاوەئاسـنگەر، کچەکورد)

سەبارەت بە نموونەی (٩)ش هەمان هۆکاری روونکردنەوەی نموونە (١١)ی هەیە.

١٢- N + Det ◄——— فرێـزی دیارخـەریی (بڕوانـە(٣،٥)) و (٣٤,٣٣)ی بەشـی یەکەم و(٢)ی بەشی دووەم

١٣) Det + دەســـتەواژیلە (بڕوانـــە(١٥،١٤)) و (٦٨,٦٧)ی بەشـــی یەکـــەم و(١٢،١٣)ی بەشی دووەم.

١٤) ا- ئـەو کـوڕێ زیـرەك (ئـەو کوڕەزیرەکـە) ب ـ ئـەڤ کـوڕێ زیـرەك (ئـەم کوڕەزیرەکە)

پ ـ وان کـوڕێن زیـرەك (ئـەو کوڕەزیرەکانـە)ت ـ ڤـان کـوڕێن زیـرەك (ئـەم کوڕەزیرەکانە)

١٥) ا- ئەو دیرۆکـا بـاژاری (ئـەو مێـژووی شـارە) ب ـ ئـەڤ دیرۆکـا بـاژاری(ئـەم مێژووی شارە) پ ـ وان دیرۆکێن بـاژاری(ئـەو مێـژووی شـارانە) ت ـ ڤـان دیـرۆکێن باژاری(ئەم مێژووی شارانە).

**٢/٣- ١-١ ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەریی**

١٦) $D^- + Q^-$ (بڕوانە(١٧)) و(٨٥_پ)ی بەشی یەکەم و(١٥)ی بەشی دووەم

١٧) هەمی کوڕان، هەمی زەلامان (هەموو کوڕەکان، هەموو پیاوەکان)

١٨) ناوی ئاوەڵکرداریی + $D^-$ (بڕوانە(١٩))و(٨٢)ی بەشی یەکەم و(١٩)ی بەشی دووەم

١٩) پشت دیواری، بن داری (پشت دیوارەکە، ژێر دارەکە)

**٢/٣- ١-٢) جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراو لە (د ک ژ)دا**

دەرخەرو دەرخراو لە(د ک ژ)دا هەمان ئەوجێکەوتانەیان هەیە ،کە لە (ش ز س) و (ش ز هـ )دا دیاریکران. (بڕوانە(٢٠)).

٢٠) ١) Determiner + N

أ- Article + N زەلامەك، کوڕەك، کچەك (پیاوێك، کوڕێك، کچێك)

ب- N + Demonstrative ئەو مێرە، ئەڤ دارە، وان زەلامان (ئەو پیاوە، ئەم دارە، ئەو پیاوانە)

٢) Quantifier + N هەندەك ئاڤ، پچەك نان، گەزەك نان/ پچکوکەك نان (هەندێك ئاو، تۆزێك نان، تۆزقاڵێك نان)

٣) N + Number یەك کوڕ، چار گول، دوو برا (یەك کوڕ، چوار گوڵ، دوو برا)

٤) A + N کوڕێ ئازا، کچا جوان (کوڕی ئازا، کچی جوان)

٥) A + Degree زۆر زیرەك/ جوان (زۆر زیرەك / جوان)

٦) Verb + Adverb زوو/ دڕەنگ هاتەڤە (زوو / دڕەنگ هاتەوە)

٧) Adverb + Degree زۆر زوو/ دڕەنگ (زۆر زوو/ دڕەنگ)

**٢/٣- ٢ ) فرێزی رادە**

٢١) $N^- + Q^-$ ←——— فرێزی رادە (بڕوانە(٢٢)) و(٨٥_ا)ی بەشی یەکەم و(٢٢)ی بەشی دووەم.

٢٢) گەزەك نان، هەندەك ئاڤ، کەرەکێ نانی (تۆزقاڵێك نان، هەندێك ئاو، کەرتێك نان)

٢٣) $D^{-} + Q^{-}$ ⟵ فرێزی رادە(بڕوانە(٢٤))و(٨٥_پ)ی بەشی یەکەم و(٢٤)ی بەشی دووەم.

٢٤) هەمی کوڕان، هەمی زەلامان (هەموو کوڕەکان، هەموو پیاوەکان)

٢٥) $P^{-} + Q^{-}$ ⟵ فرێزی رادە (بڕوانە(٢٦))و(٨٨_ا)ی بەشی یەکەم و(٢٦)ی بەشی دووەم.

٢٦) هەندەك ژ زەلامان (هەندێك لە پیاوەکان)

٢٧) $A^{-} + Q^{-}$ ⟵ فرێزی رادە (بڕوانە(٢٨)) و (٨٨_پ)ی بەشی یەکەم و (٢٨)ی بەشی دووەم.

٢٨) پیچەك ترش (کەمێك ترش)

٢٩) $V^{-} + Q^{-}$ ⟵ فرێزی رادە (بڕوانە(٣٠)) و لەگەڵ (٨٨_ب)ی بەشی یەکەم و (٣٠)ی بەشی دووەم.

٣٠) ئازاد پیچەك گریا. (ئازاد کەمێك گریا.)

## ٢/٣– ٣ ) دروستەکانی فرێزی ناویی

### ٢/٣– ٣–١ ) فرێزی ناویی سادە

٣١) $N = N^{-}$ (بڕوانە(٣٢)،(٣٣)،(٣٤)) و (١٧)،(١٨)،(٩٠)،(٩١)ی بەشی یەکەم و (٣٢)،(٣٣)،(٣٤)ی بەشی دووەم.

٣٢) اـ ئازاد دلۆڤانێ خەلاتدکەت. (ئازاد دلۆڤان خەلاتدەکات.)

ب ـ ئەڤین ئازادێ خەلاتدکەت. (ئەڤین ئازاد خەلاتدەکات.)

پ ـ کراسەك ژبۆ ئازادی دکڕم. (کراسێك بۆ ئازاد دەکڕم)

٣٣) ا– زەلام دڤێت ژ مرنێ نەترسیت. (پیاو دەبێت لە مردن نەترسێت.)

ب– مێژوو دێ زڤڕیتەڤە. (مێژوو دەگەڕێتەوە/دووبارەدەبێتەوە.)

٣٤) ا ـ مە تو دیتی. (ئێمە تۆمان دی.)

ب ـ من تو ل بازاڕی دیتی. (من تۆم لە بازاڕ دی.)

پ ـ من پارە ژ وی وەرگرتن. (من پارەکانم لە ئەو وەرگرت.)

لە هێڵکاریی (١)دا دروستەی فرێزی ناویی سادە دەخرێتەڕوو.

هێڵكاریی ژماره (١)

$N^-$

|

N

(ناوی تایبەتیی كەس)

(ناوی گشتیی و كۆنكرێت و ئەبستراكت بە قورسایی خستنەسەرەوە)

(جێناوی سەربەخۆ)

**٢/٣– ٣–١– ١ ) دەرخەرەكانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە**

٣٥) $N^-$ + Number (بڕوانە(٣٦) و (٨٤)ی بەشی یەكەم و (٣٦)ی بەشی دووەم.

٣٦) دوو كوڕ ، چار برا (دوو كوڕ، چوار برا)

٣٧) نازناوی زانستی و كۆمەڵایەتی + $N^-$ (بڕوانە(٣٨) و (٩٦)ی بەشی یەكەم و (٣٨)ی بەشی دووەم.

٣٨) ا ـ كاك ئازاد، دكتۆر هیوا

ب ـ حاجی مەلا عەلی

٣٩) ناوی ئاوەڵكرداریی + $N^-$ (بڕوانە(٤٠) و (٩٧)ی بەشی یەكەم و (٤٠)ی بەشی دووەم.

٤٠) پشت دیوار، بن دار (پشت دیوار، بن دار)

**٢/٣– ٣–٢ ) فرێزی ناویی خستنەپاڵ**

اـ خستنەپاڵی خاوەنداریی

١) خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕووت

٤١) $N^{=}$ = [$N^-$ + det] + $N^-$ (بڕوانە(٤٢)) و (٩٩)ی بەشی یەكەم و (٤٢)ی بەشی دووەم.

٤٢) اـ دەستێ من[٧٦] (دەستی من)

---

٧٦) لە(د ك ژ)دا دوو دەستە جێناوی سەربەخۆ هەن ، دەستەی یەكەم ،كە كردەی خاوەداریی دروستدەكات بریتییە لە: / من ـ مە ، تە ـ وە ، وی/ وێ ـ وان/ ، دەستەی دووەمیش فۆرمەكانی: /ئەز ـ ئەم ، تو ـ هووین ، ئەو ـ ئەو(ان)/ دەگرێتەوە. جێناوە لكاوەكانی دەستەی دووەم بریتیین لە: /م ـ ین ، یت ـ ن ، Ø ـ ن/. بڕوانە سادق بەهادین ئامێدی (١٩٨٧:٢٠٥).

ب ـ چاڤێ تە   (چاوی تۆ)
پ ـ دلێ وی/ وێ /ئازادی/ نەسرینێ (دڵی ئەو/ ئازاد/ نەسرین)

(٤٢) دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی نییە، لە(د ك ژ)دا دەستە جێناوی لکاوی خاوەندارییی نییە، بۆیە خستنەپاڵی خاوەندارییی تەنیا بە دروستەی سینتاکسیی دەردەبڕدرێت.

٤٣) $N^{=} = [N^{-} + det] + D^{-}$ (بڕوانە(٤٤) و(٤٥)) و (١٠٢) و(١٠٣)ی بەشی یەکەم و(٤٥)،(٤٦)ی بەشی دووەم.

٤٤) اـ دەستەکێ من،   ب ـ دەستێن من  (دەستێکی من، دەستەکانی من)

٤٥) اـ چاڤەکێ من،     ب ـ چاڤێن تە (چاوێکی من، چاوەکانی من)

دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٤٤) و (٤٥) لەبەر هەمان هۆی (٤٢) هەبوونی نییە.

٤٦) $N^{=} = [N^{=} + det] + D^{-}$ (بڕوانە(٤٧)) و(١٢٨)و(١٢٩)ی بەشی یەکەم و (٥٠)ی بەشی دووەم.

٤٧)  ا ـ مزگەوتەکا باژێرێ هەولێرێ  (مزگەوتێکی شاری هەولێر)
ب ـ بازارەکا باژێرێ دهۆکێ. (بازاڕێکی شاری دهۆك)

٤٨) $N^{=} = [N^{=} + det] + N^{-}$ (بڕوانە(٤٩)) و(١٣١)ی بەشی یەکەم و(٥٢)ی بەشی دووەم.

٤٩) اـ ترێیێ دەڤەرا شارباژێرێ  (ترێی ناوچەی شارباژێڕ)
ب ـ سێڤا دەڤەرا بادینانێ.  (سێوی ناوچەی بادینان)

٢) خستنەپاڵی خاوەندارییی زگماکیی

٥٠) $N^{=} = [N^{-} + det] + N^{-}$   (بڕوانە(٥١) و (١١٥)ی بەشی یەکەم و (٥٤)ی بەشی دووەم.

٥١) اـ قەپقەپا کەوی (قاسپەی کەو)
ب ـ چیپەچیپا جویچکان  (جریوەی چۆلەکە)
پ ـ حیلێنا هەسپی (حیلەی ئەسپ)

ب ـ خستنەپاڵی تایبەتیی

٥٢) $N^{-} + det] + N^{=} = [N^{-}$ (بڕوانه(٥٣)و(١٢٠)ی بەشی یەکەم و(٥٦)ی بەشی دووەم.

٥٣) اـ باژارۆکێ دووکان (شارۆچکەی دووکان)

ب ـ ناوەندیا هەلگرد (ناوەندی هەڵگورد)

پ ـ بازارا گۆیژە (بازاڕی گۆیژە)

له (٥٣) فرێزی خستنەپاڵی تایبەتیی له کۆتاییەکەیدا مۆرفێمی دۆخی خستنەپاڵی لەسەردەرنەکەوتووە، بەمەش لە دروستەی دەستەواژیلەو فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی جیادەبێتەوە.

## ٢/٣– ٤) فرێزی ئاوەڵناویی

١) فرێزی ئاوەڵناویی سادە

٥٤) $A^{-} = A$ (بڕوانه(٥٥) و (١٣٧)ی بەشی یەکەم و(٥٨)ی بەشی دووەم.

٥٥) زیرەك، ئازا، جوان.

٢) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی

٥٦) $A^{=} = [A^{-} +det] + N^{-}$ (بڕوانه(٥٧)و(١٤٥)ی بەشی یەکەم و(٦٠)ی بەشی دووەم.

٥٧) اـ کوڕێ زیرەك

ب ـ کچا جوان

٥٨) $A^{=} = [A^{-} +det] + D^{-}$ (بڕوانە(٥٩)و(١٥٠)ی بەشی یەکەم و(٦٢)ی بەشی دووەم.

٥٩) اـ کورەکێ زیرەك (کوڕێکی زیرەك)

ب ـ کچەکا زیرەك (کچێکی زیرەك)

## ٢/٣– ٥) فرێزی پێشناویی

٦٠) $P^{-} = N^{-} + P$ (بڕوانه:(٦١)) و (١٥٨_ا)ی بەشی یەکەم و(٦٤)ی بەشی دووەم

٦١) ا ـ ئازاد دچیت بو دهوکێ. (ئازاد دەچێت بۆ دهۆك)

ب ـ ئەز ل سەربانێ نڤستم. (من له سەربان نووستم.)

لــــە(د ك ژ)دا پاشگرەئاوەڵکردارییەسینتاکـــسییەکان لەلایـــەن پێـــشناوەکانەوە دەهێنرێن، بـەڵام بـە پێـچەوانەی (ش ز ھ)ەوە لـە(ش ز س) دەربڕینـی پێـشناوەکان خورتیین، (بڕوانە(٦٢) و (١٦٣)ی بەشی یەکەم و (٦٥)ی بەشی دووەم.

٦٢) ا ـ ئەم ژ هەولێرێڤە ڤەگەڕاین. (ئێمە لە هەولێرەوە گوڕاینەوە.)

ب ـ ئەز ب باژارێدە دچم. (من بە بازاڕدا دەڕۆم.)

٦٣) $P^{-} = D^{-} + P$ (بڕوانە(٦٤))و(١٦١_ا)ی بەشی یەکەم و(٦٧)ی بەشی دووەم.

٦٤) ا ـ من دیارییەك بۆ کوڕەکی هنارت. (من دیارییەکم بۆ کوڕێك نارد.)

ب ـ مە خوارن ب کچەکێ لێنا. (ئێمە چێشتەکەمان بە کچێك لێنا.)

٦٥) $P^{-} = A^{=} + P$ (بڕوانـە(٦٦)و(١٦١_ب)ی بەشـی یەکـەم و(٦٩)ی بەشـی دووەم.

٦٦) اـ من برنج ژ زەلامێ پیر کڕی. (من برنجەکەم لە پیاوێکی پیر کڕی.)

ب ـ من گوڵ دا کچا جوان. (من گوڵەکەم دایە کچی جوان.)

پێشناوەمۆرفۆسنتاکسییەکان لە(د ك ژ)دا، هـەمان فـۆرمی ئەوانـەی (ش ز س)یـان هەیە، واتە /پێ، تێ، لێ/ ژێ/ چێ / بڕوانە ناوەکردارییـەکانی / تێکـەڤتن، تێکـرن، لێکرن، لێدان،پێگۆتن،پێمان/، بـەڵام هـەمان ئاکـاری سینتاکـسیی ئەوانـەی (ش ز س) و(ش ز ھ) یان هەیە (بڕوانـە(٦٧)) و (١٧٨)ی بەشـی یەکـەم و (٧٠)ی بەشـی دووەم.

٦٧) اـ من بەر ئێخستە د حەوزێدە (تێخستن) (من بەردەکەم خستە حەوزەکەوە.)

ب ـ مە خوارن بژنکێ چێکر. (پێچێکرن) ئێمە چێشتەکەمان بە ژنەکە لێنا.)

### ٢/٣- ٦) فریزی ئاوەڵکرداریی

٦٨) ADVERB P = ADVERB (بڕوانە(٦٩)) و (١٧٣)ی بەشی یەکەم و (٧٢)ی بەشی دووەم.

٦٩) ئازاد زوو / درەنگ هاتەڤە.

٧٠) ADVERB P = A⁻ (بڕوانە(٧١)) و(١٥٥)ی بەشی یەکەم و(٧٤)ی بەشی دووەم.

٧١) اـ ئازاد جوان یاریێ دکەت.

ب ـ ئازاد زۆر جوان یاریێ دکەت.

٧٢) ADVERB P = N⁻ + N⁻ (بڕوانە(٧٣)) و (١٧٠)ی بەشی یەکەم و(٧٦)ی بەشی دووەم

٧٣) ا ـ خوینکار دوو دوو / دووکەس دووکەس دچنە پۆلێ.

ب ـ کچ پۆل پۆل هاتنەڤە.

پێشگرەئاوەڵکردارییەکان لە(د ك ژ)دا بریتین لە(دا، هەڵ، دەر) لە ناوەکردارییەکانی /داگرتن، دابەزین، داچوون، هەلدان، هەلچوون، دەرخستن، دەرهینان/دا دەرکەوتوون. ئەم پێشگرە ئاوەڵکرداریيانە وەك ئەوانەی (ش ز س)و (ش ز ھ) لەئاستی مۆرفۆلۆژییدا بە ناوەکردارییانەوە لکاون و لە ئاستی سینتاکسیشدا، بەهەمان شێوە دەردەکەون و جێکەوتەکەشیان چەسپاوە. (بڕوانە(٧٤)) و(١٧٧)ی بەشی یەکەم و (٧٧)ی بەشی دووەم.

٧٤) ا ـ دیوار داچوو. (دیوارەکە داچوو.)

ب ـ من ئاڤ ژ حەوزێ دەرئینا. (من ئاوەکەم لەحەوزەکە دەرهێنا.)

دەربڕاوەئاوەڵکردارییەکانی (ش ك ژ)، وەك ئەوانەی (ش زس) و (ش ز ھ) رەفتاری سینتاکسی دەکەن (بڕوانە(٧٥) و (٧٦)) و (١٨٠) و (١٨١)ی بەشی یەکەم و (٧٨) ،(٧٩)ی بەشی دووەم

٧٥) ا ـ هێشتا کوڕی کچ نەدیتیە. (هێشتا کوڕەکە کچەکەی نەدیوە.)

ب ـ هێشتا کوڕی کچ نەدیتیە.

پ ـ کوڕی هێشتا کچ نەدیتیە.

ج ـ کوڕی کچ هێشتا نەدیتیە.

٧٦) من هەرگیز ل بازاڕێ نان نەخوارییە. (من هەرگیز لە بازاڕ نانم نەخواردووە.)

فرێزە ئاوەڵکرداریی و پێشناوییەکانی (د ك ژ) کاتێك لـە رسـتەیەکدا پێکـەوەدێن، هەمان سەرەو ریزبـوونی ئەوانـەی (ش ز س) و (ش ز ه)یـان هەیـە (بڕوانـە(٧٧)) و (١٦٥)ی بەشی یەکەم و (٨٠)بەشی دووەم.

٧٧) بکەر + ئاوەڵکرداری کاتیی + ئاوەڵکرداری شوێنیی + بەرکاری راسـتەوخۆ + بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کردار (بڕوانە(٧٨)) و (١٦٦)ی بەشی یەکـەم و (٨١)بەشـی دووەم.

٧٨) ا ـ من دوهیێ ل بازاڕێ کراس بئەرزان کڕی. (من دوێنێ لە بازاڕ کراسەکەم بـە هەرزان کڕی.)

ب ـ ئەم ئێڤاریان ل مالا خوە پێکەڤە دروینین. (ئێمە ئێـواران لـەماڵی خۆمـان پێکەوە کۆدەبینەوە.)

### ٢/٣– ٧) **فرێزی کرداریی**

ا) کرداری تێپەڕ

٧٩) $V^- = V + N^-$ (بڕوانـە(٨٠)) و (١٨٣_ا)ی بەشـی یەکـەم و (٨٣)ی بەشـی دووەم

٨٠) من ئازاد دیت. (من ئازادم بینی.)

٨١) $V^- = V^- + D^-$ (بڕوانـە(٨٢)) و (١٨٣_ا)ی بەشـی یەکـەم و (٨٥)ی بەشـی دووەم.

٨٢) من کوڕ دیت. (من کوڕەکەم بینی.)

٨٣) $V^- = V^- + A^=$ (بڕوانـە(٨٤)) و(١٨٦)ی بەشـی یەکـەم و (٨٧)ی بەشـی دووەم.

٨٤) من کوڕەکی زیرەك دیت. (من کوڕێکی زیرەکم بینی.)

ب) کرداری تێنەپەڕ

٨٥) $V^- + (P^-) + (N^-)$ (بڕوانە(٨٦)) و(١٩١)ی بەشی یەکەم و(٨٩)ی بەشی دووەم.

٨٦) (ئەز) (ل سەربانێ) نڤستم. (من لە سەربان نوستم.)

٣)کرداری ناتەواو

٨٧) DEFECTIVE VERB + N⁻ (بڕوانــە(٨٨)) و(١٩٢ـــا)ی بەشــی یەکــەم و (٩١)ی بەشی دووەم.

٨٨) اـ ئازاد خویندکارە.   ب ـ نەسرین مامۆستایە.

٨٩) DEFECTIVE VERB + A⁻ (بڕوانــە(٩٠))و(١٩٢ـــب)ی بەشــی یەکــەم و (٩٣)ی بەشی دووەم.

٩٠) اـ نەسرین زیرەکە.   ب ـ ئازاد ئازایە.

٩١) DEFECTIVE VERB + P⁻ (بڕوانــە(٩٢)) و(١٩٢ـــپ)ی بەشــی یەکــەم و(٩٥)ی بەشی دووەم.

٩٢) مالا مامێ من ل هەولێرێ یە. (ماڵی مامی من لە هەولێرە.)

٩٣) DEFECTIVE VERB + ADVP⁻ (بڕوانـە(٩٤))و(١٩٢ـــت)ی بەشـی یەکـەم و(٩٧)ی بەشی دووەم

٩٤) اـ ژ خەو رابن، درەنگە. (لە خەو هەڵسن، دڕەنگە.)

ب ـ نەچن بو خویندنگەهێ هیشتا زویە. (نەچن بۆ قوتابخانە هێشتا زووە.)

٩٥) DEFECTIVE VERB + Q⁻ (بڕوانە(٩٦)) و(١٩٢ـــج)ی بەشی یەکـەم و(٩٩)ی بەشی دووەم.

٩٦) اـ برنج پیچەك بـوو. (برنجەکـە تۆزێـك بـوو.)   ب ـ ئـاڤ فـرەك بـوو. (ئاوەکـە قومێك بوو.)

٩٧) DEFECTIVE VERB + D⁻ (بڕوانــە(٩٨))و(١٩٢ـــچ)ی بەشــی یەکــەم و (١٠١)ی بەشی دووەم.

٩٨) اــ ئەڤـە ئـەو کتێبـە. (ئەمـە کتێبەکەیـە.)   ب ـ ئەڤـە ئـەو کـوڕە. (ئەمـە کوڕەکەیە.)

کــردەی شــکانەوەی جێنــاوی کەســی بکــەریی و بــەرکاریی لــەناو دروســتەی مۆرفۆسینتاکسی فرێزی کرداریی لە(ش زس ) و (ش ز ھ)دا دەستنیشانکران ، بەڵام هەمان پرۆسـە لـە چـێوەی فرێـزی کردارییـ (د ك ژ)دا ئـەنجامنادرێت، هـەروەك لـە

پەراوێزی پێنجەمدا ئاماژەی پێدرا، دەستەی جێناوی لکاوی بەرکاریی هەبوونی نییە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێکەوتنی نێوان کەرەسەپەیوەندیدارەکانی ئەودیالێکتە، بەتایبەتی لە ڕستەیەکدا ،کە کردارەکەی رابردووی تێپەڕبێت، ڕێکەوتنی بەرکار و کردار وایکردووە ،کە بەرکار لە دروستەی سینتاکسییدا دەرنەبڕدرێت، سەبارەت بە بکەری ئەم جۆرە رستانەیش، لەبەرئەوەی هەمیشە ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کرداردا نییە، دەربڕینی بکەر خورتییە (بڕوانە(٩٩)). هەمان کردە بۆ کرداری رانەبردووی کارێکی پێچەوانەیە (بڕوانە(١٠٠)). کەواتە گشت ئەو دروستەمۆرفۆسینتاکسییانەی لە بەشی یەکەم و دووەمدا بۆ (ش ز س) و (ش ز ه) خرانەڕوو، لە (د ك ژ)دا دروستەی سینتاکسیین. لە (١٠٥ ـ ١٤٨ )دا ئەو دروستانە بە کەرەستەی سینتاکسیی دەنوێنرێن.

٩٩) ا ـ من سێڤ خوارن. ←ب ـ من (pro) خوارن. (من سێوەکانم خوارد.)
j j j j

١٠٠) ا ـ ئەز سێڤان دخوم. ←ب ـ (pro) سێڤان دخوم. (من سێوەکان دەخۆم.)
j j j j

لە (٩٩_ا)دا بەرکار{سێڤ} لە رووی فۆرمەوە وەك تاك دەردەکەوێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کۆیە، چونکە ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ کردارەکەدا دەرکەوتنی مۆرفێمی/ ـ ان/ی بە شێوەیەکی بنجیی کەمبەها کردووە، لەبەرئەوەی ڕێکەوتنەکە نییە، ئەو دیاریدەیە لە (١٠٠_ا)دا بەدیناکرێت.[٧٧]

ا) کرداری سادە

١) کرداری تێنەپەڕ

١٠١) ا ـ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٠٢))و(١٩٥)ی بەشی یەکەم و(١٠٥)ی بەشی دووەم.

١٠٢) چووم، نڤستم.

ب ـ کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٠٣)) و (١٩٦)ی بەشی یەکەم و (١٠٣)ی بەشی دووەم.

---

٧٧) لەلای فەرەیدوون عەبدول محەمەد ، دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی مۆرفێمی / ـ ان/ی کۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە ، کە ناوەکە کەوتبێتە دۆخەوە (چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٥ لە زانکۆی سلێمانیی).

١٠٣)دچم، دنڤم
پ ـ  كاتى داهاتوو (بڕوانه(١٠٤))
١٠٤) دێچم، دێنڤم.
٢) كردارى تێپەڕ
١٠٥) اـ كـاتى رابـردوو، بڕوانـه(١٠٦)و (١٩٨)ى بەشـى يەكـەم و(١٠٩)ى بەشـى دووەم.
١٠٦)  من هەنارتن، من خوارن، من ئينان (ناردمن، خواردمن، هێنامن)
ب ـ  كاتى رانەبردوو (بڕوانـه(١٠٧)) و (١٩٩)ى بەشـى يەكـەم و (١١٠)ى بەشـى دووەم.
١٠٧) وان دهنێرم، وان دخوم، وان دئينم (دەياننێرم، دەيانخۆم، دەيانهێێنم)
پ ـ  كاتى داهاتوو (بڕوانه(١٠٨))
١٠٨) وان دێهنێرم، وان دێخوم، وان دێئينم

ب) كردارى ئالۆز
١٠٩) اـ كاتى رابردوو (بڕوانه(١١٠)) و (٢٠١)ى بەشى يەكـەم و (١١٢)ى بەشـى دووەم.
١١٠) من پێزانى، من لێنا (پێمزانى، لێمنا)
ب ـ كـاتى رانـەبردوو (بڕوانـه(١١١)) و (٢٠٢)ى بەشـى يەكـەم و (١١٣)ى بەشـى دووەم.
١١١) پێدزانم، لێدنێم (پێيدەزانم ،لێيدەنێم)
پ ـ كاتى داهاتوو (بڕوانه(١١٢))
١١٢) دێپێزانم، دێلێنم.
١١٣) اـ كاتى رابردوو (بڕوانه(١١٤)) و (٢٠٤)ى بەشى يەكـەم و (١١٥)ى بەشـى دووەم.
١١٤) مە سوركرن، مە كێمكرن (سورمانكردنەوە، كزمانكردنەوە.)
ب ـ كـاتى رانـەبردوو (بڕوانـه(١١٥)) و (٢٠٥)ى بەشـى يەكـەم و (١١٦)ى بەشـى دووەم.

١١٥) سوردكين، كێمدكين (سوريانده‌كه‌ينه‌وه‌، كزيانده‌كه‌ينه‌وه‌.)
پ ـ كاتى داهاتوو (بڕوانه(١١٦))
١١٦) دێسوركين، دێكێمكين
١١٧) اـ كاتى رابردوو (بڕوانه(١١٨)) و (٢٠٧)ى به‌شى يه‌كه‌م و (١١٨)ى به‌شى دووه‌م.
١١٨) مه‌ ده‌ستێ وان گرت، مه‌ چاڤێ وان گرت (ده‌ستمانگرتن، چاومانگرتن)
ب ـ كاتى رانه‌بردوو (بڕوانه(١١٩)) و (٢٠٨)ى به‌شى يه‌كه‌م و (١١٩)ى به‌شى دووه‌م.
١١٩) ده‌ستێ وان دگرين، چاڤێ وان دگرين (ده‌ستيانده‌گرين، چاويانده‌گرين)
پ ـ كاتى داهاتوو (بڕوانه(١٢٠))
١٢٠) دێده‌ستێ وان گرم، دێچاڤێ وان گرم.
١٢١) اـ كاتى رابردوو (بڕوانه(١٢٢)) و (٢١٠)ى به‌شى يه‌كه‌م و (١٢١)ى به‌شى دووه‌م.
١٢٢) من هه‌ڵواسين، من دائێخستن (هه‌ڵمواسين، دامخستن)
ب ـ كاتى رابردوو (بڕوانه(١٢٣)) و(٢١١)ى به‌شى يه‌كه‌م و (١٢٢)ى به‌شى دووه‌م.
١٢٣) وان هه‌لدواسم، وان دادئيخم (هه‌ڵيانده‌واسم، دايانده‌خه‌م)
پ ـ كاتى داهاتوو (بڕوانه(١١٣))
١٢٤) دێهه‌لواسم، دێدائيخم.
١٢٥) اـ كاتى رابردوو (بڕوانه(١٢٦)) و (٢١٣)ى به‌شى يه‌كه‌م و (١٢٤)ى به‌شى دووه‌م.
١٢٦) من پێتێگرتن، من پێتێكردن، من پێلێنان (پێمتێگرتن، پێمتێكردن، پێملێنان)
ب ـ كاتى رانه‌بردوو (بڕوانه(١٢٧)) و (٢١٤)ى به‌شى يه‌كه‌م و (١٢٥)ى به‌شى دووه‌م.
١٢٧) پێتێدگرم، پێتێدكه‌م، پێليدينم (پێيانتێده‌گرم، پێيتێده‌كه‌م، پێيلێده‌نێم)
پ ـ كاتى داهاتوو (بڕوانه(١٢٨))
١٢٨) دێپێتێگرم، دێپێتێكر، دێپێلينم.

١٢٩) اـ كاتی رابردوو (بڕوانه(١٣٠)) و(٢١٦)ی بەشی یەکەم و (١٢٧)ی بەشی دووەم.
١٣٠) من پێهەلگرتن، من پێداگرتن (پێمهەڵگرتن، پێمداگرتن )
ب ـ کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٣١)) و (٢١٧)ی بەشی یەکەم و (١٢٨)ی بەشی دووەم.
١٣١) پێهەلدگرم، پێدادگرم ( پێیانهەڵدەگرم، پێیاندادەگرم)
پ ـ کاتی داهاتوو (بڕوانە(١٣٢))
١٣٢) دێپێهەلگرم، دێپێداگرم
١٣٣) اـ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٣٤)) و (٢١٩)ی بەشی یەکەم و (١٣٠)ی بەشی دووەم.
١٣٤) من دەستپێکرن، من پشتتێکرن (دەستمپێکردن، پشتمتێکردن)
ب ـ کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٣٥)) و (٢٢٠)ی بەشی یەکەم و (١٣١)ی بەشی دووەم.
١٣٥) دەستپێدکەم، پشتتێدکەم (دەستیانپێدەکەم، پشتیانتێدەکەم)
پ ـ کاتی داهاتوو (بڕوانە(١٣٦))
١٣٦) دێدەستپێکەم، دێپشتتێکەم
١٣٧) اـ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٣٨)) و(٢٢٢)ی بەشی یەکەم و(١٣٣)ی بەشی دووەم.
١٣٨) من پێدان سورکرن، من پێکێمکرن (پێمسورکردنەوە، پێمکزکردنەوە)
ب ـ کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٣٩))و(٢٢٣)ی بەشی یەکەم و(١٣٤)ی بەشی دووەم.
١٣٩) پێسوردکەم، پێکێمدکەم (پێیانسوردەکەمەوە، پێیانکزدەکەمەوە)
پ ـ کاتی داهاتوو (بڕوانە(١٤٠))
١٤٠) دێپێسورکەم، دێپێکێمکەم
١٤١) اـ کاتی رابردوو (بڕوانە(١٤٢))و(٢٢٥)ی بەشی یەکەم و(١٣٦)ی بەشی دووەم.
١٤٢) من دەست پێگەرمکرن، من چاڤ لێسورکرن. (دەستم پێگەرمکردنەوە، چاوم لێسورکردنەوە)

ب - كاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٤٣))و(٢٢٦)ی بەشی یەکەم و(١٣٧)ی بەشی دووەم.

١٤٣) دەست پێگەرمدکەم، چاڤ لێسوردکەم (دەستیانپێگەرمدەکەمەوە، چاویانلێسوردەکەمەوە)

پ - کاتی داهاتوو (بڕوانە(١٤٤))

١٤٤) دێدەست پێگەرمکەم، دێچاڤ لێسورکەم

١٤٥) ا- کاتی رابردوو (بڕوانە(١٤٦)) و (٢٢٨)ی بەشی یەکەم و(١٣٩)ی بەشی دووەم.

١٤٦) من دەستژێبەردان ، من چاڤلێداگرتن (دەستملێبەردان، چاوملێداگرتن)

ب - کاتی رانەبردوو (بڕوانە(١٤٧))و(٢٢٩)ی بەشی یەکەم و(١٤٠)ی بەشی دووەم.

١٤٧) دەستژێبەرددەم، چاڤلێدادگرم (دەستیانلێبەردەدەم، چاویانلێدادەگرم)

پ - کاتی داهاتوو (بڕوانە(١٤٨)).

١٤٨) دێدەستژێبەردەم، دێچاڤلێداگر

## ٢/٣- ٨) فرێزی خستنەتەکیەك

CO-ORDINATE P = X' + CONJ + X' (١٤٩

یاسای ژمارە (١٤٩) بۆ(د ك ژ)ش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەتەگۆرییەسینتاکسیە چوونیەکەکان دەخرێنەتەکیەك (بڕوانە(١٥٠))و(٢٣١)ی بەشی یەکەم و(١٤٢)ی بەشی دووەم.

١٥٠) ا- کچەك جوان و کچەك زیرەك د پولامە دانە. (کچێکی جوان و کچێکی زیرەك لە پۆلەکەی ئێمە دان.)

ب ــ مە ل سلێمانییێ و ل هەولێرێ کەسوکارێت هەین. (ئێمە لە سلێمانی و لە هەولێر کەسوکارمان هەیە.)

پ ــ من نامە دراند و من نامە سوت. ( نامەکەم دڕاند و نامەکەم سوتاند.)

ت ــ یانەیا کەرکوکێ و یانەیا سلێمانییێ دێیاریێکەن. (یانەی کەرکوك و یانەی سلێمانی یاریدەکەن.)

ج ــ دەستێ من و پیێ من شکەستن. (دەست من و قاچی من شکان. )

چ ــ من كورسييەك و مێزەك كڕین. (كورسییەك و مێزێكم كڕی.)

دەرخراو و دەرخەرەكان، واتە سەری واتایی و سەرە ڕێزەمانیی و مۆرفێمی دۆخ و توخمە دووبارەبووەكانی (١٥٠) لە (١٥١)دا لادەبرێن.

١٥١) ا- كچەك جوان و زیرەك د پولامە دایە.
ب ــ مە ل سلێمانی و هەولێرێ كەسوكارێت هەین.
پ ــ من نامە دراند و سوت.
ت ــ یانەیا كەركوك و سلێمانییێ دێیارییێكەن.
ج ــ دەست و پێت من شكەستن.
چ ــ من كورسی و مێزەك كڕین.

## ٣/٣) جیاوازیی نێوان دروستەی چەشن و جۆرەكانی فرێز لە شێوازەكاندا

دروستەی چەشن و جۆرەكانی فرێزی بەشی یەكەم و دووەم، بەپێی ئەویاسایانەی بۆ (ش ز س) و(ش ز ه) دەستكەوتن، بەسەر (د ك ژ)شدا تاقیكرانەوە. (د ك ژ) بەشێوەیەكی گشتیی بەپێی هەمان یاسا و مۆدێل دروستەی فرێزەكانی بەرهەمدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم جیاوازییانەی خوارەوە هەن:
١) دروستەی فرێزی خستەپاڵی ناویی و ئاوەڵناویی لە (د ك ژ)دا دروستەیەكی واتایی و دروستەیەكی سینتاكسییان هەیە، ئەمیش دەگەڕێتەوەی بۆ ئەوەی، كە بەشی یەكەمی ئەو جۆرە فرێزانە مۆرفێمی تایبەت بەخۆیان بەپێی توخمەكەیان پێوە دەلكێت، واتە مۆرفێمی خستنەپاڵ لەو دیالێكتەدا لەیەككاتدا كردەی دەرخستنی توخم و خستنەپاڵیش ئەنجامدەدات، بەڵام مۆرفێمی خستنەپاڵ لە (ش ز س) و (ش ز ه)دا تەنیا كردەی خستنەپاڵ ئەنجامدەدەن، بۆیە لە رووی دروستەوە سەر بەكەرتی دووەمن (بڕوانە(١٥٢)). لە (ش ز ه) و(د ك ژ)دا دروستەی خستنەپاڵی فرێزی ناویی و دەستەواژیلەی سینتاكسیی ناویی، هەرچەندە بەپێی یاسای سەركۆتایی زمانی كوردیی ئاراستەی كوكمكردنەكەیان لە چەپەوە بۆ راستە، بەڵام مۆرفێمی

دۆخی خستنەپاڵ، لەسەر سەرە ڕێزمانییەکە دەردەکەوێت، نەك سەرە واتاییەکە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ا) مۆرفێمی دۆخ لە کۆتایی فرێزەناوییەکاندا دەردەکەوێت. (ب) مۆرفێمەکانی / ــ ی/ و / ــ ێ/ جگە لەوەی نیشانەی دۆخ دەنوێنن، تووخمی دەرخەرەکەش دەردەخەن (بڕوانە(١٠، ٤٢)) و (٩٩)،(١١٥)،(١٢٠)ی بەشی یەکەم و (٨)،(٤٢)،(٥٦)ی بەشی دووەم.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی (٤٦ـپ)و (٥٠ـپ)ی بەشی دووەم لەگەڵ یاسای پێدانی دۆخی خستنەپاڵدا ڕۆشتووە، واتە نیشانەی دۆخەکە لەسەر دەرخراوەکە دەرکەوتووە.

١٥٢) ا ـ کوڕێ تە ب ـ کچا تە

پ ـ کوڕێ زیرەك ت ـ کچا زیرەك

مۆرفێمەکانی (ێ، ا) لە (١٥٢)دا لە ڕووی واتاوە سەر بەکەرتی یەکەمی فرێزەکەن، بەڵام لە ڕووی سینتاکسەوە سەربە کەرتی دووەمن.

٢) (د ك ژ) دروستەی شکانەوەی بکەر و بەرکار (مۆرفۆسینتاکس)ی نییە، بەڵکو لەو دیالێکتەدا بەرهەمی زمانیی بە پرۆسەسینتاکسییەکان دەستدەکەون (بڕوانە(١٠٥ـ ١٤٨)) و (١٩٤ ـ ٢٢٩)ی بەشی یەکەم و (١٠١ ـ ١٤٠)ی بەشی دووەم.

٣) (د ك ژ) بە هەمان شێوەی (ش ز ه) ئەرگەتیڤییە[٧٨] و ئەویش لە ڕستەیەکدا هەیە، کە کردارەکەی ڕابردووی تێپەڕ بێت (بڕوانە(٩٩ـا))و (١٤٨ـا)ی بەشی دووەم. واتە ئەرگەتیڤیی لە ڕستەیەکدا نییە، کە کردارەکەی ڕانەبردووی تێپەڕ بێت (بڕوانە١٠٠ـا) و (١٤٨ـب)ی بەشی دووەم. لە دروستەی ناوەوەی فرێزەکانی ئەم دیالێکتەدا ڕێکەوتن هەیە و کاری لە دروستەی فرێزەکان کردووە، بۆ نموونە وەك ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان وشەی نیشانە و دەرخراوەکەیدا دەردەکەوێت (بڕوانە(١٥٣)) و(٦٨,٦٧)ی بەشی یەکەم و(٢،٣)ی بەشی دووەم. ڕێکەوتنی فرێزی ڕادەو فرێزی ناویی سادە (بڕوانە(١٥٤) و (١٥٠ـت ج)ی بەشی دووەم. بەڵام وەك (ش ز س)

---

٧٨) د. فەرەیدون عەبدول محەمەد و م. عادل رشید قادر (٢٠٠٢:٩٥)

ڕێکەوتن لە نێوان دەستەواژیلەی ژمارە و دەرخراوەکەیدا نییە، چونکە مۆرفێمی /ـ ان/ی کـۆ لـە (ش ز س) و (د ك ژ)دا کەمبـەهابووە (بڕوانـە(١٥٥)) و(١٥٠ــچ)ی بەشی دووەم، بەڵام ئەو مۆرفێمە لە (ش ز ھ)دا بەهای خۆی مـاوە(بڕوانـە(١٥٥)) و (١٥٠ــاب)ی بەشی دووەم.

١٥٣) ا ـ ڤي كوڕي (ئەم کوڕە) ب ـ ڤێ بێریڤانێ (ئەم بێریڤانە)
j j j j

پ ـ ڤان جوتیاران (ئەم جوتیارانە)، ت ـ وان مامۆستایان (ئەم مامۆستایانە)
j j j j

١٥٤) ا ـ هەمی کوڕان (هەموو کوڕەکان)، ب ـ هەمی کچان (هەموو کچەکان)
j j j j

١٥٥) دوو کوڕ، سێ کچ

٤) دروستەی فرێزەکانی(د ك ژ) لە پارەکانی پێشوودا لە دەرەوەی رستەدا خرانەڕوو، ئەویش بۆ زانینی دروستە بنەڕەتییەکەیان بوو. چـونکە جێکەوتـە لـە(د ك ژ)دا وەك (ش ز ھ)، بـەپێی تـوخمی فرێزەکـە مـۆرفێمی تایبـەتیی لەسـەر دەردەخـات، ئـەو مۆرفێمەش لەیەککاتدا نیشانەی توخم و دۆخیشە، بۆ نموونە دروستەی فرێزی نـاویی سادە و فرێزی دیارخەریی لە ناوەوەو دەرەوەی رسـتە دروسـتەکانیان وەکیـەك نییـە، لەبەرئەوەی فرێزی نـاویی سـادە و فرێـزی دیارخـەریی لـە بـاری نۆمنەتیڤییـدا و لـە رستەیەکدا ،کە کردارەکـەی رابـردووی تێپـەڕ بێـت، نیـشانەی دۆخییـان دێتەسـەر و نیـشانەکە بـۆ تـوخمی نێـر مـۆرفێمی / ــ ی/یــە و بـۆ تـوخمی مـێش / ــ ێ/یــە (بڕوانە(١٥٦)) و (٩) بەشی یەکەم و (١٥١)ی بەشی دووەم.

١٥٦) اـ نەوزادي نان خوار. (نەوزاد نانی خوارد.)

ب ـ خەرمانێ نان خوار. (خەرمان نانی خوارد.)

پ ـ کوڕەکي نان خوار. (کوڕێك نانی خوارد.)

ت ـ کچەکێ نان خوار. (کچێك نانی خوارد.)

بەڵام دروستە خستنەپاڵ لە (د ك ژ)دا، بەتایبەتی دروستەی دەستەواژیلەی نـاویی و فرێزی ناویی، لەناوەوە و دەرەوەی رسـتەدا نیـشانەی دۆخیـان لەسـەر دەردەکـەوێت.

نیشانەی دۆخەکەیان بەدروستەکەوەیە (بڕوانە(١٥٧)) و(٤٢)،(٥٤)،(٥٦)ی بەشی دووەم.

١٥٧) دەستێ ئازادی ← ئەز دێ دەستێ ئازادی گرم.

فرێزی ناویی و دیارخەریی (د ك ژ)، گەر کردارەکە رانەبردووی تێپەڕ بێت، لە ئەکوزەتیڤییدا نیشانەی دۆخ وەردەگرن و لە نۆمنەتیڤیدا نیشانە وەرناگرن (بڕوانە(١٥٨))و(١٥٣)ی بەشی دووەم. لەلایەکی دیکەوە فرێزی ناویی و دیارخەریی لە داتیڤیدا مۆرفێمی دۆخ وەردەگرن[٧٩](بڕوانە(١٥٩))و(١٥٤)ی بەشی دووەم.

١٥٨) ا ـ نەوزاد ئازادی دبینت. (نەوزاد ئازاد دەبینێت.)

ب ـ نەسرین خەرمانێ دبینت. (نەسرین خەرمان دەبینێت.)

پ ـ میران کوڕەکی دبینت. (نەوزاد کوڕێك دەبینێت.)

ت ـ خەرمان کچەکێ دبینت. (خەرمان کچێك دەبینێت.)

١٥٩) ا ـ من دیارییەك بۆ ئازادی هەنارت. (من دیارییەکم بۆ ئازاد نارد.)

ب ـ من دیارییەك بۆ خەرمانێ هەنارت. (من دیارییەکم بۆ خەرمان نارد.)

پ ـ من دیارییەك بۆ کوڕەکی هەنارت. (من دیارییەکم بۆ کوڕێك نارد.)

ت ـ من دیارییەك بۆ کچەکێ هەنارت. (من دیارییەکم بۆ کچێك نارد.)

٥) یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکانی ئەم دیالێکتە، لەگەڵ هەردوو شێوەزارەکەی تردا، ئەوەیە ،کە جگە لە مۆرفێمی کاتی رانەبردوو، هی کاتی داهاتووشی هەیە (بڕوانە١٠٤)). مۆرفێمی کاتی داهاتوو لە بنەڕەتدا هەمان جێکەوتەی سینتاکسیی کاتی رانەبردووی هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە مۆرفێمی داهاتوو لە نێوان خۆی و رەگی رانەبردوودا زیاتر لە جێکەوتەیەك بۆ فرێزی ناویی بەرکاریی و فرێزی پێشناویی جێدەهێڵێت. مۆرفێمی کاتی رانەبردوو هیچ جێکەوتەیەك بەجێناهێڵێت (بڕوانە١٦٠)) و لەگەڵ (١٦١)دا بەراوردیانبکە. سەبارەت بە مۆرفێمی رانەبردوو لە(ش ز ه)، بەهەمان شێوەی (د ك ژ) هیچ جێکەوتەیەکی بەتاڵ بەجێناهێڵێت (بڕوانە(١٦٢)، ئەو مۆرفێمە لە (ش ز س)دا لە

٧٩) عادل رەشید قادر (٢٠٠١ : ١٤_١٩) جێکەوتەی دەرکەوتنی دۆخی لە (د ك ژ)دا خستۆتەڕوو.

کرداری رانەبردووی تێنەپەڕدا جێکەوتەیەك بۆ دەربڕاوی ئاوەڵکرداریی (یش) و لە کرداری رانەبردووی تێپەڕیشدا سەرەڕای (یش)، جێکەوتەیەکی تر بۆ جێناوی لکاوی بەرکاریی بەجێدەهێڵێت (بڕوانە(١٦٣).

١٦٠) ا ـ ئەز نانی دێخوم. (من نان دەخۆم.)

ب ـ ئەز دێ نانی خوم. (من نان دەخۆم.)

پ ـ ئەز دێ چاڤێن خو ل وان سور کەم. (من چاویانلێسوردەکەمەوە.)

ت ـ ئەز چاڤێن خو ل وان سور دێکەم.

١٦١) ا ـ ئەز نانی دخوم. (من نان دەخۆم.)

ب ـ *ئەز د نانی خوم.

١٦٢) ا ـ من پەی هەرمانێ ملوو. (من بۆ کار دەچم.)

ب ـ من نان موەروو. (من نان دەخۆم.)

١٦٣) ا ـ دەشکەوم.

ب ـ دەشیفرۆشم.

هەرچەندە لە (د ك ژ)دا بەکارهێنانی رستەیەکی لە جۆری (١٦٠_ا، ت) چالاك نییە، بەڵام مۆرفیمی /دێ ـ/ی کاتی داهاتوو لە بنەڕەتدا بە رەگەکەوە لکاوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە لە رستەی کردار تێنەپەڕدا، ئەو مۆرفیمە بە کردارەکەوە دەلکێت (بڕوانە(١٦٤)). بە رای ئێمە هۆی جێگۆڕکێکردنی ئەم مۆرفێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە جگەلەوەی وەك مۆرفێمێکی کاتی داهاتوو بەکاردێت، توانای ئەوەشی هەیە ،کە هەڵسوکەوتی سینتاکسیی دەربڕاوەئاوەڵکردارییەکانی هەبێت، چونکە دەتوانێت دەربڕی کاتی کرداری ناو بەشەکردار و گشت بەشەکردارەکەش بێت (بڕوانە(١٦٥)).

١٦٤) ا ـ ئەز دچم.(کاتی رانەبردوو) ( من دەڕۆم.)

ب ـ ئەز دێچم. (کاتی داهاتوو) ( من دەڕۆم.)

١٦٥) ا ـ ئەز نامەی دێ نڤیسم. (من نامە دەنووسم.)

ب ـ ئەز دێ نامەی نڤیسم. (من نامە دەنووسم.)

لە هەردوو (ش ز س) و (ش ز ه)دا مۆرفێمێك نییە، کە ئاماژە بێت بۆ دەمی داهاتوو، بەڵکو لە ئاستی سینتاکسدا ،بە هۆی فرێزی ئاوەڵکرداریی کاتەوە، داهاتوو دەستنیشاندەکرێت (بڕوانە(١٦٦_ا) و بەهەمان واتاوە لەگەڵ (١٦٦_ب)بەراوردیانبکە.

١٦٦) ا ـ من سبەینێ دەچم بۆ سەیران.

ب ـ من ساعبی ملوو پەی سەیرانی.

مۆرفێمی کاتی داهاتوو لە (د ك ژ)دا خاوەنی نیشانەی [ ـ دیاریکراویی]ە، بۆیە بەهۆی فرێزی ئاوەڵکرداریی داهاتووەوە نیشانەی [ +دیاریکراویی]پێدەبەخشرێت (بڕوانە (١٦٧)).

١٦٧) ئەز سبەهی دێ ئازادی بینم. (من سبەینێ ئازاد دەبینم.)

فرێزی ئاوەڵکرداریی لە گشت زمانەکاندا، کەتەگۆرییەکی ئازادە و دەتوانرێت جێگۆڕکێی پێبکرێت [٨٠]. لە (١٦٧)دا دەردەکەوێت، کە جێگۆڕکێپێکردنی مۆرفێمی / دێ ـ/، ئازادیی فرێزی ئاوەڵکرداریی {سبەینێ} لە بەشەکردارەکەدا ناهێڵێت (بڕوانە(١٦٨)).

١٦٨) ا ـ*ئەز دێ سبەهی نانی خوم.

ب ـ *ئەز دێ نانی سبەهی خوم.

---

٨٠) وانەکانی خوێندنی باڵای محەمەدی مەحویی (٢٠٠٥)

# ئەنجام

١) دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، کە هەشت چەشنی وەك (فرێزی دیارخەریی، فرێزی ناویی، فرێزی ئاوەڵناویی، فرێزی پێشناویی، فرێزی رادە، فرێزی ئاوەڵکرداریی، فرێزی کرداریی، فرێزی خستنەتەکیەك)ن، فرێزی ناویی چەند جۆرێکی وەك (فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی رووت و زگماکیی، فرێزی خستنەپاڵی تایبەتیی)ن، فرێزی ئاوەڵناوییش دوو جۆرە، کە (فرێزی ئاوەڵناویی سادە و فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی)ن، هەریەك لەو دروستانە بەهەمان یاسا لە (ش ز س)، (ش ز ه) و (د ك ژ)دا بەرهەمدەهێنرێن، بەڵام بڕوانە (٣ــ ج).

٢) فرێزی دیارخەریی لە زمانی کوردیدا هەیەو لە رووی دروستەوەو بە هۆی شکانەوەی لەناو چەشن و جۆرەکانی دیکەی فرێزەکاندا، خۆی لە فرێزی ناویی جیادەکاتەوە.

٣) (ش ز س)،(ش ز ه)و (د ك ژ) تەنیا لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە جیاواز نین، بەڵکو لە رووی مۆرفۆسینتاکسیشەوە جیاوازییان هەیە، وەك:

ا ـ نەبوونی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی لە (د ك ژ)دا. سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی کرداری سادەی (ش ز ه)و (ش ز س)دا جیاوازن.

ب ـ مۆرفێمی کاتی رانەبردوو، لە شێوەزارەکاندا هەمان نیشانەی سینتاکسییان هەیە، کە رانەبردووە، بەڵام هەمان رەفتاری سینتاکسییان نییە: ئەوەی (ش ز س) دوو جێکەوتە بۆ دەربڕاوی ئاوەڵکرداریی / ــ یش/ و جێناوی لکاوی بەرکاریی بەجێدەهێڵێت.

پ ـ لە (ش ز ه) و (د ك ژ)دا، فرێزەکانی ناویی و خستنەپاڵی ئاوەڵناویی و دیارخەرییش لە بارەکانی نۆمینەتیڤیی و داتیڤیی و ئوکوزەتیڤییدا نیشانەی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت. بەڵام نیشانەی دۆخ لە (ش ز س)دا کەمبەهابووە، چونکە جێکەوتە چەسپاوەکان بارەکان دەردەخەن. مۆرفێمی توخمیش، کە لە (ش ز ه)و (د ك ژ)دا لەسەر فرێزە ناویی دیارە، لە (ش ز س)دا وەك نیشانەیەکی واتایی لەناو فرێزەناوییەکەدایەو کەمبەهابووە.

ت ـ ئەو مۆرفیمەی، کە فریزی خستنەپاڵی ناویی هەرسیّ شێوەزارەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، لە رووی هەڵسوکەوتی سینتاکسییەوە چوونیەکە، بەڵام لە فۆرمدا جیاوازە. مۆرفیمی / ـ ی/ بۆ خستنەپاڵی (ش ز س)یە، / ـ و/ بۆ خستنەپاڵی (ش ز ه)یە، لە (د ك ژ)دا، بە پێی توخمی کەرتی یەکەمی فریزەکە دەگۆڕێت، بۆیە ئەگەر کەرتی یەکەمی نێر بوو ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵ / ـ ێ/یە، ئەگەر مێش بوو ئەوا / ـ ا/یە، کەواتە مۆرفیمی خستنەپاڵی (ش ك ژ) لە رووی واتاوە سەر بەکەرتی یەکەمە و لە رووی دروستەشەوە سەر بەکەرتی دووەمی فریزەکەیە. لە مۆرفیمی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییشدا، هەمان فۆرم لە ئارادایە، بەڵام لە (ش ز ه)دا شێوەکەی دەبێتە / ـ ی/ و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی لە خستنەپاڵی ناویی جودایە.

ج ـ مۆرفیمی ناسراویی / ــ ەکە/ لە هەردوو (ش ز ه) و (ش ز س) خاوەنی فۆرمی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام لە (د ك ژ)دا جێکەوتە پاساوی فریزەدیارخەرەییەکەیە.

٤) شێوەزارەکان بکەر خراون، بەڵام (د ك ژ) بەرکارخراویشە، ئەمەش لە رستەیەکدا روودەدات، کە کردارەکەی رابردووی تێپەڕ بێت، چونکە لەو کاتەدا بەرکار و کردار لە کەس و ژمارەدا رێکەوتوون،(بەڵام بڕوانە نموونەی (٩٩_ا)ی ئەم بەشی سێیەم).

٥) هەرسیّ شێوەزارەکە، بۆ بەرهەمهێنانی فریزەکانیان، کار بە دروستەی دەستەواژەودەستەواژیلە دەکەن، چونکە فریزەکانیان پرۆژەیەکی کراوەن.

٦) لە هەرسیّ شێوەزارەکەدا، وشەی ناو بە نیشانەی [+ گشتیی]ەوە گۆکردنی سینتاکسیی فریزی نابێت، بۆیە ناوی گشتیی بە هۆی قورسایی خستنسەرەوە یان لە رێی دەرکەوتنی لە جێکەوتەی فریزی ناوییدا وەك فریز گۆدەکات.

٧) دەرخەرو دەرخراو لەو شێوەزارانەدا هەمان سەرەوریزبوونیان هەیە. بە پێی یاسای سەرکۆتایی زمانی کوردی، دەرخەرەکانی پێشەوە سەری حکومکەر نین، تەنیا ئەوانەی دواوە لە چەپەوە بۆ راست توانای حوکمکردنیان هەیە، جگە لە فریزی پێشناویی، کە ئاراستەی حوکمکردنەکەی پێچەوانەیە.

# پوخته


هەنگاوەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانە لە پێڕەوی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بەسەر داتاکانی دیالێکت و شێوەزارەسەرەکییەکانی زمانی کوردییدا جێبەجێکراون. لەگەڵ ئەوەیشدا، کە جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە، هاوبەشیی دروستەیی چەشنی فرێزەکانیان، یەکبوونی زمانی کوردیی دەردەخات، بە واتا کە وەکیەکیی و لەیەکچوونی بنەڕەتیی لە نێوان دیالێکت و شێوەزارەکانیدا هەن.

پەیکاڵ لەگەڵ بەشەکانیدا هەشت چەشنی سەرەکیی و چەند جۆرو وەچەجۆرێکی فرێز لە کرمانجی خواروو ـ شێوەزاری سلێمانییدا دەرهێنراون و خراونەتەڕوو، کە جگە لە فرێزی پێشناویی، گشت فرێزەکان بە یاسای سەرکۆتایی دروستبوون. دەرخەرەکانەی پێشەوە سەری حوکمکەر نیین، بۆیە دەرخەرەکانی (ژمارە، پلە، نازناو، ناوی ئاوەڵکرداریی ) بەر لە دەرخراوەکان هاتوون، جگە لە فرێزی رادە ،کە دەرخەری پێشەوەیەو لە ناو فرێزی ناویی و دیارخەریدا شکاوەتەوە. لە دوایشدا داڕشتنی دروستەکان و یاسای هەڵگواستنیان شێوازبەندانە داڕێژراون.

لە بەشی دووەم و سێیەمدا دروستەو داڕشتەو یاساکانی بەرهەمهێنانیان لەگەڵ داتاکانی شێوەزاری هەورامی و دیالێکتی کرمانجی ژووروودا بەراوردکراون و تاقیکراونەتەوە.

لە ئەنجامدا هاوبەشیی گشتیی دروستەو یاساکان لەگەڵ جیاوازیی مۆرفۆلۆژیی و مۆرفۆسینتاکسیی پێشکەشکراون.

# Abstract

The steps of analytic descriptive approach in generative grammar are applied upon the data which are taken from different dialects and sub dialects of the Kurdish language. However, there are differences among them; they share in the constituent of the types of phrases which reflect the unity of the Kurdish language. (I.e. there are basic isomorphs similarities among dialects and sub dialects).

Parallel with the other eight principal types, different kinds and sub kinds of phrases in the southern Kurmanji /sub dialect of Suleimani are investigated and displayed, with exception to the prepositional phrase, all phrases are built by the rule of the head at the end of the phrase. Pre modifiers do not govern the head. Hence, Pre modifiers such as (numbers, degree, and noun-like adverbial) come before modifiers in this the quantitative phrases which are Pre modifiers in the noun and determiner phrases and embedded in them are excluded finally, the constituent structure and their transformational rules and their formula are formalized.

In second and third chapter, the structure and their representative, the generative rules and the data of sub dialect of Hawrami and northern Kurmanji are compared and examined, consequently. General constituents and rules are presented with the variation in different aspects of morphology and morph syntax.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / | یان |
| Ø | مۆرفێمی بەتاڵ |
| ← | دەبێت بە |
| * | نارێزمانی |
| ف ن | فرێزی ناویی |
| [ ] | نیشانەی واتایی |
| { } | فرێز و دەستەواژیلە |
| ش ز س | شێوەزاری سلێمانیی |
| ش ز هـ | شێوەزاری هەورامیی |
| د ك ژ | دیالێکتی کرمانجی ژووروو |
| / / | مۆرفێم |
| / -. .../ | پێشگر |
| /. ... -/ | پاشگر |
| $X^-$ | فرێزی هەمەجۆر |

| | |
|---|---|
| ناوی تایبەتیی کەس | ناوی مرۆڤ |
| ناوی تایبەتیی | ناوی شار و شاخ و ناوچە و. ..... |
| ناوی گشتیی | ناوی گشتی هەردوو جۆرە ناوە تایبەتییەکان |
| Dem. | Demonstrative |
| Det | Determiner |
| DEG | Degree |
| d / det | مۆرفێمی خستەپاڵ |
| $N^{-}$ | فرێزی ناویی سادە (کراوە) |
| $N^{=}$ | فرێزی خستنەپاڵی ناویی (کراوە) |
| $A^{-}$ | فرێزی ئاوەڵناویی سادە(کراوە) |
| $A^{=}$ | فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی (کراوە) |
| A | ئاوەڵناو |
| N | ناو |
| $PP/P^{-}$ | فرێزی پێشناویی |
| ؟؟ | لە رووی رێزمانییە گومانی لەسەرە |
| $D^{-}$ | فرێزی دیارخەریی(کراوە) |
| Adv.P | فرێزی ئاوەڵکرداریی |
| $Q^{-}$ | فرێزی رادە |
| Art | ARTICLE |
| POSS | POSSESSIVE |
| COM | COMPARATIVE |
| CONJ | CONJUNCTION |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئـ | |
| Accusative | ئەکوزەتیڤ |
| Ergative | ئەرگەتیڤ |
| ب | |
| Subject | بەشە بکەر |
| Predicate | بەشە کردار |
| پ | |
| Descriptive | پەسنکەرانە |
| Adjunction | پیاهەڵواسین |
| Degree | پلە |
| Comparative | پلەی بەراورد |
| Superlative | پلەی باڵا |
| ت | |
| Complement | تەواوکەر |
| Binding | تیۆری بەستنەوە |
| Government | تیۆری حوکمکردن |
| ج | |
| Positions | جێکەوتە |
| Kind | جۆر |
| چ | |
| Type | چەشن |
| ح | |
| Governor | حوکمکەر |
| خ | |
| Obligatory | خورتیی |
| Possessive | خاوەنداریی |
| د | |
| Determiner | دیارخەر |
| Structure | دروستە |

| | |
|---|---|
| Dative | داتیڤ |
| Complementary distribution | دابەشبوونی تەواوکەرانە |
| Syntactical coin | دەرکەوتنی سینتاکسیی |
| Adverbial utterances | دەربڕاوی ئاوەڵکردارییی |
| SubPhrase | دەستەواژیلە (پرۆژەی ناوەندیی $X^{-}$ ) |
| Phrase | دەستەواژە (پرۆژەی کراوە $X^{=}$ ) |
| ڕ | |
| Agreement | ڕێکەوتن |
| Quantifier | ڕادە |
| Semantic roles | ڕۆڵی بابەتانە |
| ز | |
| Pro – Drop language | زمانە بکەرخراوەکان |
| س | |
| Optionally | سەرپشکیی |
| Head | سەر |
| Functional head | سەری ڕێزمانیی |
| Semantic head | سەری واتایی |
| ش | |
| Inflection | شکاندنەوە |
| Analysis | شیکاریی |
| ف | |
| Prepositional phrase | فرێزی پێشناویی |
| Determiner phrase | فرێزی دیارخەریی |
| Inherent possessive genitive phrase | فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی زگماکیی |
| genitive phrase | فرێزی خستنەپاڵ |
| possessive genitive phrase | فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداریی |
| Co – Ordinate phrase | فرێزی خستنەتەکیەك |
| proper genitive phrase | فرێزی خستنەپاڵی تایبەتیی |
| Simple noun phrase | فرێزی ناویی سادە |
| Adjective genitive phrase | فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی |
| ق | |

| | |
|---|---|
| Stress | قورسایی خستنەسەر |
| ك | |
| Defective verb | کرداری ناتەواو |
| Lexical category | کەتەگۆری فەرهەنگیی |
| Syntactical category | کەتەگۆری سینتاکسیی |
| Redundant | کەمبەها |
| گ | |
| Function | گۆکردن |
| م | |
| Morph syntax | مۆرفۆسینتاکس |
| ن | |
| Articles | ناسراویی و نەناسراویی |
| Feature | نیشانە (مۆرك) |
| Nominative | نۆمینەتیڤ |
| هـ | |
| Syntactical conduct | هەڵسوکەوتی سینتاکسیی |
| و | |
| Constituent | وەچەپێکهاتە |
| Subcategorization | وەچەڕەگەزدیاریکردن |
| Demonstrative | وشەی نیشانە |
| Subkind | وەچەجۆر |

# سەرچاوەكان


**١– بە زمانی كوردیی:**

**ا– كتێب**

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (وشەسازی)، بەشی دووەم- جێناو- دار الحریە للگباعە، بەغدا، ١٩٨٧

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (وشە سازی)، بەشی چوارەم ژمارەو ئاوەڵكردار، دار الحریە للگباعە، بەغدا، ١٩٨٨

٣. صادق بهاو الدین ئامێدی، رێزمانا كوردی، چاپا یەكێ، چاپخانەی دارالشۆن الپقافیە العامە، بەغدا، ١٩٨٧

٤. محەمەد رەزای باتینی، ئاوڕێكی تازە بۆ سەر رێزمان، چاپ و بڵاوكردنەوە: سوید، وەرگێڕانی لەفارسیەوە: حەسەنی قازی، سوید، ١٩٩٣(ساڵی وەرگێڕان).

٥. محەمەدی مەحویی، رستەسازی كوردیی، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠١

٦. محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر، مۆدێلی رێزمانی كوردی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٤

٧. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤

**ب– نامەی زانكۆیی (بڵاونەكراوە) :**

١. ئازاد ئەحمەد حسێن، ئەركی ئەدڤێربڵ لە فراوانكردنی فرێزی كاریدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١

٢. ئەبو بەكر عومەر قادر، بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لە زمانی كوردی و فارسی دا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣

٣. تارا موحسن قادر، جێناو: لێكدانەوەیەكی نوێ لەزمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤

٤. حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی كاری لەكرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠

٥. شێركۆ حەمەئەمین قادر، مۆرفێمە بەندە لێكسیكی و رێزمانییەكان و ئەركیان لە دیالێكتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢

٦. عادل رەشید قادر، توخم لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١

٧. فەرەیدون عەبدول محەمەد، چەند لایەنێكی رستەسازیی زاری هەورامی، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨

٨.	محەمــەد عومــەر عــەول، دابەشــبوونی کــرداری لێکــدراو لــە رووی دارشــتن و ئەرکــەوە، نامــەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١
٩.	مهاباد کامل عەبدوڵڵا، کار لە کرمانجی ی خـوارو و هــەورامی دا، نامــەی ماجـستێر، کۆلێـژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٦
١٠.	هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد، رێکـەوتنی واتـایی نـاو و ئاوەڵنـاو لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣

**پ– گۆڤار :**

١.	فەرەیدون عەبدول محەمـەد، عـادل رەشـید قـادر، دۆخ لـە کرمـانجیی ژووروودا، گۆڤـاری زانکـۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (٩)، ٢٠٠٢
٢.	محەمـەد مـەعرووف فـەتاح، خۆیـەتی لـە زاری سـلێمانی دا، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق (( دەستەی کورد ))، بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠

**٢– بە زمانی فارسیی :**

- خسرو غلامعلی زاده، ساخت زبان فارسی، مجتمع چاپ ونشر رویداد، چاپ اول، ١٣٧٤

**٣– بە زمانی ئینگلیزیی :**

1. Ahmad, M. F., The Tense and Aspect system in Kurdish, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of philosophy, University of London, London 2004.

2. Burton-Roberts, N., Analysing Sentences, Lancaster University, 1997.

3. Jacobsen, B., Modern transformational grammar, Amsterdam, Netherlands, 1985.

4. Quirk, R. & Greenbaum, S., A University Grammar of English, Hong Kong, 1973.

5. Radford, A., Transformational Syntax, university press: Cambridge, 1988.

6. Radford, A., Syntax: Minimalist introduction, Cambridge University, Cambridge, 1997.

7. Stageberg, N. c., an introductory English grammar, United States of America, 1971.

8. Zeydan, A. I., A Syntactic study of prepositional phrases in the Standard English and Bahdinani Kurdish, Salahdeen Unversity, Hawler, 2002.